# فایل

ئەنوەر حسێن (أ.بازگر)

سلێمانی- ٢٠٠٥

**ناوی کتێب: فایل**

**ناوی نووسەر: ئەنوەر حسێن(أ.بازگر)**

**بابەت: گۆشەی رۆژنامەنوسی**

**نەخشەسازی: شاکار محەمەد فەتاح**

**هەڵەچنی: سەمیرە عەلی حەسەن**

**چاپ: نیان بەکر مەجید**

**ساڵی: ٢٠٠٥-چاپی یەکەم**

**ژمارەی سپاردن: ( )**



**پێشکەشە:**

*** بە ئەو ئەستێرانەی کە شەوانی تاریك رووناك دەکەنەوە و ئەوین دەبەخشن**

*** بە رەووز و کەیوان**

# ( گەرویەك بۆ روحە چە پێنراوەکان )

**زیرەك کەمال**

ئەگەر کاری رۆژنامەنوسی گەڕان بێت بەنێو پانتاییە تاریکەکان و گەڕانێکی پڕ لەمەترسی و هیلاکی بێت بەنێو تونێل و دالانە نەبینراوەکان، ئەوا ( ئەنوەر حوسێن)ی رۆژنامەنوس بەنوێژی نێوەڕۆ چرایەك بەدەستەوە دەگرێت و دەلێت: من بەدوای مرۆڤدا دەگەرێم.

ئەگەر رۆژنامەنوس لەرێگای نوسینی ستوون و ئامادەکرنی رێپۆرتاژو هەواڵ لەرێگای کۆمەڵێك خاڵ و وشەدا داوی دواندن لەسەر هەموو رووبەرە پەنهان و نادیارەکان دابنێت، ئەوا (ئەنوەر حوسێن) دەیەوێت لەپاڵ دواندن، ئەو رووبەرانە، وشەی رۆژنامەنووسی خۆی بکاتە گەرویەك بۆ رۆحە چەپێنراوەکان، بۆ ئەوانەی دەسەلات، تەنها قورگی لێ دەوێن بۆ هەڵهەلەو دەستی لێ دەوێن بۆ چەپلە لێدان، رۆحی ئەم رۆژنامەنووسە، پڕە لەخۆزگەو هیوای جوان و رەنگالەیی.

ئەو خەونێك دەبینێت کەقەلەندەرخانەی بەپیرەمێرد داناو عەبدولخالق مەعروفی بەئاستانەی مەرگ گەیاندو شاکر فەتاحی گەیاندە ژێر پەتی سێدارە، (ئەنوەر) پڕ لەجوڵەو پڕ لەکارو بەخشش، بەلام پێچکەکانی تازەگەری لەنێو هەناوی واقیعی ئێمەدا هێواش هێواش دەڕوات، کەچی ئەو ناوەستێت و بەردەوام دەڕوات و پێش دەچێت بڕوای بەو وتەیە بێت کەدەلێت (ژیان بەرەو هیوا، کۆلنەدانە) و گۆشەی (فایل)یش بەشێکە لەو هەولانە

٢٠٠٥/١١/١٧

هەولێر



# قسەیەکی کورت

**(دڵ تەنگیش، قۆزی خۆی هەیە)**

مرۆڤ کە دەستدەداتە کارێك، دەیەوێت هەرچی جوانیەکانە بۆ خۆی بەرێت و سەرکەوتنێکی حەتمی مسۆگەربکات، بەتایبەتی گەر هاتوو ئەو کارەی دەستیدەداتێ لەپێناو جوانی و ستایشکردنی خودی ژیاندابێت. ئەمکارەی منیش، راستەو راست هەر ئەمە ئامانجیەتی، بۆیە ماوەیەکی زۆرو پاش چەندین جار ماندوبوون و خۆ خەریکردن و گلەییلێکردن و جنێودان و لێپرسینەوەو نارەزایی، تەنانەت دژایەتیش، بەلام هەرگیز ئەوانە نەبوونە رێگر لەبەردەم کارەکەمدا.

من نالێم شاکارێکی پڕ لە ئەفراندنم خستۆتەوە، بەلام ئەوە واقیعیەتێکە کە هەموو نوسەرو رۆژنامەنوسێك دەزانێ نوسین چەندە کارێکی گران و پڕ لەمەسئولێتە و بەتایبەتیش نوسینی (گۆشە-ستون) لەرۆژنامەدا چەندە قورسترە، چونکە جیا لەوەی فۆرم و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە ( کەمن زۆر جار لەوپێوەرە لامداوە) لەهەمانکاتدا دەبێ لەکورترین نوسیندا، باشترین و جوانترین دەق بدەیتە خوێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە کەبەزمانی خەڵك بنوسرێت و رەنگدانەوەی واقیعی ناو کۆمەلگاو خودی ژیانیش بێت.

دەبێ ئەوەش بڵێم، ئەمکارەی من راستە، رەنگە هەندێ کەسی نیگەران کردبێت ، بەلام من سەرەڕای قبولکردنی گلەیی ئەوان، جگە لەکارێکی ئینسانی و ئەخلاقی و خزمەتێکی بچووك بەنوسین و راستکردنەوەی هەڵەکانی کۆمەلگاو خزمەتکردن بەخەڵك و ژیانی خەڵك و رێگری لەگەندەڵی و خراپەو تووڕهەڵدانی باوەڕی کۆنخوازانە و سەلەفی و هەنگاونان بۆ بەدیهێنانی کۆمەلگایەکی ئازاد و مۆدێرن و گەشەکردوو ئامانجێکی تری لەپشتەوە نییە.

ئەوەش واقیعێکە، کە وایکردوە ئەم گۆشانە بنوسرێن، بەلام بەزمانی خەڵك، بەزمانی گوڵ، بەلام رەخنە گرتنێك لەپێناو ئایندەیەکی باشترو کۆمەلگایەکی جوانتردا.

ئەمانە هەندێکیان قسەی سەر زاری خەڵکی ئاسایی نەخوێندەواربوون، بەلام تا سەر ئێسقان واقعی کۆمەلگاو قسەوباسی رۆژ بوون. هەربۆیە من زۆرجار وتومە (ئەمرۆ یان چەند رۆژی رابردوو) واتا لەکاتی خۆیدا قسەم لەئێستادا کردووە، بۆیە ئەوانە بۆ کاتی خۆی شتی تازەو نوێ و واقعی بوون، رەنگە لەئێستادا خوێنەر



هەست بەجۆرێك لەدووری بکات، بەلام من دڵنیام ئەمکارانەی من تاچەند ساڵی تریش ئاسەواریان دەمێنێت.

کەهیوادارم وانەبێت و گۆشەکانی من کەڵکی خوێندنەوەیان نەمێنێت و کێشەو قەیران و گیروگرفتەکانی کۆمەلگا هەموویان چارەسەر بکرێت، کەدیفاع لەخەڵکی کوردستان و کۆمەلگا و مافەکانیان و رەخنەگرتنە لە سیستمی سیاسی و دەسەلاتی ئیداری و حکومەت و کۆمەلگای خێڵ و فئودالیزم .ئەمەش وەکو وتم واقیعیەتی کۆمەلگای کوردستانە و منیش پێموایە درۆیەکەم نەکردوە، کەس نەتوانێ قبولی بکات.

گەر هەرچی درۆیەکیشم کردبێت، لەپێناو وتنی راستیەکاندا بوە.

راستیەك کە لەخزمەت هەموو لایەکدایە، جیا لەوەی رێگەشم بەخۆم نەداوە شتەجوانەکان باس نەکەم، کە خوێنەر هەست بەمەشیان دەکات، بۆیە پێموایە" گەر گۆشەکانی من جاروبار، دڵ تەنگیش دروستبکەن، بەلام دڵنیام قۆزی خۆیان هەیەو جوانیەکانیان لەدەستنادەن.

بەو هیوایەی ئەم گۆشانە کەلە(فایل)دا کۆکراونتەوە، بتوانن یان توانیبێتیان خزمەتێکی گەورە بەخوێنەرو کۆمەلگای کوردی بکەن، لەپێناو بەدیهێنانی دونیایەکی جوانترو باشترو باشتردا.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی بڵێم کەئەم گۆشەیە بەهەولی هاورێیانی ئازیزم (زیرەك کەمال) بەرپرسی راگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان و (شەپۆل فەتحی کەریم)سەرنوسەری رۆژنامەی (رێگای کوردستان) لەرۆژنامەی (رێگای کوردستان) بەناوی (فایل) گۆشەیەکی بۆ کرایەوە. هاتە بەرهەم و سەرکەوتوو بوو، جگە لەو هاورێ دۆستە ئازیزانەی کەهەموو ژمارەیەك دەستخۆشیان لێدەکردم و بەتایبەتی برادەرانی گەرمیان و هەڵەبجە و هەر ئەوەش وایلێکردم کەبەردەوابم، دەبێ ئەوەش بلێم ئەمە دووەم ئەزمونی منە لەبواری نوسینی (گۆشە)و لەساڵی (٢٠٠٣) گۆشەیەکی ترم بەناوی (تیر) نوسی و دواتر کرایە نامیلکەیەك و ئەمەش دووەم هەولمە بەو هیوایەی هەولێکی جوان بێت.

**ئەنوەر حسێن**
**٢٠٠٥/١٢/٧**
**سلێمانی**

# ((شۆڕشگێڕو خیانەتکار))

## (١)

له ژمارەی (٣١٦٥)ی (٢٠٠٣/٩/٨)ی ڕۆژنامەی " کوردستانی نوێ"و له گۆشەی (خەندەنگ)ی بەڕێز (جەوهەر کرمانج) بابەتێکم خوێندەوە. لەژێر ناوی " سەعاتێك و ساڵێك" دا.

بەراستی نوسینەکە تا سەر ئێسقان پڕ بوو لە راستی و جوانی بەدیویکداو تاسەر ئیسقانیش جوانتر بوو، کەدیفاعی لەکەسانی شایستە دەکرد کە خراونتە پاڵ جاش و موستشارو و ئەمن و کۆنە بەعسی و جاسووس.

کرمانج راستدەکات. ئاخر خوا قبوڵی دەکات، کەسێ؛ کەیانزە ساڵ خەباتی کردووە پێشمەرگە بووە، لەگەڵ یەکێك کەیانزە ساڵ پیاوی بەعس بوو و دژی کورد بووە. لەیەك لیستدا خانەنشین بکرێن؟. من خۆشم ئەم لیستم بینی و بەهەمان شێوەش خەڵکی ناشایستەی تێدایە، من بە بەڕێز کرمانج دەڵێم؛ ئەم پەتایە هەرلیستی خانەنشینانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو کۆنە جاشی واکراوە بەشەهیدو مانگانە موچە وەردەگرێت و زەوی وەرگرتووە و حزبی کوردی شانازیشی پێوە دەکات. هەرمەپرسە..!!

تۆ بڵێی کورد خاوەنی(٤٠)هەزار شەهید بێت، خاوەنی (٥٠) هەزار پێشمەرگە بێت تا خانەنشین بکرێن، یان جاش و جاسوس و کۆنە بەعسەیەکی زۆری تێکەڵکراوە، بەخاتری خزم و خزمێنەو حزبایەتی و دەنگدان و بەرتیل و فروفێڵ، ئاخر کێ لەکاکی فەرماندەیی و مسئول، پێشمەرگاکانی تیپ و کەرت و هەرێم و ناوچەکەی خۆی باشتر دەناسێت.؟ ئەی بۆچی پشتگیری





لەجاش دەکەیت؟ دەبێ ئەم حیکمەتەتە چی بێت..! ئاخر واباشتر نیە. تەنیا خەڵکانی شیاوو شۆڕشگێڕ بۆ هەموو لیستەکان بنوسرێن و ئەو پارەیەی دەدرێت بە جاشێکی ناشایستە، بدرێتە کەسێکی شیاوە کە حەقیەتی، من دەڵێم" پێشمەرگەی کۆن، زیندانی سیاسی، شەهیدو خێزانی شەهیدان" هەرچی دڵدەخوازێ بۆیان بکرێت هێشتا کەمە، بەڵام نەك لەسەر حسابی خەڵکی هەژارو، نەك لەسەر حسابی ئەوانیش جاش و خیانەتکار سودمەندبن، ئیمتیازیان پێبدرێت، من پێموایە، پێش هەموو کەس دەبێ یەکێتی و پارتی بەم لیستانەدا بچنەوە..

بەخوا سەیرە کەسێك یانزە ساڵ شۆڕشگێر بێت، خەبات وقوربانی دابێت، لەگەڵ کەسێکی خیانەتکار کە دژی گەلەکەی بوە لەیەك لیستی ئیمتیازو رێز لێناندا دابنرێن...

بەخوا سەیرە، تا ئێستا شۆڕشگێڕو خیانەتکار یەك حسابیان بۆ دەکرێت..!





# ((پاسپۆرت و مانەوە))

## (٢)

هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەت، جگە لەوەی پێوەرن بۆ گەشەو شارستانیەتی دەسەڵات و کۆمەڵگا. پەیوەستیشە بە ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری و تاکەکانی کۆمەڵگاوە.

دەسەڵاتی کوردی هەرچەندە ماوەی چواردە ساڵە، خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵام لەمبارەیەوە کێشەو قەیرانی گەورەی هەیە لەبواری رۆتین و گەندەڵی و ناپسپۆری.. کەوایکردوە، دەزگاو دامەزراوەکان نەتوانن لە ئاست داواو خۆزگەکانی هاوڵاتیاندا بن و بەداخەوە نەتوانراوە، ئەوە نیشانبدەین کە پێوەرەکانی شارستانی و گەشەی دیموکراسی و مەدەنیەت رووە کیرفێکی هەڵکشاو چوون.

دیارە کلتوری بەعس و پشتگوێخستنی هەرێمی کوردستان سیاسەتی دوژمنکارانەی رۆڵی نێگەتیفی هەبووە لەمبارەیەوەو کاردانەوشی تائێستا ماوە.

بەڵام مرۆڤێك کاتێك دەچێتە( بەرێوەبەرایەتی پاسپۆرت و مانەوەی سلێمانی) کەدیارە سەر بەئاسایشی گشتی یە.

هەموو ئەو ئەگەرانەی سەرەوە بەتاڵ دەبنەوە....!

کاتێك لە پرسگەکە دەچێتە ژوورەوە، کاکی پرسگەکە ئەوەندە بە ئیحترام قسە دەکات و رێ و شوێنت نیشاندەدات هەر مەپرسە، ئەو دوو خانمەی ژوورەوە، زۆر جیاوازن لە کچەکانی وەزارەتی پەروەردەو دادو رۆشنبیری

لە ژوری ژمارە (٣) فەرمانبەرێك دێتە دەرەوە، بەخۆیی و کۆمەڵێك فایلەوەو دەڵێ؛ کاکە گیان بچۆ رەسمی جەوازەکەت بگۆڕە، چونکە خراپە، سبەینێ لە فڕۆکەخانە توشی کێشە دەبی.

-ژووری ژمارە (٤و کۆمپیوتەرو بەرپرس) واتلێدەکەن هەست بکەیت تۆ هاوڵاتی ئەم وڵاتەی، هەقی خۆتە کارەکانت بۆ جێ بەجێ بکەن، سەرتسوڕ دەمێنێت لەنێوان فەرمانبەرو کادرەکانی ئەم دەزگایەو دەزگاکانی شارەوانی و تاپۆو ئاوو کارەبادا..

لە دووەمیان بۆ ئیمزایەك، دەئەمبەراو بەرت پێ دەکەن و خانمی پرسگەکانیان مۆبایلەکەی بەگوێچکەوە ناوەو بەسەر ئاماژەت بۆ دەکات، دانیشە...!

خوایە دەبێت چ حیکمەت لەم وەزعە هەبێت؟ لەکاتێکدا هەموو لایەکمان خەڵکی یەك وڵاتین، کوڕو کچی یەك خاك و نیشتمان و یەك حکومەتین...؟

بۆیە واباشە دەزگاکانی تری حکومەتیش سەرێکی ئەم بەرێوەبەراتیە بدەن و چاوێك لەوانە بکەن....!

هەرکەس بڕوا ناکات با بچێت سەرێکی ئەم دەزگایە بدات ئەوسا دەزانێ چ دەزگایەکی ڕێکوو پێکە..

هەربۆیە هاوڕێیەکی ئێرانیم وەعدی داوە گەر ئەمجارە هاتەوە بۆ سلێمانی دیاریەك بێنێت بۆ فەرمانبەرانی پرسگەکەی، بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت و مانەوەی سلێمانی، ئەزانن ئەمە چ گەورەیەکە..!



## (( جاسوس و گەندەڵی دائیرەکان ))

## (٣)

یەکێك لەو مەترسیانەی ڕوبەڕوی دەوڵەت و دەزگا دامەزراوە حکومیەکان دەبێتەوە مەترسیەکی گەورە جێدەهێلێت دیاردەی (گەندەڵی و بیرۆکراسیەتە)

ئەم دووخاڵە چەندە کێرڤی هەڵکشاو بەخۆیەوە دەبینێ، ئاکامی پاسیفی دەبێت و حکومەت و کۆمەڵگا بەرەو داوەشان دەبات. بێگومان پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، تا ئەو ڕادەیەی حکومەت و کۆمەڵگایەکی شارستانی و مۆدرێن و یەکسان بەرهەم دەهێنێت.

★بە پێی نوێترین ئامار کە بڵاوکراوەتەوە، لەو لیستە نێو دەوڵەتیەی کەپلە بەندی وڵاتە گەندەڵەکان کراوە، وڵاتە ئیسلامی و عەرەبیەکانی (بەنگلادش، ئەندەنوسیا، نەیجیریا، میسر...) لەسەرەوەی لیستەکەدان، بەڵام وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی (سوید، نەرویژ، دانیمارك، فینلەندە) لەخوار خواری لیستەکەدان.

★هەرکەس ئەم ڕیز بەندیە سەیربکات، بێ هیچ دوو دڵی و ڕاڕاییەك پەسەندی دەکات، چونکە ئەو دوولیستە، جگە لەوەی خاوەنی دوو کلتورو مۆراڵی جیاوازن، تاکی ئەسکەندەناڤی خاوەنی کلتورێکی پێشکەوتوو پاکەو هەست بە لێپرسراویەتی دەکات. بەپێچەوانەی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامی و عەرەبی، کەتاسەر ئێسقان نوقمی گەندەڵی و بیرۆکراسی بوەو تەنانەت پاپەندنیە بە ڕێساو ئاسمانی و مەزهەبیەکان . چ جای کلتوور مۆراڵ.

★بەنا خۆشحاڵیەوە، دەڵێم گەر وابڕوات، حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان دەچنە نێو ئەم



لیستەوە، کەتەنها بۆچونی من نیە، هەرکەس بڕوا ناکات دەتوانێ سەردانی چەندین فەرمانگەی هەردوو حکومەت بکات. جا دەزانێ چەندە گەندەڵی و بیرۆکراسیەت ناخی داکوتاوەو پەرەی سەندووە، بادوو نمونە بهێنمەوە:

-ئەو ڕۆژەش چوومە دائیرەیەك، خانمی کاربەدەست، ڕۆیشت نیو سەعاتی پێچوو تا هاتەوە، پاشان ژورەکەی پڕبوو لە مراجع، پاشان موبایلەکەی هەڵگرت و یەك چارەك قسەی کرد. جارێکی تر چووە دەرەوە، پاش کەمێك وتی: کاکە بۆسبەینێ دەوام تەواو بوو..!

-ئەو برادەرەی ئیشەکەی بۆ نەدەکرا. ناچار ملی نا بڕواتەوە بۆماڵەوە. لەبەردەرگای دائیرەکە دەلالەکەی بینی ، پاش سەعاتێك کارەکەی بۆ تەواو کردوو نەخت (٤٥٠٠٠) دیناری لێ سەند...

-هاوڕێکەم لەهۆڵەندە هاتەوە. بۆ معاملاتی سیارەکەی چووە دائیرە، لێرە وتیان بڕۆ وەسڵە سورەکە بێنە، چووە (ئیبراهیم خەلیل). لەوێ کچەکە وتبووی کاکە گیان لە سلێمانی پێیان ڕابواردووی. بۆیە سوێندی خوارد جارێکی تر نەیەتەوە بۆ کوردستان.

★ ئەمانەی سەرەوە چیرۆکی تەنز ئامێز نین، خۆم دروستم کردبن، ئەمە کەمێکە لەپۆخڵەواتی دائیرەکان، کەگەندەڵی ئیداری و بیرۆکراسیەت دایوەشاندوون.

★لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، دەرکەوت لێپرسراوێکی پایە بڵندی روسیا کاری بۆ (CIA)ی ئەمریکی کردووە، کاتێ پێیان وت بۆ جاسووسیت کردووە، وتی من جاسوسیەکەم ئەوەبوو تەنها کاری هاوڵاتیانم بە ئەنقەست دواخستووە کارەکانم بۆ نەکردوون. بەڵام دواتر هەر بە جاسوس زیندانی کرا.

★یەکێکە لەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتە خۆجێیەکەی یاسر عەرەفات بۆتەوە لەفەلەستین گەندەڵی ئیداریەو خەریکە لەبەریەك هەڵدەوێشێت. یەکێك لەبەرپرسە فەلەستینیەکان، خەڵکی پرسیاری ئەوەی لێدەکەن چۆن بووە خاوەنی (٢٨) ملیۆن دۆلار...؟

★من دڵنیام لەکوردستان بەهەزاران خەڵکی دڵسۆزو دەستپاك هەیە، بەلام مەخابن، کە هێشتا ئەوانە نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن، بەسەدان لێپرسراوی حزبی و حکومی بونەتە خاوەنی(٢٨) ملیۆن دۆلارو کەسیش لێیان ناپرسێتەوە.

★گەندەڵی و بیرۆکراسیەتیەکی بەرفراوان سەرجەم ولاتی گرتۆتەوەو کار وابڕوات ئەوەی هەشمانە لەدەست دەچێت... بەلام کێ هەیە بەربەمکارانە بگرێ، کەدەسەڵات و حزب و حکومەت بەشداربن..!





## (( خاوەن فایلەکان خەڵات دەکرێن...! ))

## (٤)

ماوەی چەند مانگ بوو کێشەی فایلەکان، ببووە باس و خواسی گەرمی جەماوەری کوردستان و وردە وردە جاسوس‌و پیاوانی بەعس فایلەکانیان ئاشکرا کرا.

ئەگەر چی واماندەزانی حزبی گەورەو دەسەڵاتدار . دەبێ پێشەنگی کوردایەتی و شۆڕشگێڕیش بێ، بەلام بە پێچەوانەی لۆژیکی ئەخلاقیەوە خاوەنی زۆرترین جاسوس و خۆفرۆش بوون، دڵنیاشم، هەرکام لە حزبەکان بەم مەسەلەیە نیگەرانن، چونکە لانی کەم، خەڵکانی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەریش هێشتا لەو حزبانەدا ماون، بەلام لەوە دەچێ ئیتر ئەو حزبانە جێگەی گومانی خەڵکی بن.

بەتایبەتی هێشتا حزبی خاوەن فایل ئامادەنیە هیچ ڕاگەیاندێك بەعەلەنی بلاوبکاتەوەو ئامادەنیە لەبەرچاوی جەماوەری کوردستان دادگایەکی عادیلانەیان بۆ بگرێ و سزای تاوانەکەنیان بگەیەنێ.

ئێ خۆ ئێوە لەشاخ ، چەندین پێشمەرگەرتان کوشت، لەشارچەندین هاولاتیتان خستە زیندان- لەسێدارەتان دان بە تۆمەتی جاسوسی...!

ئەی بۆچی ئێستا کەشتەکانی ژێر بەرە، خراوەتە ڕوو، ئەم شەهامەت و جورئەتەتان نەماوەو جاسوسەکان خۆتان ئیعدام ناکەن...؟

بۆچی نایدەنە دەست جەماوەر...؟ بۆچی...؟

بەخاتری ئەوەی خەبات و شۆڕشگێڕیەکەیان بۆ حساب دەکەن؟





بەخاتری باوك و شەهیدەکانیان، یان بۆ ئەوەی لایەنگرانتان کەم نەبنەوەو دوژمنەکانتان زیاد نەکات..؟ چونکە بە حسابی ئێوە سندوقی دەنگدان، جیاوازی جاسوس و نیشتمانپەوەر ناکات...!!

چونکە پێشتریش لەموستەشارەکان خۆش بوون و پاشان کردتانە فەرماندەو سەرلەشکر...!

دەبێ چەند شەرم بێت بۆ حزبێك کە هێشتا بەرگری لە جاسوس و خیانەتکارەکانی دەکات و خەلاتیان دەکات..!

خەلاتیان دەکات بەوەی بە شانازییەوە. پاسپۆرتیان بۆ دەکات و ڕەوانەی ئەوروپایان دەکات و دورنیە پارەی فیزەو بلیتی فڕۆکەشی بۆ خەرج نەکردبن...!!

دیارە حزب مەبەستی لەم سیناریۆیە ئەوەیە بە بەردێك دووچۆلەکە بکوژێت. بەوەی خۆی لەگلەیی جەماوەر نەجات دەدات و جاسوسەکانیش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن، لە ئەورووپاش هەر کوڕی حزبن و گەر داهاتوش لەباربوە وەکو خزمانی موستەشار. دەیانگێڕنەوە ناوحزب و دەیانکەنە فەرماندەو سەر لەشکر..!

بەم شکڵە کە حزب جاسوسەکانی بەناردنە دەرەوە بۆ خۆدزینەوە لە سزای جەماوەر نەجات دەدات.. دیسان گومان لەوەش دەکرێت کە خودی حزب و دەسەڵاتی حزبەکان ئاگاداریی ئەم مەسەلەیەن...!

## (( دوو ئیدارەی بێ ئیرادە ))

## (٥)

پاش دەساڵ لە شەڕی ناوخۆو کەرتکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دوو هەرێمی زەردو سەوز، پاش شەش ساڵ لە رێککەوتنامەی واشنتۆن، پاش سەدو دە کۆبوونەوەی بێ ئاکامی لیژنەی ئاشتی. پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دەستگیر کردنی سەدام حسێن و باردۆخی نالەباری عیراق و کوردستان و مەترسیەکانی سەر ئەزموونی خەڵکی کوردستان و، سەدان هەوڵی حزب و سازمانە کوردستانیەکان و ڕۆشنبیران و نوسەران و وڵاتانی دۆست.

مەسەلەی یەکخستنەوەی ئیدارەکان بێ ئاکام مایەوە.

لەچەند رۆژی رابردووشدا، بەپێکهاتنی چەندین ئاڵوگۆڕ لەکابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان( ئیدارەی هەولێر- هەرێمی زەرد) و دانانی جێگری سەرەك وەزیران و، لەداهاتوشدا بەدانانی سەرەك وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی(هەرێمی سەوز) حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی کابینەیەکی نوێ. ئەو هاوکێشە ئەکتیڤانانەی کە چاوەڕواندەکرا بەسەر هەردوو ئیدارەو حزبدا بێت بە قازانجی بردنە پێشی رەوشتی سیاسی گەلی کوردستان. نەك وانەبوو، بەڵکو نێگەتیڤانە خۆی خستە روو. ئەوەش دەلالەتە کە هیچ مەترسی و فاکتەرێك، پاڵنەرنین بۆ پێکهاتنی یەك ئیدارەی بەئیرادە.

تەنها خوێندنەوەش بۆ تەفسیری ئەم قەیران و رەوشە، ئەوەیە لەمەسەلەی سیاسی گەلی کورد، حکومەت، پەرلەمان، ئەزمونی خەڵکی کوردستان، شەقامی کوردی، مەترسیەکانی سەر لەناوچوونی ئەم پیلانەکانی وڵاتانی





دراوسێی بۆ تێکشکاندنی ئەم ئەزموونە، مەسەلەی چارەنوسسازی کەرکوك، داهاتووی نادیاری رەوشی سیاسی کورد لە عیراقی بەناو فیدراڵ، خوێنی شەهیدان، هاواری وڵاتان و جیهان، بەلای هەردوو حیزبی خاوەن ئیدارەوە بێ ئەهیمەترە لەسیاسەتی حزب و یەك ئیداریی.

ئەگەر نا چ کاتێك ئەم قەیرانە چارەسەر دەبێت...؟

لەکاتێکدا هیچ پاساوێك نەماوە بۆ درێژەدان بەم حاڵەتە پاسیفە، جگە لە نەبوونی متمانەو داهاتی شەخصی و لاوازی هەستی نەتەوەیی و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش و زاڵبوونی چەمکی حزب و سەروەرییەکانی بەسەر گەل و ئەزمون ئیدارەو رای خەڵکیدا...!

لەسبەێندا، کەوا بڕیارە هەڵبژاردن سازبکرێت، دەبێ بانگەشەی چی بکەن لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا. تاکە شتێك کەماوە بیڵێین یەکخستنەوەی ئیدارەکانە، بەڵام ئایە خەڵکی کوردستان قەناعەت بەم بانگەشەیە دەکەن. یان ئەوەش تاکتیکە بۆ لابردنی مەترسیەکانی بەردەم هەڵبژاردن...؟!

بەهەرحاڵ خەڵك هەرچی لەدەستهات کردی، هەرچی نەشیاش پێکرا ، بەڵام هەرگیز گوێی لێ نەگیرا، ئەوەش کەدەمێنیتەوە مێژوو دەینوسێتەوە. کەکورد چۆن بووە قوربانی بێ ئیرادەیی دوو ئیدارە، چۆن ئیمتیازەکانی دوو ئیدارەیی هەموو شتەکانی لێڵ کردو بەبێ ئیرادەیی ماینەوە.

بەم شکڵە دەکرێ بڵێین، یەك ئیرادەو یەك ئیدارە بۆتە مەحاڵ و پێدەچێت، چەندین کابینەی تر ئاڵووگۆڕن پێبکرێت.





## (( پیاوی زل ))

## (٦)

بەم دوایانە, پیاوێکی خاوەن شهادەو شارەزا, کرا بەلێپرسراو, بەڵام بۆ نەگبەتی تۆزێ رێویلەو زەعیف وبچکۆلە بوو. بۆنەگبەتی قات و بۆینباخیشی نەبەستوو.

کاتێك ویستیان بەکارمەندەکانی بناسێنن.

بەهەڵە, پیاوێکی کۆنە جاش, بەڵام زل و.....ئیحترامی لێگرا.

کەپرسیاریان لەکارمەندەکان کردبوو. وتبویان" کورە وەڵڵا بەزلی ئەم کابرایە تێکەوتین".

دەڵێن, کاتی خۆیشی

گەنجێك دەچێتە دەرەوە, تابێتە پێشمەرگە, بەڵام وەری ناگرن.

هەرچەندە دەڵێ, کاکە تەنزیمی بووم.چی وچی...

مسئولەکە دەڵێ . کاکە ناخوا.

گەنجەکە دەڵێ " ئەی چی بکەم.

بچۆ لەناوشار کەسێکی (زل) بکوژەو وەرەوە ئەوکات دەتکەینە پێشمەرگە.

گەنجەکە پاش ئەوەی دێتەوە ناو شاری دەگەڕێ. تاپیاوێکی (زل وقەبەو گەورە) دەبینێ ویەکسەر دەیکوژێ...؛

کەلێیان پرسی بۆئەم کابرا بێ گوناهەت کوشت؟

وتویەتی کورەبابە من چوزانم ئێوە باسی (ئەفسەرو دەرجەدار دەکەن) من وامزانیوە مەبەستان هەیکەل و باڵاو قەبارەیە.

## (( وەزعی رۆژنامەنوسی کورد باش نییە ))

## (٧)

رۆژنامەنوس کێیە...؟ رۆژنامەنوسی چییە؟ لەرووی تیۆری وپراکتیکیەوە بەوکەسە دەوترێت رۆژنامەنوس، کەکاری رۆژنامەنوسی کردۆتە پیشەو لەخزمەت کارەکەیدا رەنجی کێشاوە، شەونخونی کردووە ئەرك و پەیامێکی گەورەی بەجێگەیاندوە لەپێناو پیشەو وتنی راستیەکاندا.

رۆژنامەنوس، پیشەیەکی چەندە پیرۆزو گەورەیە، هێندەش قورس و گرانە، پیشەی رۆژنامەنوسی جگە لەئەرکی پیشەیی کارێکی نەتەوەیی و هیومانستی و مۆراڵیشە، چونکە ئەرکەکەی گەیاندنی پەیامی واقیعی و ئەخلاقیە.

رۆژنامەنوس، کەسێکە هەموو قۆناغەکانی رۆژنامەنوسی بڕیوە لە(هەڵەچنی، تایپیێست، سەرپەرشتی کاری چاپخانە، بەرپرسی لاپەڕە، بەرپرسی بەش، سکرتێرو بەرێوەبەری نوسین، جێگرو سەرنوسەر) واتە هەموو کارو ئەرکەکانی رۆژنامەی کردووە.

بەڵام بەداخەوە، ئێستا وایلێهاتووە، رۆژنامەنوس و رۆژنامەنوسی، هیچ پێوەرێکی نەماوەو پیشەکە بوەتە جێگەی پرسیار ...!

لەپاش راپەڕین، تەنها رۆژنامەی حزبەکان هەبوون و رۆژنامەنوسی باش و رۆژنامەی باشیش کەم بوون. بەڵام دواتر وایلێهات هەردووسێ گەنج دەستیاندایە دەرکردنی رۆژنامەیەك بەبێ ئەوەی وەکو پیشە یان پەیامێکیان هەبێت یان دەرچووی ئەکادیمایەك بن.

یەکێك لەهاورێکانم (دوو) ژمارەی رۆژنامەیەکی دەرکردو خۆی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەریش بوو، کەلێم پرسی بۆچی واتکردو بۆ وازت هێنا؟

وتی: کاکە بۆ ئەوەیە دوارۆژ وەکو سەرنووسەر باسبکرێم...!

-دوو برادەری تر رۆژنامە دەردەکەن، بەڵام هەرکات پارەکەی کەوەریدەگرن لەخۆیان زیادبوو؟





-برادەرێکی تر پارە لەلایەنێك وەردەگرێت وقسە بەلایەنێکی تر دەڵێت و خۆشی بەرۆژنامەنوس دەزانێت.

بەکوردی وەزعەکە وایلێهاتووە، ناتوانی بە کەس بڵێی تۆ رۆژنامەنوس نیت، دەڵێ فەرموو ئەوە رۆژنامەکەم.

ئێستا کێشەکە وا گەورەبوە، سەندیکای رۆژنامەنوسانیش گیری خواردوە بەدەست ئەو هەموو رۆژنامەنوسە ناشارەزایەوە.

خۆم و هاوکارەکانم لەسەندیکا، رۆژانە دەیان داوای تازە دێتە لامان، تا بکرێنە ئەندام...

-رۆژنامەی وا هەیە پشتگیری بۆ (٣) کەس کردوە کە لای ئەو رۆژنامەنوسن لەلاپەرەی وەرزش بەمەرجێك لاپەرەی وەرزش لەرۆژنامەکەدا نییە .

-کەناڵی تەلەفزیۆنی واهەیە پشتگیری بۆ(١٠) کەس کردوەکە لای ئەوان کاردەکات . بەڵام نەك هەواڵسازنییەو عەرەبی نازانێت .بەڵکو ڕۆژی چوار وشە ناخوێنێتەوە.

-خانمی واپشتگیری بۆ کراوە ، رۆژنامە تەنها وەکو سفرە بەکاردەهێنێت.

-لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتەوە ، پشتگیری بۆ خەڵکانێك دەکرێت ، کە فەرمانبەرە، بەناوی بەشی راگەیاندن کە هەرنییە ...!

بە هەرحاڵ وەزعی رۆژنامەنوسی کورد جگە لەوەی باش نیە . گەر وابڕوات خراپتریش دەبێت ، چونکە ناتوانرێت رۆژنامەنوسی باش وماندوو لە خراپ و تازە جیابکرێتەوە، بۆیە ئەرکی پێشینەی سەندیکای رۆژنامەنوسان و وەزارەتی رۆشنبیری و خودی دەزگاکانی راگەیاندنیشە, کە پشتگیری لێ بکەن، کێ بە رۆژنامەنوس ناوەزەندبکەن .

برادەرێك گێڕایەوە لە وڵاتی یۆنان کە خاوەنی شارستانی جیهانە . بەقەدەر کوردستان رۆژنامەنوسی نییە ...





## (( لیبرالیزمی برسی ))

## (٨)

ئەوکاتەی فرانسیس فۆکۆیاما( کۆتایی مێژوو)ی ڕاگەیاند؛ وتی مرۆڤایەتی لە ژێر سایەی سیستمی لیبرالیزمی خۆرئاوایی بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا دەحەسێتەوە، چی دی چەوساندنەوە نامێنێت و ئینسانەکان خوشگوزەران دەژین

★رۆژی(٢٠٠٤/٧/٢٢) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران، بودجەی بەرگری ساڵی(٢٠٠٥)ی پەسەند کرد کە بریتیە لە پێنج سەد ملیار دۆلار. لەو بودجەیە ئەگەر چی(٢٥) ملیار دۆلاری بۆ چالاکیە سەربازیەکانی (USA) لە لە عیراق و ئەفغانستان سەرف بکرێت و لانی کەم (٥٠) ملیار دۆلاریشی بۆ ڕوخاندنی سوریاو ئێران و یان هەوڵی ڕوخاندنی ئەم دوو وڵاتە بێت.

لەکاتێکدا داهاتی ساڵانەی وڵاتێکی وەکو عیراق ناگاتە(٢٠) ملیار دۆلارو بەهەموو وڵاتانی کیشوەری ڕەش، ناتوانن (٤٠٠) ملیۆن دۆلار داهات کۆبکەنەوەو ڕۆژانە چەندین کەس بەهۆی برسیەتیەوە گیان لەدەست دەدەن ڕێکخراوەی کاری نێودەوڵەتی دەڵێ (١٧٩) ملیۆن منداڵ لەخراپترین باردا کاردەکەن و (١١١) ملیۆن منداڵ خوار (١٥) ساڵ کاری پڕمەترسی ئەنجام دەدەن و(٨,٤) ملیۆن منداڵ وەکو کۆیلە بۆکاری چەکداری و بەدرەوشتی بەکاردەبرێن. ئەمە لەکاتێکدا داهاتی ڕۆژانەی یەك کەس لەهندستان، سۆماڵ، ئەفغانستان، سریلانکاو، بەنگلادش لە (١) دۆلار تێپەڕ ناکات.

بۆیە ئینسان لەنێوان ئەم دوو ئامارانەدا تووشی شۆك دەبێت و هەست دەكەین تێزەكەی فرانسیس فۆكۆمایاما چ بێمانایە كەنەیتوانیوە مرۆڤایەتی لەنەهامەتی دەرباز بكات

دابینكردنی(٤٠٠) ملیار بۆ جەنگ و كاری سەربازی، ئەو رەهەندانە نیشان دەدات كە جەنگێكی خوێناوی بەرێوەیەو زەرەرمەندی یەكەمیش خەڵكی وڵاتانی جیهانی سێیەمو هەژاران..

ئایا نەدەكرا واشنتۆن لەو (٤٠٠) ملیار دۆلارە بەسەر (٦) ملیار مرۆڤی گۆی زەوی دابەش بكات و ئەو لیبرالیزمەی فۆكۆمایا بانگەشەی بۆ دەكرد بێتەدی،بەڵام بێگومان نایكات و ناكرێت..

چونكە ئێمە شاهیدی واقیعێكن لەكوردستان، كەهەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر نزیكەی (٦) ملیار دۆلاریان لە(CPA) وەرگرت و كەسێكیش نازانێ، چۆن چۆنی خەرجی دەكەن و ئینسان برسی دەبێت و رەنگە لێرەش لانی كەم(٤٠٪)ی ئەو پارەیە بۆ جەنگ كاری سەربازی بەكاربهێنرێت و لاسایی واشنتۆن بكەنەوە، بەڵام هەموو ئەو خەرجی و بوودجەیە لەسەر خوێنی خەڵكی هەژارو بەش مەینەت خەزج دەكرێت.





## ((ئینشاقی باڵی چەپ و راستی عەشرەت...!))

## (٩)

*دیموكراسی لەسەر دەستی حزبە سۆسیال دیموكرات و مەدەنی و دەسەڵاتدارەكان واچۆتە پێش هەر مەپرسە..؟!

سەرۆك عەشیرەت, بەخۆیی و (٢٥٠) كەسەوە دەچێتە بارەگای سەركردایەتی و دیوەخانانەی خۆیی وەردەگرێت و بەڵێین تازە دەكاتەوە, كە بەخۆیی و عێڵ و عەشرەتو خزم و خوێشەوە, هان لەخزمەت حزبدانو، دەنگی ئەوان مسۆگەرە..!

كاتێكیش سەرۆكی فیدراسیۆنی خێڵ پارەكە بەنایەكسانی تەوزیع دەكات, زۆربەی ئەندامانی خێڵ بەو برە پارەیە رازی نابن و كێشە دروست دەبێ. بەچكە ئاغایەك, سەرۆكایەتی ئەم باڵە نارازیە دەكات و كۆمەڵێك بەچكە عێڵ و عەشرەت كۆدەكاتەوە و بەناوی عەشیرەتی (٠٠٠٠) دەچێتە ئەولاو, دیوەخانانەی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە زەعیمی باڵی راست و تەقلیدی عەشیرەتی (٠٠٠٠) و ئەمیش لرفێك لەپارەكە دەدات.

ئەم وەزعە بەردەوام دەبێت, تاسەرۆك خێڵ پارەی پێ نامێنێ وئیفلاس دەكات, بۆیە ناچار بەپێچەوانەوە ئەمجارە سەرۆك عەشیرەتی باڵی چەپی ئیفلاس, دەچێتە لای سۆسیال دیموكرات و لەتەلەفزیۆنەوە رادەگەینرێت كە سەرۆك بەخۆیی و (١٥٠٠) كەسەوە, ریزی خەبات و شۆڕشیان گواستەوە ناو ریزی كوردایەتی. لایەنەكەی تر بەمكارە زۆر قەڵس دەبێ, بۆیە پەنا دەباتە بەر باڵی راستی ئیفلاس و دووسێ لێپرسراو بەخۆیان و یەك





گونیە پارەی علوجەوە دەچنە ماڵی بەچكە عێل و دەڵێین تۆ كوڕی حزبی و كوڕی رۆژی تەنگانە بووی و حزب سڵاوی گەرمت بۆ دەنێرێ و بڕیاری داوە (٢٠) پارچە زەوی ومۆنیكایەك و لەیلا علەویەكت بداتێ.

پاش سێ رۆژ حزب ئیعلانی دەكات كەسەرۆكی عەشیرەتی (٠٠٠٠) بەخۆیی و (١٧٥٠) كەسەوە سەنگەری خەباتی گواستەوە, بۆریزی حزبی شۆڕش و خەبات و كوردایەتی. لەراستیدا هەردوو بەچكە ئاغاو عێل و عەشیرەت هیچ نین، تا دوێنێ مستشارو جاش و فەوجی خەفیفەیان هەبووەو مەفەرزە تەواری و ئەمن و بەعسی بوون. ئەو ژمارەیە كەحزب باسی دەكات نە (١٥٠٠) و نە(١٧٥٠) یە, بەڵكو ئەوە ژمارەكە (١٥٠) و (١٧٥)ەو ژمارەی یەكەم ژمارەی فەوجی بەچكە عێلی, باڵی چەپی ئیفلاسەو ژمارەی دووەم (١٧٥) یش,ژمارەی فەوجی سوكی سەرۆك عێلی باڵی راستی ئیفلاسە. ئا بەم شێوەیە, لەسایەی حزبی مۆدێرنی كوردیدا, سەرۆك جاش دەكرێتە شۆڕشگێڕو عەشرەتیش باڵی چەپ و راستی بۆ دروست دەكرێت و باو باوی عەشرەتە, چونكە ئەوان (با) بێ و (باران) بێ ئاشی خۆیان دەگەڕێ..!!

## (( پێشمەرگەو جەنجەویدەکانی بەشیرو بەعس ))

## (١٠)

(هێزەکانی جەنجەوید وەکو پێشمەرگەکانی باکوری عیراقن) ئەمە قسەی وەزیری راگەیاندنی سودانە, لەپاش لێپرسینەوەی کومەلگای نێودەولەتی بۆ ئەو قەتلٚ وعامەی جەنجەوید بەپاڵپشتی حکومەتی خەرتووم دژی دانیشتوانی هەرێمی دارفوورئەنجامیداوە.

ئایا پێشمەرگە وەك جەنجەویدە؟ ئایا مەبەست لەبەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەئەفریقاوە چییە..؟

پەندێك هەیە دەلٚێ (هەرکەس مالٚی لەشووشە بوو, حەق نییە بەرد بگرێتە مالٚی خەلٚکی)

گەر بەدوای سیستمێکی سیاسی تۆتالیتارو میلتاری و داپلۆسێنەردا بگەڕین لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست و کیشوەری رەشدا, ئەوا حکومەتی خەرتووم و دەسەلاتەکەی عومەر بەشیر باشترین نموونەی ئەو سیستمەیە.

ئەوە حکومەتی بەشیرە, لەماوەی چەند سالٚی رابردوودا نزیکەی (٣٠٠٠٠) هەزار کەس لەدارفوری موسلٚمان دەکوژێت, لە تۆلٚەی ئەوەی داوای مافەکانی خۆیان دەکەن.

ئەوە حکومەتی سودانە لەسالٚی (١٩٨٣)ەوە, زیاتر لە (٦٠٠٠٠) کەسی کردۆتە قوربانی لەخەلٚکی باشوری مەسیحی.

حکومەتی سودان, ئێستا لەسەروبەندی کۆتایهاتنی دەسەلاتەکەیەتی, بۆیە پەنا دەباتە بەر هەموو شێوازێکی دڕاندنەی چەکداری و راگەیاندنی چەواشە. ئەگەرچی پێشمەرگەو جەنجەویدی ئەسپ سوار وتالانچی و دزو





جەردە کۆدەکاتەوە تا وەزیری راگەیاندنی سودان ئەم دوو هێزە وەکو یەك بچوینێت...؟

هێزی پێشمەرگە بەدرێژایی مێژووی رزگاریخوازی گەلی کورد خەبات و قوربانیداوەو خێزان و کەسوکاری لەسەردەستی جەنجەویدەکانی بەعس روبەروی ئازارو گرتن و کوشتن وسوکایەتی بوونتەوە. ئەوە جەنجەویدەکانی عومەر بەشیرو سەدام حسێنن لەیەك دەچن لەرووی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایدۆلۆژیاو بەربەریبەت و جینۆسایدەوە. نەك پێشمەرگەو جەنجەوید.

تالانکردنی مالٚی موسلٚمانی دارفورو کوشتن و تەعدادی ناموس و رفاندنی ژنان و سوتاندنی مالٚی خەلٚکی. ئەمە سیفاتی پێشمەرگەیە ٠٠٠؟

ئایا بەدرێژایی مێژوو دەتوانرێ نموونەیەکی وەها بدۆزێتەوە کەپێشمەرگە تەعدای لەکەس کردبێت...؟

بەلام باشترین وەلام وبەلگە بۆ بەدرۆخستنەوەی وەزیری راگەیاندنی سودان؛ ئەو راگەیاندنە نێو دەولٚەتیە بوو. کەکرایە سەر سودان و ئاگادارکردنەوەی لەراگرتنی ئەو قەتلٚ وعام و جینۆ سایدو سەپاندنی سزای ئابوری لەبەردەوامی ئەم جینایاتانە و پەراوێزخستنی سودانە .

بەپێچەوانەوە ناوبردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن ئەمریکاو حکومەتی فیدرالٚی عیراقەوە بەهێزی بەرگری و پاراستنی گەل و نەتەوەی کوردستان و بوونی بەشێك لەسوپای عیراقی داهاتوودا بەلگە ئەوەیە, کە پێشمەرگە هێزی پارێزەرو شۆڕشگێڕەو جەنجەویدەکانی بەشیریش, تالانچی ودزو جەردەی سەدەی بیست ویەك هاوخوێنی بەعسیەکانی عیراقن, بەلام ئەوەی مایەی





نیگەرانیە, سەرلێشواوی دەسەلات و وەزیرەکەی خەرتووم و شیزۆفرینایانە ئیخەی کوردو پێشمەرگە دەگرێت.

لەکاتێکدا ئەوە ئەریتریایە, گوشاری خستۆتە سەرو تەنگاوی کردوە, ئەوە( د.جۆن گەرەنگ)ە* تەنگی پێهەلٚچنیوەو ناچاری کردوە مل بۆ داوا رەواکانی گەلی باشوری مەسیحی بدات و چی دی نەتوانێ قەتلٚ وعامیان بکات و بەناچاری رێککەوتن ئیمزا بکات. نەك کوردو پێشمەرگە کە بەهەزاران کیلۆمەتر لێوە دورەو نایەوێت خۆی تێکەلٚی کێشەی سودان بکات.

بەلام تاکە فاکتەر کەدەکرێت خوێندنەوەی بۆ بکەین.پێدەچێت وەزیری راگەیاندنی خەرتووم شەڕی لەناوچوونی بەعسیزم وسەدام حسێن بەکورد بفرۆشێ وتۆلٚەی لەناوچوونی ئەوسیستەمە لەکورد بکاتەوەو باشیش تێگەیشتوە کەکورد رۆلٚی سەرەکی هەبووە لەبەرانبەرکێ وروخانی ئەم سیستەمە تۆتالیتارە لەعیراق و ناوچەکەدا. ئەمەش مایەی شانازییە بۆ کوردو پێشمەرگە نەك وەکو جەنجەویدو ئەسپ سوارەکانی سودان تەنانەت جل وبەرگی ژنان وکچانی مووسلٚمانی دارفورش بەتالان دەبەن.

پێشمەرگە باسکی بەهێزی چەکداری خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەلٚکی کوردستانەو سودان و جەنجەویدیش. چارەنوسی سەدام و جەنجەویدەکان بەعس چاوەڕێیانە.

***بەداخەوە ئێستا کەئەم کتێبە چاپدەکەم، سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕو لیبرال وئازادیخوازی وەك جۆن گەرەنگ لەژیاندانەماوەو بەپیلانێکی سودان گیانی لەدەستداوە.**

## ((حیکمەتیست...؟!

## حەمیدیزم

## ئازریزم))

## (١١)

٭کاتێك (کۆمەڵە)ی ئێران، لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەستیاندایە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداری، توانی وەکو باڵی چەپو پێشکەوتوو خوازی کۆمەڵگای ئێران بەرامبەر باڵی راستی و ناسیۆنالیزمی کوردستان بوەستێتەوە، کەحیزبی دیموکرات رێبەرایەتی دەکرد.

بەڵام ئەوکاتە هەربەهەڵەی رێبەرانی کۆمەڵە، بڕیاردرا لەسەرداوای (مەنصوری حیکمەت، ئیرەجی ئازرین، کۆرشی مدرس و رەزا مقدم) لە ناوەراستی هەشتاکان حزبی کۆمۆنیستی ئێران دروست ببێ، ئەگەر چی ئەوەی لەچەند پێشمەرگەیەکی غەیرە کورد مۆرکی ئێرانی پێوەنەبوو. بەهەرحاڵ.

٭هەر ئەوکات لەپلینۆمی بیستی ئەو حزبەدا کەلە(٣٠ئابی ١٩٩١) بەسترا عەبدوڵڵا موهتەدی داوایکرد هەرکەس رەئی خۆی بدا. هەر ئەوکات (حیکمەت وئازرین ومودەرس،موقەدەم،حەمید تقوایی، بەهروز میلانی، شهلا دانشفر، ناسری جاوید، مەجیدی حوسێنی، ئەصغەر کەریمی، موزەفەر محەمەد) رایانگەیاند؛ کە ئەوان واز لە حزبی کۆمۆنیست دێنن و دواتر (حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران)یان دروستکرد.

٭هەر ئەوکاتەش حیکمەت رایگەیاند؛ کەراپەڕینی خەڵکی کوردستان، هەڵچونێکی کاتییەو هیچ ئاکامێکی نابێ،دەبێ بگەڕێنەوە باوەشی ئاغاکانیان پاش ماوەیەك





لە رانیەوە چووە بەغدا و دواتر بۆ ئەورووپاو سێ ساڵ پێش ئێستاش رایگەیاند؛ کە دەتوانن شۆڕشێکی جەماوەری لەناو تاراندا دروستبکەن...!

٭بارودۆخی ئەم حزبە، هەر لەقەیراندایە، تاوەکو ساڵی (٢٠٠١) (بزوتنەوەی بنیادنانی -حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی ئێران) جیابووە لەمەنصوری حیکمەت و هەردوو (ئیرەجی ئازرین ورەزا مقدم) وچەندین کادری تر، رایانگەیاند؛ کەحزبەکەی مەنصوری حیکمەت خزمەت بەمەسائلی چەپ وخەباتی کرێکاری وکۆمۆنیزم ناکات.

٭ئەو کاتەی (حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران) دروستبوو، لەکوردستانی عیراقیش هەمان حزب بەهەمان ناو دروستبوو. ئەو کاتەش کە(ئیرەج ورەزا) جیابونەوە، لەکوردستانی عیراقیش، (بزوتنەوەی بنیادنانی- حزبی کرێکارای کۆمۆنیستی عیراق) دروستبوو وئەوکات (ئەحمەد معین و ئاسۆ غریب) جیابونەوەو کەوتنە دژایەتی باڵی حیکمەتیزم.

٭دیسان لە(٢٤)ی ئابی ٢٠٠٤، بە ئیمزای (٢٢) کەس رایانگەیاند؛ کە ئەوان واز لەو حزبە دێنن و (حزبێکی نوێ) بەناوی (حزب کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران- حیکمەتیست) پێکدێنن و ئەم دەستەیە زۆربەیان ئەو دەستەیەن کەپێشتر لەکۆمەڵە جیابونەوە وکوردن لەناویاندا (کۆرشی مودەرس، رەحمان حسین زادە، موزەفەری محەمەدی، ئازەری مودەرس، فاتح شێخ ئیسلام، مەجیدی حوسێنی)و هەریەك لە (حەمید تقوایی-لیدەری حزبی پێشوو، ئازەری ماجدی (هاوسەری حیکمەت، عەلی جەوادی) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی،





٠٠٠٠زۆری ترمانەوە)وحزبی کۆمۆنیزی کرێکاری عیراقیش پشتیوانی لە حیکمەتیست دەربڕی.

٭ئێستا قسە ئەوەیە ئەم حزبە بۆ وادەکات، هەر دووساڵ جارێك ئینشیقاق ودوولەت دەبێت، ئەمە بەڵاو موسیبەتی بزوتنەوەی چەپە؟ یان زیندوکردنەوەی کارێزماو سیستمی تاکڕەوی، ئەگەر نا ئەو مەسەلەیەی لیدەر چی دەگەینێت...؟!

ئایا بزوتنەوەی چەپ، پێویستی بەم بەزمە هەیە، لەژێر ناوی ئیدیۆلۆژیاو پێویستی مێژوویی یان مەسەلەکە بەرژەوەندی تایبەت وخراپ بەکارهێنانی بەرنامەو ئایدیای مارکسیزمە بەو شێوەیەی هەرکەسێ دەیەوێت.

٭حیکمەتیست، لەسەر فۆرمی (مارکیست-لینینیست)ەو پێناچێت عاقیبەتێکی باشی هەبێت لە(ئاب)ێکی داهاتوودا رەنگە (ئازریزم وحەمیدیزم، کۆرشیزم..) دروست بێت. لەژێر ناوی ئایدۆلۆژیایەدا.

## (( خۆنیشاندانەکانی خوێندکاران و مامۆستایان ))

## (١٢)

ماوەیەکە خۆپیشاندانو مانگرتنی جۆراوجۆر ئیدارەی سلێمانی گرتۆتەوە, خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دژی زانکۆی ئاییندە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی ئاییندە, دژی داخستنی زانکۆکەیان, مانگرتنی چێشتخانەو کەبابخانەکانی چەمچەماڵ و مانگرتنی کچانی خوێندکارانی کۆیە, خۆپیشاندانی مامۆستایانی سلێمانی.

ئەم خۆپیشاندانانە, جگەلەوەی سادەترین مافی ئینسانەکانە لەکۆمەڵگادا و بەتایبەتی لەکۆمەڵگای دیموکراسی و مەدەنییدا, دڵنیاشم بەم هەنگاوانە ئیدارەی سلێمانی, لەگەڵ ئەم جۆرە رەوشە تازانەدا, بێگومان سیستمە سیاسەکان دەتوانن گرەوی دیموکراسی و سیاسی ببنەوە, بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە بۆچی زانکۆی ئاییندە دەکرێتەوە ودواتر بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی دادەخرێت...؟

ئەی حکومەتو وەزیری خوێندنی باڵا ئیشی چییە...؟

پاشان کەبڕیار دەدرێت زانکۆ بکرێتەوە بۆ پێشتر بەرنامەی بۆ دانانرێت؟

پاشان, ئایا زانکۆ حکومیەکان زۆر باشن, تا زانکۆی ئەهلی بکرێتەوە؟

بەڵام چونکە کارەکان بێ بەرنامەیە, دەرئەنجام دەبینی قەیرانی زۆری وەك خۆپیشاندان و مانگرتنی دژی لێدەکەوێتەوەو تەنانەت سەرۆکی حکومەت, ئامادەنییە بڕیاری وەها ئیمزا بکات, بەڵام مەکتەبی





سیاسی ئەو کارە دەکاتو گوێ بەحکومەتیش نادات, ئەمە موسیبەتە, تا ئێستا کەسێك دێتو موقەدەساتی حکومەت پێشێل دەکات کەحکومەت لەخۆیەتی.

دووەم؛ مانگرتن و خۆپیشاندان, خۆپیشاندانی مامۆستایانی شارو شارۆچکەکانی ئیدارەی سلێمانی بوو لە(٢٠٠٥/٤/١٠) سەبارەت بەداواو مافەکانیان و پێشتر بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە تا مۆستایان پێوەی پەیوست بن.

کەچی شەو, سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان, کە لە هەمانکاتدا بریکاری وەزیری پەروەردەیە, لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن رایگەیاند؛ کەمامۆستایان دوا ئەوانە نەکەون, چونکە ئەوانە تێکدەرن‌و دەستیان لەپشتەوەیە..!

جارێ یەکەم؛ جەنابی بریکار کارەکانی تۆ دژی یەکن‌و لەهیچ جێگایەکی ئەفریقاش شتی وانییە, کە بریکاری وەزیری پەروەردە بێتو سکرتێری مامۆستایان بێت و لەو نێوەندەوە دیفاع لەحکومەت بکەیت, نەك لەمۆستایان, بۆیە پێویستە تۆ واز لەیەکێك لەپۆستەکانت بێنیتو بەقەناعەتی منیش واز لەسکرتێری مامۆستایان بێنیت باشترە, چونکە تۆ ناتوانی دیفاع لەمامۆستایان بکەیت, بەلگەشم قسەکانی شەوی (٤/١٠) کەلە (TV.PUK)دا.

دووەم؛ ئەو دەستە کێیە لەپشت ئەو مامۆستایانەوە؟ ئایا پارتییە؟ یەکگرتووە؟ ئیتلاعاتە یان میت‌ە؟ دڵنیام کەوانییە گەر واش بێ خۆ مامۆستایان دیفاع لەمافو حەقی خۆیان دەکەن‌و شتی زیادەیان نەوتووە.

سێیەم؛ من پێم سەیرە کەمامۆستایان ماندەگرن‌و مافیان دەخورێت, ئاخر کاتێك خانمی وەزیری پەروەردە ناتوانێ بوودجەکەی ساڵی(٢٠٠٤)ی کە(٢٥٣) ملیار دینار بووە, خەرج بکاتو لەو برە پارەیە تەنها (١١٩) ملیار





دیناری خەرجکردووەو (١٣٤) ملیار دۆلاری لەبودجەی وەزارەتدا ماوەتەوە.

ئەی باشە خانمی وەزیر بۆچی بەدەم داواو کێشەکانی ئەم مامۆستایانەوە نەچووی و گیروگرفیەکانیان چارەسەر بکەیت, بۆچی دەرماڵەت بۆ سەرف نەکردن بۆچی کرێی هاتۆوچۆت پێنەدان.

ئاخر کەپارە هەیە بۆچی صرفی ناکەیت..؟

بەراستی ئینسان سەر لەم هاوکێشانە دەر ناکات, وەزیر ئاگای لەوەزارت و کێشەکانی نییەو بریکار، مامۆستایان بەگێرەشێوێن ناو دەبات.

ئاخر ئەوانە هەر ئەو مامۆستایانەن؛ کەوتیان سەری بەرز بۆ موچە نەوی ناکەین‌و سەدان منالی وەکو منالەکانی خانمی وەزیروجەنابتانیان پێ گەیاند؛ بەسێ مانگ جارێك پارەتتان دەدانێ.

چوارەم, من دڵنیام گەر پارتی لەپشت ئەم بەزمەوە بێ ئەوا هەڵەیە, چونکە وەزعی مامۆستایان‌و خوێندکارانی خۆی لەم حاڵە باشتر نییەو رەنگە رێگاش نەدا بە خۆپیشاندان.

پێنجەم؛ ئاخر مامۆستایان وێنەی مام جەلال و پەڕۆی سەوزو ئاڵای کوردستانیان هەلگرتبوو, ئیتر گێرشێوێن چی‌و ئاژاوەچی چی...!

ئایا چی ماوە مامۆستایان بۆتانی بسەلمێنن کە ئەوان مامۆستان نەك ئاژاوە چی, پاشان ئەم هەموو ئاسایشە چییە, دەوری خۆپیشاندان‌و مانگرتنەکان دەتەنێ؟

تکایە دەست لەم کارانە هەلگرن, چونکە مۆدێلیان بەسەرچووەو دەبێ هەرکەس چۆن ئەرکی لەسەرشانە مافەکانیشی زامن بکرێت.

## (( خەڵاتەکەی حەمە سەعید حەسەن ))

## (١٣)

*ساڵی (١٩٦٤) کەخەڵاتی نۆبڵ درا بە سارتەر.

سارتەر وتی( نابێ نووسەر رێبدات دەزگاکان لەسەر رێی خۆی لایبدەن) بۆیە خەڵاتەکەی رەتکردەوە. لەکاتێکدا سارتەر زۆر پێویستی بەو خەڵات هەبوو, بەتایبەتی لەرووی ماددەیەوە.

*بەڵام سەیرم هات کەلەم رۆژانەدا بیستم خەڵاتی دەزگای ئاراس دراوەبە (حەمە سەعید حەسەن) لەکاتێکدا بەبۆچوونی من ئەوانەی خەڵاتەکانیان وەرگرت کەسیان لەحەمە سەعید موستەهەقتر نەبوون و بگرە هەر وەکو خەڵاتی ئەدەبی نەدەچوو, ئەوەندەی ماناو باگراوەندی تری هەبوو, بەڵام بۆ حەمە سەعید حەسەن شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو, کەهەم خەڵات بکرێتو هەم خەڵاتەکە قبوڵ بکات.

*ئاخر ئەو هێشتا دەعواکەی (عەبدوڵلا ئاگرینی) لەسەرە, لەداگای هەولێر, ئیتر چۆن هاتە هەولێر؟ ئاخر ئەو هێشتا خاوەنی (پادشای عەرشی کەلاوە) و جنێونامەو شیعرە هجوە کانیەتی دژی پارتی و یەکێتی و حزبە کوردستانیەکان.

* ئاخر ئەو لەپاش راپەڕین ١٩٩١؛ دەینوسی؛ حکومەتێکی ئەوەندە عەجیب هەیە لەکوردستان (لەسنوری برایم خەلیل, پسووڵەی عەرەبی, پێشمەرگەی کوردی, دۆلاری ئەمریکیت, لێ وەردەگرن...!)





*حەمە سەعید حەسەن, یەکێك بووە لەو نووسەرانەی هەمیشە رەخنەی لەحزبو دەسەڵاتی کوردی گرتوە, ئەگەر چی خوا هەڵناگرێت زیاتر دڵی پارتی راگرتبوو, بەڵام ئایا لەمەدوا, هەروا سەیر دەکرێت وەکو رەخنەگرێك؟ ئایا دەتوانێ بەهەمان نەفەسی جاران بنووسێتو رەخنە بگرێت بەتایبەتی لەسەر ئیدارەی پارتی؟

*من وامدەزانی حەسەن جارێکی تر نایەتەوە بۆ کوردستان, بەڵام دیاربوو هەموو وەعدێکی وەرگرتبوو, کەسەلامەت دەبێ, هەربۆیە گشت دەزگاو دامەزراوەکانی بەسەرکردەوە وەسفی باشی کردن...

*ئێ باشە خۆ حکومەت هەر ئەو حکومەتەیە کەهەبووە, گەرچی من قەناعەتم وایە لای هەموو کەس ئەوە قبوڵ بکرێت کەحکومەت گۆڕاوە, لای حەسەن قابیلی قبوڵ نییە, ئەی بۆچی دەبێ ئێستا بەشان وباڵی حکومەتدا هەڵبدەیت؟ بەڵام با قسەیەکیش بۆ خوا بکەین(١٠٠) گەلاش کەم نییە، پیاو خەڵات بکرێت و چاوپۆشی لەخراپەکانی حزبو دەسەڵات بکرێت, ئێ حزبیش دڵی گەورەیەو رەنگە ماستەکەش گوریسێکی تێدا بێت...!





## (( خێڵ و حزب ))

## (١٤)

ئایا کۆمەڵگای کوردستان و سیستمی سیاسی، سیستم و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتووخوازە..؟

بەپێی میتۆدو ئایدیا و مانیفیستی حزبی کوردی بێ بەڵێ؛ بەڵام لەواقیعدا -زۆر بەداخەوە- زۆر جار دەکرێ وەکو دیوەخان بشوبهێنرێت، بەتایبەتی کە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوەو ئاغاو شێخو سەرۆك عەشیرەت، دەبنە سیمبوڵ و ئاکارە سوننەتی و خێڵەکی و کۆنەپەرستانەکانیان دەبێتە سیاسی و دۆستی حزب و شۆڕشگێڕ.

حزبی کوردی و دەسەڵاتی کوردی، لە بەرئەوەی هێشتا پابەندە بە کەلتوری ئیسلام و خێڵەوە، هەر رۆژەی بەبیانویەك خێڵ زیندوو دەکاتەوە و دەیکاتە سوپەرمان لێمان و کۆنگرەی بۆ دەبەستێ. دیوەخانانەی دەداتێ و کارەکانی وەکو هاوڵاتی پلەیەك بۆ رایی دەکات و دەست بەسەر و مێزەر و خەنجەرەکەی کێلانیدا دێنێت، بەکوڕی حزبی ... دەزانێ .

حزب ، (ئاغا)مان لێدەکات (بەتیۆرسین)، (شێخ)مان لێدەکات بە (مارتن لۆسەر)، (سەرۆك عەشرەت)مان بۆ دەکاتە (کارێزما)، (موستشار)مان لێدەکاتە (شۆڕشگێڕ) و (جاش)مان بۆ دەکاتە (شەهید) .

ئاخر چ رەوای هەقە؛ خۆت بەچەپ و ناسیۆنالست و سوسیال دیموکرات ... بزانی و سوێند بەسەری ئاغا بخۆی و دیوەخانانەی بدەیتێ؟

ئاخر چ خوا بەرداره ...؟

زۆربەی ئەو سەرۆك عەشرەت و ئاغا و شێخانەی کەخاوەنی (٢٠٠) فەوجی خەفیفە (جاش) بوون و

بەشداریانکرد لەپرۆسەی ئەنفال و کوشتنی هەزاران پێشمەرگە و رووخانی (٥٠٠٠) گوندی کوردستان و رووخانی دەیان خوێندنگەو مزگەوت, ئێستا رێگەی بدەی کۆنگرە ببەستێ و کارئاسانی بۆ بکەیت و لەژێرەوە قوتی خەڵکی کوردستانی بەدەمدا بکەیت...

گەر حزب وازبهێنێت ؛ کۆمەڵگاو نوخبە, خێڵ و عەشرەت و ئاغای ناوێت . و خۆیان لەکۆمەڵگادا تەریك و مایە پوچن ، بەڵام گەر وا بڕوات ، لەسبەینێدا خێڵ بەرگە لەبن پێی ئەو حزبە شۆڕشگێرانە دەردێنێ و خۆی دەبێتە حاکم .

بۆیە پێدەچێت بەستنی کۆنگرەو سازکردنی فیستیڤاڵی خێڵ ... جاشیەیەتێکی تربێ بۆ خێڵەکان. بەڵام دوور لەدەسەڵاتی بەعس و ناوی موستشارو فەوجی خەفیفە . ئەمجارە لەژێر ناوێکی مۆدێرن لە بابەتی (فیدراسیۆنی خێڵەکانی کوردستان یان سازمانی عەشایەری کوردستان... )

کاتی خۆی دەگێڕنەوە ، لەناوچەی مەنگوڕایەتی ئاغایەك هەبوو. تەشقەڵەی بەخەڵکی دەکرد. رۆژێك بەخەڵکی گوندی دەڵێ ؛ بپێچنەوە دەچینە جێگەیەکی تر؛ خەڵکی دەباتە ناوچەیەکی دی و دەڵێ فەرموون بەڵام دواتر خەڵکە دەزانن کەئەو ناوچەیە ئاوی لێ نییەو گورگان خواردی کردون.

ئاغا و عەشرەت و خێڵ هەمیشە خاوەنی ئەو بۆچوونەن گەر رێگایان پێ بدرێت . بەڵام دەبێ ئەم جۆرە بۆچوونانە نەهێڵدرێن و لەپێشەوەش حزب دژی بێت نەك دەستی لەپشت بدات, چونکە هەر دەنگێکی خێڵ و حزب مەدەنیەت دەباتە دواوە وقوڕ بەسەر میللەتدا دەکات.





## (( دەریکە, بەڵام توخوا بەرزی مەکەرەوە...؟! ))

## (١٥)

*لەچەند رۆژی رابردوودا, دەزگایەکی ئیدارەی سلێمانی بەقاعیدەو قواعیدیەوە دەرکران, من ئەوەندە دەزانم بە تۆمەتی گەندەڵی ئیداری وکاری نایاسایی دەرکراون...!

*پێشتریش بەڕێوەبەرو چەند کەسێکی تر لەدەزگای وەبەرهێنان دەرکران, چەند کارمەندو بەرپرسی تر لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆو و فەرمانگەی تاپۆ رەوانەی ماڵەوە یان زیندان کران...!

*ئەم کارانە رێگە خۆشدەکەن بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی وئیداری مۆدێرن, هەنگاوێکە کۆمەڵگا بەرەو پێش دەبات و چی دی ئەو کەسانەی دەیانەوێت وەکو مشەخۆر لەسەر ژیانی هاوڵاتیان بژین جێگایان نابێتەوە وچی دی گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراسیەت ناتوانێت پەرە بگرێت وئیدی ئەم تۆرو شەبەکانە کە راوکران, ئاسەواریان لەناو دەچێت و ناتوانن گەرا دابنێن...!

*ئاخر خوا قبوڵیەتی کۆنە جاش وبەعسی بکرێنە خانەنشین...! جاشی تۆپیوو بکرێتە شەهید, کۆنە بەعسی وئەمن لەگەڵ لیستی هەزاران پێشمەرگەی قارەمان پۆلێن بکرێت, کەسێك لەپایسکیل وەرگەڕاوە, یان قەت تەقەی خۆشیشی نەکردووە بکرێتە شەهیدو پارەی نەخت وەربگرێت و دایکی شەهیدیش لەژێر خێمەدا بێت...؟!

*ئاخر خوا قبوڵیەتی لەگەڵ زۆربەی خاوەن کۆمپانیەکان شەریك بێت و تەندەرەکان خۆت پڕی کەیتەوە ودەزگایەکیش بێت بڵێیت, خەریکی وەبەرهێنانم و ئابوری وڵات دەبوژێنمەوە...؟





-خوا قبوڵیەتی بەڕێوەبەر بیت لەگەڵ چەند کۆمپانیایەك شەریکە دزبێت و بڵێت تەنێك شیش (١٠٠) دۆلار زیاد لەسەر حکومەت بنووسە و قاتێکی (MG) کارەبایی فەرەنسی (٤٠)دۆلار زیاد حساب بکەیت لەسەر حکومەتە رەش و روتەکەت, چاپخانەیەکی هۆڵندی گەورە (دوو) دەفتەر زیاتر بنووسیت...؟

-خوا قبوڵیەتی دەرزی و کانولەو ئامێری خەستخانەکان بفرۆشیت بەقاچاغچی و رەوانەی دۆستی هاوسێ جمهوری ئیسلامی ئێرانی بکەیەت و رەچەتەش بۆ نەخۆش بنووسیو بڵێ برۆ لەدەروە ئەم شتانە بکرە...؟

*ئەم هەنگاوانە باشن, بەڵام قسە هەر لەسەر دەزگایەك و فەرمانگەیەك و وەزارەتێك نییە, بەڵکو ئەم سزاو لێپرسینەوەیە بۆ هەموو دەزگاکان پێویستە.

ئەگەر چی ئەم گەندەڵی ودزی و بیرۆکراسیەتە هەر لایەنێکی نییە, بەڵکو پێویستە .

یەکەم؛ دزو جەردەکان کەپەرەیان بەگەندەڵی وبیرۆکراسی داوە دەربکرێن.

دووەم؛ دیوانی بەناو چاودێری دارایی, کەسی شیاوی لێ دابنرێت. بەکارەکانیدا بچێتەوە.

سێیەم؛ ئەو بەڕێوەبەرانەی کە شارەزانین وحزب بەواسیتەو خزم خزمێنە دایناون و مانگی (٧٤٠٠٠٠)دیناری کاش وەردەگرن و فریان بەسەر کارەوبارە وەنییە لابرێن.

چوارەم؛ باخەڵکی شارەزا دابنرێت, خۆقیبلە ناچێتە ستۆکهۆڵم, با گەنج بکرێتە بەڕێوەبەر و واز لەم بەزمە بهێنرێت کەدەبێ هەرپیرو بەتەمەن بێت, وئەگەر نا شمولی خەڵاتی وەزارەتی رۆشنبیری ناکات, خۆبە ریش نییە بەئیشە.

پێنجەم: جارجار بۆ تاقیکردنەوە (٢) سەفتە بیست وپێنج هەزاری سوور) بەتاکتیك بخرێتە خزمەت چەند بەرێوەبەرێك ئاخۆ چۆن لوشی دەدات.

شەشەم, لێپرسینەوە هەبێت لەفەرمانبەران لەبەرمیکاژو موبایل ولەفەخواردن و بێ کورسی وناشارەزایی کاری هاولاتیان ناکەن.

*من باشدەزانم سکرتێرو سەرۆکی حزبەکان, وەزیرو سەرۆکی حکومەت باش ئاگاداری فەرمانگەکان نین چۆن؟

-ئەوان رۆژێك وەکو هاولاتی بەبێ پاسەوان ناچن, تابزانن, بارودۆخ چۆنە؟

هاولاتی خواخوایەتی کاری نەکەوێتە دەزگایەکی حکومەت, چونکە ئەوەندەی تەشقەڵە پێدەکەن, ناچار دەبێ واسیتە و دەلالێك بدۆزێتەوە.

*ئەم هەنگاوانە زۆر ئەخلاقی و شۆڕشگێرانەیە, بەمەرجێك بەردەوامبێت و ئەو کەسانە لەسەر فایلەکانیان بنووسرێت, بەفلانە تۆمەت, رۆژی... لەفلانە فەرمانگە دەرکراون. بێگومان ئەمە خۆی لەئەوروپا باوە. هەرکەسێ شتێکی لەسەر بێت لەفایلەکەیدا دەنوسرێت و بۆ مێژوو لەکۆڵی نابێتەوە.

*بەلام بروا بکەن؛ چەندە خۆشحاڵم بەم ئاڵوو گۆڕانە سەد هێندەش نیگەرانم و دەترسم کە ئەوانەی لەسەر ئەم مەسەلەنە دەرکران. پاش سێ مانگی تر بەرز بکرێنەوەو بکرێنە لێپرسراوی دەزگاییەکی بالاتر لەو دەزگایەی لێی دەرکراوە. یان بکرێتە وەزیرو ئەوسا لەجیاتی بۆ ریش بچین, سمێڵی بنێنە بان, یان دەبێ بڵێین سەد شوکور بەکفن دز...!



# (( زانکۆی ئایندەو قەیرانەکانی خوێندکاران ))

**(١٦)**

خۆنیشاندانی خوێندکارانی فەرەنساو تاران, دوو نموونەی بەرزی شۆڕشی سپی خوێندکارانە لەمێژووی مرۆڤایەتیداو بەشێکی زۆریش لەمافەکانیان وەدەستختسووە.

ئەم توێژە گرنگەی کۆمەلگا. گەر دەسەلات لەپشتیەوە نەبێت و رەوتی پرۆسەکانی نەشێوێنێت. دەتوانێت کاریگەری گەورەی هەبێت لەسەر رووداوەکانی پەیوەست بەخوێندکاران و کۆمەلگا بەگشتی.

لەچەند رۆژی رابردوودا بەشێکی زۆری خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی, دەستیاندایە مانگرتن لەبەرامبەر کردنەوەی زنکۆی ئەهلی (ئایندە)دا.

خوێندکاران پرسیاری ئەوەیانکرد؛ چۆن دەبێ زانکۆیەك کەچەند کیلۆمەترێك لەزانکۆی حکومی سلێمانیەوە دوورە. بەبێ ئاستی بالای خوێندنو نمرەو تواناو لێهاتوویی خوێندکاران, خوێندکار لە(٣٠٠٠-١٥٠٠) دۆلار بدات, لەبەرامبەر ساڵێکی خوێندنی بەناو زانکۆدا...؟

باش وایە, لێرەدا بپرسین بۆچی خوێندکار ئامادەیە (٣٠٠٠)دۆلار بدات, بەلام نەچێتە زانکۆی حکومی...؟

بۆچی خوێندکار حەزدەکات بروانامەی زانکۆ بەدەستبهێنێت, بەلام بەبێ ئاستی تواناو لێهاتوویی خۆی...؟



ئایا خوێندکار ئەو پارەیە لەکوێ وەدەستدەخات و چۆن پەیدای دەکات؟

بێگومان لەئەمریکاو ئەوروپا زانکۆی ئەهلی نرخیان زیاترە لە(٥٠٠٠)دۆلار, بەلام گەر لەزانکۆکانی حکومەت باشتر نەبن, خراپتر نین, پێوەری تایبەت هەیە بۆ وەرگرتنی خوێندکار.

لێرەش تائێستا زانکۆی ئەهلی نەك ناتوانێ ئەو کارەبکات, بەڵکو زانکۆکانی حکومەت ئاستی رۆشنبیری و مەعریفیو زانیاریان زۆر نزم و زەعیفە وپێویستیان بەمامۆستای تایبەت و پسپۆری شارەزاو تاقیگەو بیناو پێداویستی زانستی هەیەو هەر ئەوەش وایکردووە ئاستی پسپۆری و زانستی و شارەزایی خوێندکار زۆر لەخوارەوە بێت و لەکاتی دەرچوونیشدا نەتوانێ کەسێکی پسپۆڕ دەرچێت...

بۆ وەلامی ئەو سێ پرسیارەی سەرەوە دەبێ ئەوە بلێم! زانکۆی ئایندە, نایەوێت بەنمرە خوێندکار وەربگرێت. بەلکو مەبەستی پارەیەو نایەوێت خوێندکاری سەرکەوتوو وەربگرێت, چونکە ئامانجی پارەیەو کێ و چ خوێنکارێکیش وەردەگرێت ئەوانەی کە کورو کچی مەسئولەکان و سەرمایەدارەکانن و دلنیاشم زۆر لەوانە رەنگە لەسەر تەمبەلی لەقوتابخانە دەرکرابن, بەلام چونکە پارەیان هەیە ئەوەی کەپێی دەلێن (بروانامە) دەتوانێ بەپارە وەچنگی بخات.

بۆیە بەکورتی هەموو ئامانجی دوور و نزیکی زانکۆی ئایندە(پارەیە)و پێدەچێت حکومەتیش شەریك بێت...!

لەئێستادا لەژێر فشاری خوێندکاراندا زانکۆی ئاینده ناتوانێ ئامانجەکانی بهێنێتەدی و حکومەتیش بەناچاری ملی بۆ داواکانیان داوە, چونکه داوای ڕەوا بوون.

بۆ ئەم مەبەستەش و بۆ پشتگیری خوێندکارانی سلێمانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدینیش لەهەولێر ویستیان بێنە پاڵ مانگرتنەکە، ئەمە جگە لەوەی هەڵوێستێکی ڕۆشنبیری و زانستی مەعریفەیە، نموونەی یەکگرتوویی بەدیهێنانی مافەکانە, ئەگەر چی ئەم خوێندکارانە لەگەڵ تەقەو شەڕی ئاسایشی کۆیە ڕووبەڕووبون, ئەمەش نموونەی پێشێلکردنی سادەترین مافی خوێندکارانە, بەڵام هاوکێشەکە لای یەکێتی والێکدرایەو کەئەمە دەستی پارتی لەپشتەوەیە بۆ فەوزاو ئاژاوە هاتوون پارتیش لەمیدیاکانی خۆیدا زۆر بەحەساس و گرنگەوە هەواڵەکەی باسکرد. وەکو زانکۆکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی حاڵیان لە زانکۆکانی سلێمانی باشتر بێت.

لەکاتێکدا خوێندکاران لەدەستی سیستمی پەروەردەو زانکۆی سەلاحەدینیش نارازین و گەر ئەم ڕووداوە لە هەولێریش رووی بدایە، من دڵنیام کەئاسایشی پارتی تەقو تۆقی خۆیان دەکردو بەفەوزاو ئاژاوەی یەکێتیان دەزانی.

بۆیە باش وایە هەردوولایان لەمبارەیەوە هەڵوێست بە خوێندکارانی زانکۆو گەل نەفرۆشن و ئەوەش دواجار سەرکەوت هەڵوێستی واقعی خوێندکاران و شکستی هەڵەی حکومەتو زانکۆی فلوسی ئاینده‌یە. کە دەیەوێت ئاینده بەپارە بکاتە ئاینده.





## ((شوو خۆشترە یان فیدراڵی...!))

## (١٧)

٭جاران وا باوبوو, گەر یەکێك باوکی ژنی بۆ نەهێنایە, دەچووە شاخ و دەبوو بە پێشمەرگە.

برادەرێکم, گەر بیویستایە سەیارە بەباوکی بکڕی یان داوای ژنی بکردایە و باوکی بۆی جێبەجێ نەکردایە دەچوو رۆژنامەیەکی (ولات)ی (PKK) دەهێناو بەرامبەر باوکی دادەنیشت و باوکی دەیگوت بەقوربان؛ بەس مەچۆرە ناو (PKK)چیت دەوێ بۆت دەکەم.

٭بەم دوایەنە شوکردنەکەی خاتوو (نەسرین بەرواری) بەزمێکی نایەوە هەر مەپرسە, بەڵام دەکرێت بە رووداوێکی (مێژوویی..!) بۆ کوردو عیراق ناو ببرێت و هەربۆیە لێکۆڵینەوەو بۆچوونی جیاجیا هەڵدەگرێت.

-بۆچونێك هەیە؛ دەڵێ؛ ئەو کاتەی ساڵی (١٩٧٤) غازی یاوەر لە(چۆمان) پێشمەرگە بووەو بەرواری بینیوە, لەوساوە خەباتی ژێر زەمینی دەستپێکردوە.

-دەڵێن کاتی خۆی, بەرواری وتویەتی؛ خەریکم رێکخراوێکی ئافرەتان دروستدەکەم بۆ دیفاع لەئافرەتان؛ کەچی یاوەر؛ وتویەتی؛ کچێ دەدانیشە واز بێنە شتی ترمان بەدەستەوەیە. ئیتر بەرواری عاقڵ بووەو تێگەیشتوە خێر لەشوودایە تا رێکخراو.

-دەڵێن ئەو رۆژەی هاتۆتە هەولێر, بۆ داخوازی بووەو کە هاتۆتە هەڵەبجەش لەسەر داوای بەرواری بووە، بەوە کەفێڵ لەخۆیی و گەلەکەی ناکات.

-ئەوەش دەڵێن؛ پاش ئەوەی بەرواری لەموسڵ تەقەی لێکراو یەك دوانێك لەپاسەوانەکانی شەهید بوون( جا قەیدی چییە, بۆ سەرۆکە...!) بەرواری زانیویەتی





کەئەوە برای دوو ژنەکەی تری یاوەرن سوێندی خواردووە لە داخی ئەو دوو ژنە دەبێ هەر شوو بەسەرۆك بکات.

-دەڵێن؛ رەنگە بەرواری لەداخی ئیدارەی سلێمانی ئەو کارەی کردبێ, چونکە برِیاری (٥٩)ی دەرکردوە.کاتی خۆیشی بەرواری سوێندی خواردوە.

-دەڵێن؛ رەنگە ئیدارەی هەولێر سیناریۆکەی دارِشتبێ, تا هاوکێشەی سیاسی کوردستان بەپشتگیری یاوەر راست کاتەوە بەقازانجی خۆی, ئاخر ئەو (کچی حزبە..!)

-بۆچونێکیش هەیە دەڵێ؛ زۆر ئاساییە و سەرۆك شوکر گەنجە و حەزی لەژنی تازەو گەنجە.

-یان رەنگە چاوی لەسەرۆك و لێپرسراوای حزبە کوردستانیەکان کردبێ و ئەزمونی ئێرەی گواستبێتەوە وە بۆ ناوەڕاست و باشور ئێستا لەگەڵ ئەم بۆچوونانە دوو ئارای جیاواز هەیە.

یەکێکیان دەڵێ؛ رەنگە کورد لەم هاوکێشە عاشقانەدا زەرر بکات. ئەو بۆچوونە دەڵێ؛ رەنگە هەردوو ژنە کۆنەکەی یاوەر و براو خزم و کەس وکاری لەدژی بەرواری و سەرۆك و کورد بچنە پاڵ زەرقاوی و بن لادن, هەوڵبدەن لێپرسراوانی کوردو بەرواری و سەرۆك بکوژن و رەوشی سیاسی کوردستان بەو ئارامی و خۆشییەوە بشڵقێ و عیراقیش خراپتربێ, چونکە ژنەکانی یاوەر لەبەیاننامەیەکدا رایانگەیاندوە؛ کەدەبێ تۆڵەی خۆیان لەکورد بکەنەوە..!

-لەهەمووی گرنگتر؛ ئاهەنگی مارەبڕین لەکۆشکی سەرۆك بەئامادەبوونی هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عیراق (شیعەو سوننەو کورد-عەلاوی, غازی یاوەر و

نەسرین بەرواری) بەڕێوەچووە, ئەمەش وەکو حکومەتی عیراقی نوێ بەئامادەبوونی هەرسێ لایەنە سەرەکییەکە بەڕێوەچوو, مایەی دڵخۆشییە بۆعیراقی پلورالیزم و مۆدێرن و فیدراڵ و ئەم سیناریۆیەی یاوەر؛ بەنیەت پاکی دادەنرێت سەبارەت بەکورد.

-ئێستا کورد زۆر پێی ناخۆشە. بەتایبەتی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان, بەڵام ڕەنگە بۆ (فیدراڵیەکەش) قازانجی هەبێت.

بەو هیوایەی شووکەی بەرواری لەپاش دەیان ساڵ خەبات و شۆڕش, فیدڕاڵیەکە مسۆگەر بکات, ئەگەر چی دەترسم, بەرواری لەپێشەوەی عەرەبەکان و یاوەر، لە دژی فیدراڵی بوەستێتەوە لەبەر خاتری یاوەر, چونکە شوو خۆشترە لە فیدراڵی...!





## (( گرگن مۆدێل ))

### (١٨)

**دەڵێن؛**

لە سەردەمی حوکمی (بۆریس یەڵسن) لەرووسیا, ڕۆژێك خەڵك ڕژانە سەر شەقامەکانی مۆسکۆو دواتر بۆ بەردەم کۆشکی کرملین. خۆپیشاندەران داوای فەراهەمکردنی ئازادی وکرانەوەی زیاتریان دەکرد لەروسیا.

کاتێ یەڵسن هاتەدەرەوە, وتی؛ فەرمون چیتان دەوێ...؟

-ئازادیمان دەوێ...!

-یەڵسن وتی؛ فەرمون لێرە جنێو بەکۆشکی سپی و سەرۆکی ئەمریکا بدەن...!

لە کوردستانیش لەپاڵ ئەو ئازادیەی کەهەیە, چەندین کەس و دەزگای جیاواز, دەیانەوێت هەمان سیناریۆ دوبارە بکەنەوە, بەوەی دەڵێین, بۆ ئازادی نییە؛ فەرموو, وەرە لەسەر لایەنی بەرامبەر, لەسەر ئیسلامی سیاسی لەسەر (PKK) بنووسە, ئاخۆ چۆن بێ سانسۆر, شتەکان بڵاو دەکەینەوە, بەڵام ڕەخنەگرتن لەهەرکام لەو دەسەڵات و حزب ولایەن و دەزگایەی ئەو سیناریستە فاشیلانەی تێدا حاکمە, قابیلی قسەکردن نییە و تەنها کاغەزی سپی ڕەشدەکەیتەوە.

دڵنیام زۆر لەم حاکمانە, نەبڕوایان بە مەفهومی ئازادی هەیە و نەشایانی ئەو شوێن وحاکمیەتەن, بەڵام ئیتر سیاسەتی چەوت و ماستاوچییەتی ئەم کەسانە ئازادیەکەی کوردستانی, وەکو ئازادیەکەی یەڵسن لێکردووە گاڵتەیان بەم چەمکە و کەرامەتی ئینسان دێت.

لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە, ئەم قەیرانە لەناو نووسەرو ڕۆژنامەنوس و روناکبیراندا خەریکە پەرە





دەگرێ و هەمان سیناریۆی کارێزماو سیاسییەکان دووبارە دەکەنەوە.

بەم حاڵە پێموایە, چەندین فاکتەر لەم قەیرانە هزری و ئەخلاقیەدا ڕۆڵیان هەیە؛

ڕۆڵی نێگەتیفی دەسەڵات و حزبی دەسەڵاتدارو تاخوارتر, بە ئاڕاستەکردنی ئەم سیاسەتەو پێدانی پێگە بەم گرگن وحاکمە دیکتاتۆرو فاشیلانە, تابە ئارەزووی خۆیان گاڵتە بەئازادی و مافی بەرامبەر بکەن.

نەبوونی یاسایەکی جێگرو ئاسایی بۆ دیفاع لە ئازادی ودانانی هێڵی سور بۆ ڕێگەگرتن لەگاڵتەکردن بەم چەمکە.

بوونی بەشێکی ئەو حاکمە فاشیلانە, لەناو دەزگای پێشووی بەعس و زاڵبوونی ئەو کەلتورەو بەردەوامی سەنگەر گواستنەوەی ئەم حاکمانە و دروستبونی ڕق و کینە بەرامبەر بەلایەنی یەکەم و دژایەتیکردن وەکو تۆڵەسەندنەوە.

بەکورتی دەسەڵات لەم پۆخڵەواتییە بەرپرسیارە, چونکە تەشەنە دەکات و دەزگاو دامەزراوەو کۆمەڵگای کوردستان توشی داوەشان دەکات و ناهێڵی ئەو ئەزموونەی گەشەدەکات بەردەوام بێت و کوردستان ببێتە دورگەیەکی ئازاد.

لەفەراهەمکردنی ئازادی, دەسەڵات و حزبی دەسەڵاتدار قازانج دەکات بەپلەی یەکەم, بە هەمان شێوە لەنەبوونی ئازادی هەر ئەو زەرر دەکات. نموونەش سەدام حسێن وعیراق؛ میلۆسۆڤیچ و یۆگۆسلاڤیان بەدیوێکیداو ئەمریکاو سویدیش وەکو لایەنی پۆزەتیف. بەم شکڵە حاکمە فاشیلە گرگنەکان ئاوەکەیان بۆ لێڵ ناکرێت...!

## (( موعجیزەکانی زانکۆ ))

## (١٩)

*لەهەموو دونیا، زانکۆ بەرهەمهێنی، مەعریفە وداهێنان وپێشکەوتن و نەخشەکێشانە بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، بەڵام لەکوردستاندا زانکۆ پڕە لەسەیرو سەمەرە.

*لەزانکۆی سلێمانی، لەناوهۆڵی ڕووناکی، لەکاتی مناقشەی نامەی ماجستێردا، کارەبا دەبڕێ و هۆڵی ڕووناکی دەبێتە شەو زەنگ وهۆڵی تاریکی..!

*لەزانکۆی هەولێر، پارە ئەبەخشرێتەوە بەناوی یارمەتی خوێندکاران. شتەکە وابۆتە فشە خوێندکارێکی (هین) پارەکەی وەرگرت و بەڵێنی دا دەنگ بۆ (هین) بدات، کەچی کەپارەکەی خواردو تەواوبوو وتویەتی جاخۆمن بەشەرتی یەکجار نەمکردووە، وەڵڵا گەر مانگانە پارەم نەدەنێ یەك دەنگ نادەم...!

*لەزانکۆی سلێمانی، لەکاتی دەستپێکردنی خوێندنی ساڵی تازەدا، دەستیانکردوە بەتەعمیری کۆلێژی زمان و ئەندازیاری وکافتریاکەی وئێستا خوێندکارەکانی لە(ماڵتی) دەوام دەکەن و وەکو ئاوارەکانی یەکێتی و پارتی ئاوارەبوون وخوابکات ئەمساڵ تەعمیراتەکەیان تەواوبێ، دەڵێن بۆیە خراوەتە ئێستاوە تاخوێندکاران بزانن کە حکومەت وحزب چۆن خەمیان دەخوات، هەندێکیش دەڵێن نەخێر وەستاو کرێکارەکان وتویانە بەخوا هاوین لە زانکۆ ئیش ناکرێت زۆر چوڵ و وشکە...!

*لەهەردوو زانکۆکە. تازە کۆمەڵێك مامۆستایان ئیزن داوە وتویانە. شهادەکانتان تەزویرە، ئێ باشە بۆ



لەسەرەتاوە پێتان نەوتن..؟ مامۆستایەك کە بڕوانامەکەی لەپۆڵۆنیا وەرگرتووە، وتویەتی بڕۆن سەیری ئینتەرنێت بکەن، کەچی کەس نەبووە زمانی پۆلۆنی بزانێ، بڕوایان بەمامۆستا نەکردوە، خۆش زانکۆ..!

*لەزانکۆی سلێمانی، خاتوونێکی بەرپرس، کە کوردێکی ئێرانی بۆخوێندن هاتبوو، قسەی هەڵەو بەرزو نزمی کردبوو. گڕی گرتبوو! کەدەبێ بنێرڕێ بۆ ئاسایش و(شەق شەقێنی) پێبکەن و لەژێر دارا بیرزێنن وەڵلایی کە گوێم لەقسەی ئەو خانمەبوو. ترسام من تۆپ تۆپێنم بینیوە، بەڵام نەمزانیوە ئاسایش شوێنی شەق شەقێنە..! ئاخر خۆ حکومەتی دیموکراسی هەرێم وای لە ئێمە گەیاندوە؛ کە ئاسایش سەرو ماڵی هاوڵاتیان و ئارامی دەپارێزرێ.

بەڵام پێ دەچێت لەزانکۆی سلێمانی، هەرچی سەرپێچی بکات ڕەوانەی شەق شەقێنی بکەن، لە ئاسایش، ئەوەش عنوانی ئاسایش؛ بەپێی قسەکان بەرپرسی بەشی تۆماری زانکۆ، ئاسایش ئەوەنییە کەخەڵك تێگەیشتووە — دەبێ خوێندکاران ئاگاداربن بەر ئەو شەق شەقێنە نەکەون وگەرئاسایش لەم نووسینە بێ دەنگ بێ ئەوە قسەکانی ئەو خانمە عەیبی نییەو خودی ئاسایش ئەوەیە..! ئێ ئاسایش هەردەبێ وابێ...!

*لە ناو زانکۆ سەرۆکی لیژنەی نامەی ماجستێرێك، لەکاتی مناقشەدا چەند تەلەفونێکی بۆهاتو سەرنجی ئامادەبووانی بۆ (ئاسیا) ڕاکێشا. ئامادەبوان ئەوەیان بەریکلام بۆ ئاسیا سێڵ زانی...!!



## (( بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆ ))

## (٢٠)

*دەبێ قەناعەت بەوەبێنین کەسەرۆك دەتوانێ وڵاتو وەزیر وەزارەتەکەیی، بەڕێوەبەریش فەرمانگەکەی، چاك بکات، خۆگەر وانەبوو، ئەوە وڵات تووشی موسیبەت دەبێ.

*ئێمە گاڵتە بەشێخ نشینەکانی کەنداو دەکەین، بەڵام دەکرێت لێپرسراوانی ئەم وڵاتە سەرێکی (ئیمارات) بدەن، بزانن سەرۆك و وەزیرەکانیان و وڵاتیان چۆن بۆ خەڵکەکەی کردۆتە بەهەشت و بۆخۆشیان خەریکی (شیعر) نووسین، بەڵام لێپرسراوانی ئێرە نەتوانای شیعر نووسینو نەخزمەتکردنی وڵات و نەپەرۆشیان بۆئەم خەکا هەیە.

*خەڵك کە تادوێنێ لە لادێیەکاندا خزمەتی ئەوانی دەکردو وراخەرەکانی ژێر خۆیانی بۆ ڕادەخستن، نانی دەمی خۆیانیان دەکردە قوتی ئەوان.

کەچی گەر خەڵکی ئەو لادێیانە ئێستا بچێتە لای کاکی وەزیر، سکرتێرەکەی دەڵێ؛ جەناب، پیاوێکی جل کوردی هاتووە و دەڵێ؛ کارم پێیەتی، جەنابی وەزیر؛ دەڵێ؛ مەجالم نییە.

بەڵام گەر، ژنە شەهیدێکی جوان، بچێتە لای، بەخاتری جوانیەکەی نەك (هاوسەری شەهید هاوڕێکەی) بەسکرتێرەکەی دەڵێ؛ ڕایمگرەو بە ئیمزایەك چی پێخۆشە، بۆی جێبەجێ کە.

*ئەمە نموونەی سەرۆك و وەزیرو بەڕێوەبەری ئاوا پۆخڵەواتە، کەلەسەر خوێنی خەڵکی دەژی و هیچ ئیحساس و شعورێکی نییەو نازانێ دوێنێ چۆن بوو ئەمڕۆش چییە..؛

*بەڵام دەمەوێت نموونەیەکی جوانیش باسبکەم.

من چوار ساڵ پێش ئێستا مرورێك وتی؛ به(٧٠٠) دینار ئیجازەی شۆفێرێت به سجلەوە بۆ دێنمه ماڵەوە, کەچی ئێستا (٥٠٠) دۆلاریش بدەی بۆت دەرناکرێ. لەرێگای قانوونییەوە نەبێ.

من تازە سەیارەم کڕیوە وسەیاقیشم باش نییە, حەز دەکەم رۆژانە سەیارەکەم دەرکەم, بەلاّم ئیجازەم نییەو لەرێگای قانوونییەوە خەریکم, بەلاّم وەی بەحالّم بەشەش مانگ هەر تەواو نابێ.

بەلاّم من ئێستا ئەم وەزعەی دووەمم پێخۆشترە.

کەداخلی تاسلوجە بووی دەبێ ئیجازەت هەبێ وخۆت ببەستیتەوە وکامل حەریق وموسلەست..پێبێت, بەلاّم بچۆ هەولێرو کەرکوك ئەم بەزمە یاساییە نییە, ئەمەش ئازایەتی بەڕێوەبەرەیەتی (لیوا عومەر)ە کە باش وایە بکرێتە وەزیری ناوخۆو نموونەکانی زیاد بکرێت. ئاخر ئەم وڵاتە پێویستی بەخەڵکی وایە, لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆر خەڵك زەوقیان پێی نایەت.

-ئاخر چۆن نموونە نییە, حیمایەکانی بریکاری وەزیری ناوخۆ لەکارمەندەکانی دەدەن و کەدەبوو لەهەموو کەس زیاتر رێز لەیاسا بگرێت.

-ئاخر چۆن نموونە نییە, گوایە نامەی لێپرسراوێکی پلەیەکی نەخوێندۆتەوە وتویەتی بایاسا سەروەر بێت, کەچی لێی پەست بوون و گوایە دەبێ لەسەر کار لابرێ.

-بەلاّم گرنگ نییە لابرێ یان نا, بەڵکو ئەوە مێژوو دەینوسێتەوە کەچ رۆڵێکی لەم شارەدا هەبووە فلاّنە وەزیریش چۆن دەکەوێتە بەر لەعنەتی مێژوو.

*ئاخر تێناگەم, کەی بەرپرسانی ئەم وڵاتە, باش نابن و ورێزی هاوڵاتی و ئینسانەکان ناگرن و کارەکانیان بۆ رایی ناکەن و واز لەدزی و گەندەڵی ناهێنن و خۆیان چاك ناکەن,کەی..؟



## (( مۆبایل و مزگەوت ))

## (٢١)

-برادەرێك گێڕایەوە, کەهاوڕێیەکی ئەمریکی هەیە, بۆکاری پەیوەندی هاتۆتە کوردستان و لێی پرسیووە؟ ئەرێ ئەوە چییە؛ کاکە لەکوردستان هەرچی دەبینم, دەڵێ رۆژنامەنووسم.

-برادەرکەش لەئیحراجی وتبووی؛ وەڵلا لەکوردستان ئێستا هەر گەرەکێك دە رۆژنامەنوسو هەر کۆلانێك رۆژنامەیەك دەردەکات و ئازادیش خوا نەیبڕێ فووللە.

-دوو ساڵ پێش ئێستا, لەسلێمانی (٥٠٠)خەتی مۆبایل هەبوو, بەلاّم ئێستا هەر گوندێك (٥٠) هێڵی هەیە, تەنانەت وایکردوە, کاری دڵداری زۆر ئاسان ببێت. جگە لەکاری قانوونی, بەلاّم وایلهێاتوە ئێستا لەتەعزیە ومەرقەدو مزگەوتەکان نووسراوە تکایە مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە, وئەم زاراوەیە شوێنی(تکایە قەرز نییە بۆ تۆشی گرتۆتەوە...!)

تازەترین هەواڵیش دەڵێ؛ لەم رۆژانەدا لەکاتی خوتبەی جومعەدا پەیوەندیەك بۆ مامۆستا دێت و پێی دەڵێ؛ کۆبونەوەکە جێبهێڵە و کاری گرنگمان هەیە..!

-وایلێهاتووە لەمزگەوتەکان هەڵواسراوە تکایە کەدێیت بۆ نوێژ مۆبایلەکەت بکوژێنەوە, بەبۆچوونی سیاستمەدارانی کوردو جیهانی, پێدەچێت بەم نزیکانە (بن لادن و زرقاوی) فتوایەك بدەن دژی مۆبایل و حەرام بکرێت.



## (( دارفورییەکان و کوردو ئیسرائیل ))

## (٢٢)

هەرکاتێك ویستت تۆمەتێك بخەیتە پاڵ لایەنێکی شۆڕشگێڕو چەپ ونیشتمانپەروەرو ئازادیخواز, وەکو پیشەی هەمیشەیی وڵاتانی میلیتارو تۆتالیتاریست و دیکتاتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی, تۆمەتی ئەوەی بخەرە پاڵ کە(سەر بەئیسرائیلە...!)

چەند مانگ پێش ئێستا گۆڤاری (نیویۆرکەر) لەسەر زاری (سەیمۆرهێرش) ئیدعای ئەوەی کرد کەئیسرائیلیەکان لەکوردستانن ومەشق بەکۆماندۆزەکانی کورد دەکەن و چەك و تەقەمەنیان دەدەنێ و هاوکاریاندەکەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

لەم رۆژانەشدا سایتی ئینتەرنێتی گۆگڵ, لەسەر زاری (قدس پرێس)ەوە بلاّویکردەوە؛ کەئیسرائیلیەکان لەکوردستانن.

هەروەها رۆژنامەی( ئەلمنار)ی فەلەستینی لەچەند رۆژی رابردوودا, بلاّویکردەوە کەجەلال تاڵەبانی بەنهێنی سەردانی (تەل ئەبیب) ی کردووەو لەگەڵ ئارێل شارۆن کۆبوونەتەوە بەمەبەستی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

مانگی تەموزی رابردووش لەژمارە (١٤٢٦)ی گۆڤاری (الوطن العربی)دا نووسەری شۆڤێنی عەرەب (سەعید قەیسی) نوسیبووی (موساد چی دەکات لەکوردستان...؟)

ئەم تۆمەت و سیناریۆیانە هیچ تازەنین و کوردیش قەڵس ناکات, ئەوەش نەك لەبەرئەوەی ئەم قسانە راست نین, یان لەبەرئەوەی گوناهەو نایەوێت خۆی لەقەرەی ئەم پەیوەندیە بدات! بەڵکو لەبەرئەوەی گاڵتەی بەم

سیناریۆیانە دێت, کاتێك دەبینێ مەسەلەکە بانێکە دوو هەوایە, دەکرێت بپرسین؟

-بۆچی بۆ میسرو حوسنی موبارەك شەرمەزاری نییە, چەندین جار دەعوەتی شارۆن و وەفدی ئیسرائیل بکات بۆ شەرمەم شێخ و بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ تەلئبیب ببەستێ وگاڵتەی بەمەسەلەی فەلەستین بێت؟

-بۆچی بۆ تورکیا ئاساییە, ساڵانە دەیان فڕۆکە بنێرێتە ئیسرائیل بۆ چاککردنەوەو ئاسمانی وڵاتەکەی ئاوەڵا بکات, بۆ راهێنانی فڕۆکەوانە جولەکەکان لەدژی ئێران وسوریا وهاوکارییەکی توندو تۆڵ لەنێوان (میت و موساد) هەبێت...؟

-بۆچی بۆ عەلی عەبدوڵلا ساڵحی دیکتاتۆری هەڵبژاردنەکان رێژەی (٩٩.٩%)ی یەمەن عەیب نییە, داوای هاوکاری لەهێزی ئاسمانی ئیسرائیلی وکۆماندۆزی جولەکە بکات بۆ دەرپەڕاندنی عەلی سالم بیض نەیاری وخۆیشی بە میراتگری کێشەی فەلەستین بزانێ؟

-بۆچی بۆ دانیاڵ ئارامبۆی سەرۆکی کینیا, ئەنکەرەو یۆنان, عەیب نییە هاوکاری موساد بکەن لەدەستگیرکردنی ئۆچ ئالان و فرۆشتنی لەکاتێکدا میوان بوو لایان؟

-بۆچی بۆسۆماڵ و ئەریتریا نەنگی نییە, پەیوەندی بازرگانی ودیبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل گرێبدەن؟

-بۆچی بۆئەنکەرەعەیب نییە ئاوی شیرین راکێشێ بۆ ئۆرشەرلیم؟

-بۆچی بۆئێران عەیب نییە داوای بەستنی پەیوەندی نهێنی بکات لەگەڵ ئیسرائیل؟





-بۆچی بۆ عمان عەیب نییە, ئاڵای جولەکە لەو وڵاتەدا بشەکێتەوە؟

عەرەب و جیهانی ئیسلام وسیستمە میلیتارەکان هەرگیز نایەنەوێت وەلام بەم پرسیارانە بدەنەوەو واز لەو سیناریۆ چەواشەکاریە بهێنێت دژی کورد.

ئەگەر چی بزانین, کورد یەکەم گەل و نەتەوەنییەو سەرکردەکانیشی یەکەم کەس نین وبزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکانیشی یەکەم لایەن نین, بەم تۆمەتانە تاوانبار بکرێن, بەڵکو.

-چەند ساڵ پێش ئێستا حکومەتی سودان و وڵاتانی عەرەب, د.جۆن گەرەنگ و سوپای رزگاری گەلی سودانیان لەباشوری مەسیحی تاوانبارکرد بەپەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و لەوەڵامدا جۆن گەرەنگ وتی؛ بابچن سەیری ئاڵای ئیسرائیل بکەن بەسەر باڵەخانەکانیانەوە...!

-پێشتریش ئەم تۆمەتانە درانە پاڵ منصوری حکمت وحزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێران.

-بەربەرەکان و شۆڕشگێڕانی بیابانی خۆرئاواش هەمان تاوانیان ئاراستەکرا.

تازەترین هەواڵیش لەسایتی (الشرق الاوسط) بڵاوبووەوە لەم رۆژانەدا مستەفا ئیسماعیل دەڵێ؛ (پارتی دادو یەکسانی دارفورو بزوتنەوەی رزگاریخوازی دارفور) سەر بە ئیسرائیلن.

بەڵام سیاسەتی چەواشە بێ ئاکامەو ئیسرائیل دێوو درنج نییە خەڵکی پێ بترسێنن و خۆشیان بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ گرێبدەن...!





## ((ئینشیقاقی حزبی کوردی))

## (٢٣)

★نازانم بەکێ دەڵێن؛ بەڵام دەوترێت(بەردێك لەئاسمانەوە بەربێتەوە دەستی تۆی تێدایە...!) وشەی تۆ (راناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاك), بەڵام هێشتا ئەو کەسە (تۆ) دیار نییە کێیە..؟ ئەگەرچی من وشەی (تۆ) لێرەدا دەگۆڕم بۆ (ئێوە) بەڵام ئیتر ئاشکرایە لەگەڵ کێمە..!؟

★(ئینشیقاق) وشەیەکی عەرەبیە, بەڵام کورد زیاتر چانسی پێیەتی؛ من دڵنیام فاکتەری خۆی هەیە, بەڵام دەستی ئەملاولای تێدایە...؟

باچەند نموونەیەك بهێنمەوە لەناوحزبی کوردی و دەوروبەر وەکو تازەترین نموونە:

-رەوتی نیشتمانی کوردستان -لەحزبی زەحمتکێشانی کوردستان جیابوەوە.

-کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران -لەسازمانی کوردستان حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) جیابوەوە.

-حزبی شیوعی کوردستان_باشور- لەحزبی شیوعی کوردستان جیابووەوە

-پارتی وڵاتپارێزی کوردستانی باکور- لەPKK جیابووەوە.

-پارتی پارێزگارانی کوردستان (لقی کوڕان)- لەپارتی پارێزگارانی کوردستان (لقی باوك) جیابونەوە

-سازمانی خەباتی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران (برای گچکە) -لەسازمانی خەباتی نەتەوایەتی ئیسلامی کوردستانی ئێران (براگەورە) جیابووەوە.

-بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان (هەولێر)-لە بزوتنەوەی دیموکراسخوازنی (سلێمانی) جیابووەوە.

-حزبی رزگاری کوردستان (هەرێمی زەرد) -لەحزبی رزگاری کوردستان (هەرێمی سەوز) جیابووەوە

-بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان -لەبزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان جیابوەو

-چریکە فیدایەکانی خەڵکی ئێران (اقلیەت) -لەچریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران (ئەکسەریەت)جیابونەوە.

-کۆمەڵەی نەتەوەی کوردستان (هەولێر) -لەکۆمەڵەی نەتەوەیی کوردستان (سلێمانی) جیابونەوە

*لەم ڕۆژانەشدا. حزبی کۆمۆنسیت کارگەری ئێران (حیکمەتیست) -لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران جیابونەوە, هەرئەم حزبەش پێشتر بزوتنەوەی بنیادنانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی ئێرانیان لێ جیابووەوە.

-بزوتنەوەی بنیادنانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی عیراق -لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق جیابووەوە.

-حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران -ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر- لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیابووە ئێستاش دەنگۆی جیابونەوەیەکی نوێ هەیە.

*ئەمانە هەمووی بەلایەك , بەڵام من دەترسم بارودۆخەکە زیاتر بشێوێ و ئەمانەش ببنە دوولەت.

بەڵام زۆرکەس دەڵێن زۆر ئاساییە, ئەوەنییە تائێستاش کۆریای باشورو باکور ئینشیقاقیان تێکەوتوە ئێرلەندای باکورو باشورو قوبرسی باکورو باشوریش هەیە.

لەوەش نوێتر ئەوەنیە (یەکێتی وپارتی) دوو هەرێمی زەردوسەوزو دووئیدارەی هەولێرو سلێمانیان دروستکردووە.

تۆبڵێی؛ ئەم ئینشقاق و دوولەت بوونە وەکو چۆن پسپۆرانە یەکێتی وپارتی کوردستانیان لەتکردوە, دەستی ئەوانی تێدانەبێ وئەو (تۆ)یە کە لەرێزمانی سیاسی کوردیدا پێناسەی بۆ ناکرێت نەدۆزرابێتەوە...!!





## (( مەکسی تەوزیعکردن...! ))

**(٢٤)**

حزبی سیاسی کوردی ئەوەندەی گیرۆدەی کاری کەمینەیە, ئەوەندە بڕوای بە کاری دەستە جەمعی نییە. ئەوەندەی حەزی لەنهێنی و شت شاردنەوەیە, هەرگیز قەناعەتی بەشەفافیەت و کرانەوە نییە. جگە لەوەی هەرگیز ڕووداوو باسەکان لەکاتی خۆیدا ناڵێت و دەیشارێتەوە. کاتێکیش کەهەموو شت لەدەست دەردەچێت. ئەوسا نهێنیەکانو بەڵگەنامەکان دەردەکەون.

هەربۆیە بەئەزمونی (١٣) ساڵی ڕابردووی یەکێتی و پارتی شاهیدی هەموو ئەو بۆ چوون و سیناریۆیانەی سەرەوە بووین. ئیتر وا یلێهاتووە خەڵك قەناعەت بەراستیەکانیش ناکات.

-کەس نازانێ ئەم دوو حزبە و گشت حزبەکانی تر لەکۆبونەوە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیەکان باسی لەچی دەکەن؟ جگە لەوەی ئەم دوو دێڕە دەیان هەزار جار گوێمان لێ بوو (باس لەبارودۆخی سیاسی کوردستان و عیراق ناوچەکە کراو پەیوەندی دۆستانە جەختی لەسەر کرایەوە..!) لەکاتێکدا هیچی ڕاست نییە. هەموو ئەو هەواڵ و دەنگوباسانە تەنانەت لایەنگرو نوێنەرەکانی خۆشیان دەشارنەوەو ئێمەش شتە شاراوەکان لە (جەزیرەو BBC)یەوە دەبیستین.

-ئێستا کەسەرو بەندی هەڵبژاردنەکان نزیك بۆتەوە هەردوولا ڕایانگەیاند؛ کەدەیانەوێت بەلیستی هاوبەش دابەزن..! بۆ...؟ لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان...؟ ئایا دەبێ ئەم قسانە ڕاست بێ؟ لەبەرخاتری خەڵکە, یان لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی هەردوولایە...؟

گەر وامان دانا لەبەر بەرژەوەندی خەڵکە, ئەی باشە بۆچی, لەبەرخاتری خەڵك ئامادەنین ئیدارەکانتان





بکەنەوە, بەیەك کەدوای هەڵبژاردنیش بۆتان ناکرێتەوە بەیەك...؟!

-ئەی بۆچی شەڕی ناوخۆتان کردو زیاتر لە (٤٠٠٠) کەستان بەکوشتدا...؟

-ئەی بۆچی چارەنوسی ئەو بێ سەروشوێنانە دیاری ناکەن, کەلەو شەڕەدا. گیران یان کوژران؟

-ئەی بۆچی, داهاتو بودجەی هەردوولاتان بەخەڵکی نالێین؟

-ئەی بۆچی ناهێڵن حزب و لایەنەکانی تر لەپرۆسەکان و لەنهێنیەکانی کە تایبەتن بەچارەنوسی کورد ئاگادارو بەشداربن؟

-ئەی بۆچی زۆرینەی کورسیەکانتان لەناو خۆتاندا وەکو برا بەشکردووە. کە خەڵکی دەپرسن..؟ دەڵێین بەشی خەڵکی تریشمان داوە..! ئاخر خەڵك و لایەنەکان مافی خۆیان لەوەش زیاترە و ئیتر بۆچی پێیان دراوەو حسابی خێریان بۆ دەکەن...؟

-بۆچی لەزۆر شوێن. خەڵك سزا دەدرێت و زیندانی دەکرێت, چونکە بەخاتری ئەوان نییە..!

کەواتە مەسەلەکە روونە. کەئەم یەکگرتن و لیستی هاوبەشەش لەبەرخاتری کورد نییە, بەڵکو مەترسیەکان وا دەکەن وزەوروەتی مێژوویی تایبەت بەحزب وا دەکات. لە دەستدانی ئیمتازەکانی حزبە وا دەکات ئەم مەسەلەیە خۆی بسەپێنێ.

ئەگەر نا خۆ چەند هەفتە پێش ئێستا بوو سەنگەر گۆڕینەوە خەریکبوو شەڕێکی ناوخۆیی تر دروست بکات.

چەند ڕۆژ پێش ئێستا بوو کەوتبوونە پارە بەخشینەوەو مەکسی تەوزیعکردن بۆ کچان و ژنانی شارەزوور لەبەر ئەوە مەسەلەکە کورد نییە, بەڵکو حزبە...!

## ((با وەزیری پەروەردە دەست لەکار بکێشێتەوە...!))

## (٢٥)

هەر کەس وەزیر بێ, یان لەپۆستێکی ئیداریدا بێت, پێویستە شارەزاییەکی باشی هەبێت لەکاروباری ئیدارەو خەرجی و داهاتو گەر ئەمەش نەکراو نەلوا, دەکرێت هەئیەتێکی شارەزاو پسپۆر خەریکی کاری وەزارەتبن بۆ کارەکانی ئەو ساڵەو نەخشەو بەرنامەی جدیان هەبێت بۆ ئەکتیڤکردنی پرۆسەکان.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە, وەزارەتێکی پەروەردە, کەبنەمای سەرەکی گەشەی فیکری و مەعریفی و رۆشنبیری و پێگەیاندنەو رۆڵی پۆزەتیفی هەیە لەسەرخانی کۆمەڵگادا, نەتوانێ کارەکانی راپەڕێنێو ئیفلیج بێت.

ئەوە چ وەزارەتێکە نەتوانێ بودجەی ساڵانەی لەخزمەت کوردستانێکی وێراندا خەرج بکات؟ بودجەی ساڵانەی وەزراتی پەروەردە بۆ ساڵی (٢٠٠٤)(٢٥٣) ملیار دینار بووە, بەڵام تەنها (١١٩) ملیار دیناری خەرج کردووە, واتا (١٣٤) ملیار دیناری لەبودجەدا ماوە, چ بەڵایەکە بەسەر ئەم وڵاتەدا دێت.

-هێشتا کتێبەکانی بەعس و وێنەی سەدام و کەلتوری بەعسیزم بەناخی کتێبەکانەوە دیارە, کەچی وەزارەت بەو هەموو پارەوە نەیتوانیەوە هیچ بکات...!

-هێشتا لەشارێکی وەکو سلێمانی, تەنها یەك خوێندنگا لەسەرەتاییەوە تا دواناوەندی نییە, کەتەنها یەك دەوامی تێدابێ, بەپێچەوانەوە هەموو خوێندنگاکان, دوو دەوامو



سێ دەوامی تێدایە, ئەی خانمی وەزیر, بۆچی (١٠٠) خوێندنگات دروست نەکرد...؟

بۆچی ئەو پارە زۆرەت نەدایە (٥٠٠٠) کۆمپیوتەرو دابەشی بکرێتە سەر خوێندنگاکان, گەر قسەش ئەوەیە, کەهەیانە بیخستایەتە گەنجینەوە...!

-بۆچی ئەو پارە زۆرەت نەدابە ( قرتاسیەو بۆ ساڵی داهاتوو دابەشی بکەیت...؟

-بۆچی نەتدا بە(٥٠٠) پاصی کۆستەرو خوێندکارانی پێ بگوێزنەوە؟

-من نازانم چ حیکمەت لەپشت خەرج نەکردنی ئەم بودجەیەوە هەیە..!

گەر سوور بزانی بۆ ساڵی داهاتوو, لە بودجەکەت کەم دەکرێتەوە, چونکە تۆ نەتوانیوە پارەکە خەرج بکەیت...!

کەچی خانمی وەزیر دەڵێ؛ من بەرپرسی نیم لەخەرج نەکردنی بودجەی ساڵی پار...!

ئەی خانم کێ بەرپرسیارە...؟ خوێندکار..؟ مامۆستا...؟ ئایا نەدەکرا لەهەر رێگایەك دابێت, ئەو پارە زیادە, بەڵام لەرێگایەکی مشروع و یاساییەوە لەخزمەت پەروەردەدا خەرج بکرێت...؟

بێگومانم, جەنابی وەزیر ناتوانێ بڵێ, نەخێر...!

من دڵنیام, گەر لەئەوروپا وەزیرێك توشی ئەم قەیرانە بێت نەك پاکانە ناکات, بەڵکو بێ سێ‌ودوو, دەست لەکار دەکێشێتەوە؟

بۆیە باشترین کار, کەخانمی وەزیر بیکات دەبێ دەست لەکار بکشێتەوە...!



## ((بەزمی دەنگدان))

## (٢٦)

سی ژانویەی ئەمساڵ خەڵکی عیراق و کوردستان چوونە پای سندوقەکانی دەنگدان, بەڵام کۆمەڵێك سەیرو سەمەرەی خۆش لەناو پرۆسەی هەڵبژاردن روویداوە, دیارە ئەمەش هەر بەدیموکراسی حسابەو بۆ ئەزمونی دیموکراسی وڵاتەکەشمان باشە. لەوانەی کەلەسەر فۆرمی دەنگدانەکان نوسراوە.

-دەنگ دەدەم بەبۆش, نەك بەئێوە...!

-کورە دەبرۆن...!

-ئەوە نین...!

-زەویتان داوە بەکێ, بائەوە دەنگتان پێبدا...!

-دەنگ دەدەم بەخاڵە عەلاوی (لەکوردستان)

-دەنگ دەدەم بەخوا.

-ژنێك ویستویەتی دەنگ بەلیستی ئیسلامی بدات. دەنگیان بۆ حزبێکی علمانی بۆداوە.

-پیاوێك وەرقەیەکی نوسراوی پێ بوو بۆ لیستی سۆسیالیست, لەبەردەرگا گۆڕیویانە بۆ حزبی دەسەڵات.

وەلحاڵ و لەهەمووشی خۆشتر, برادەرێك نیازی نەبوە بچێ دەنگبدات, بەڵام دواین رۆژ کە گوێ لە هەڵمەتی راگەیاندن بووە, کەوتوویانە هەولێریش دەکەین بەسلێمانی, وتویەتی بەخوا من سلێمانی نادەم بەپاریس, جا تا سلێمانی نەکراوە بەهەولێر, بابچم دەنگی خۆم بدەم.

-لەوە خۆشتر, دووکەس مناقشەیەکی زۆر گەرمیان بوو, لەسەر ئەوەی کەیەکێك لەحزبەکان تزویری کردوە,

نوێنەری حزبی تەزویرچی دیفاعی لەحزبەکەی دەکرد, کەتەزویریان نەکردوە, مناقەشەکە زۆر گەرم بوو, کەخەریکبوو بقەومێت. لەولاوە پۆلیسێکی دارستان هەڵیدایە وتی؛ وەڵلا سێ جار دەنگم داوە...!

-لەهەمووشی خۆشتر پیاوێك كە ژنەکەی سەربەحزبێکی ترەو بەڵێنی داوە کە دەنگ بەحزبی پیاوەکەی نەدات, کاتێك چوونە پای سندوقەکانی دەنگدان, بۆتە دەنگەدەنگیانو و کابرا بەژنەکەی وتووە, وەڵلا سێ بەسێ تەلاقت دەدەم دەنگ بەحزبەکەی من نەدەیت و ژنەکەش سورو دەبێ لەسەر قسەی خۆی.

تادوایی مامۆستاکان دەچنە ناوبژیەوەو ژنەکە قەناعەت پێدەکەن دەنگ بۆحزبی مێردەکەی بدات.

ژنەکە دەنگ دەداتو دەڵێ یاخوا پێتان حەرام بێت...!



## ((بژی ئۆچ ئالان. بمرێ ئاپۆ))

## (٢٧)

-سیاسەت زۆر قۆڕە...!

-سیاسەت دایك وباوکی نییە...!

-سیاسەت قوڵە.

-سیاسەت یەعنی درۆ...!

ئەمانەو کۆمەڵێك رستەی تر,چەند شتێکن رۆژانە لەلای خەڵکی ئاسایی دەوترێتەوە.

ئێستا سیاسەت وایلێهاتوە, بەبێ ئەوەی شارەزایت هەبێت دەتوانی قسەی تێدا بکەیت.

بۆنموونە, دەتوانی بڵێی, ئەو قەتڵ و عامەی باشورو ناوەڕاست جیهادە, ئەمە قسەی کۆلکە مەلایەکە کەتا دوێنێ پیاوی بەعس بووە کەلێی دەپرسی بۆچی؟

-دەڵێ ئەمە قورئان وادەڵێت..!

-برادەرێکم هەبوو. وتی وەرە بابچینە لای فلانە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی(...) پێتبناسێنم چووین و بووە گفتوگۆ, برادەرەکەم, کەسەری لە سیاسەت دەرناچێت و ئیشەکەی نانەواییە, دەستیکرد بەباسکردنی مارکسیزم باسی شتی وایدەکرد, قسەی ئوسامە بن لادن بوون.

-لەم رۆژانەدا دەڵێن, کاتێك(جەعفەری) سوێندەکەی گۆڕیوە.

ئەندام پەرلەمانێك وتوویەتی, ئەوە چی بووە, وتوویانە, مەسەلەکە فێڵە.

وتوویەتی, مشکیلە نییە...



-ئەم ماوەیە لە (تاران هاوڕێی کوردە ئێرانیەکەم کەلە زانکۆیە, بۆی گێڕامەوە

وتی؛ ساڵی ١٩٩٨ کەعەبدوڵا ئۆچ ئالان گیرابوو.

کوردەکان بانگەوازمانکرد بۆ خونیشاندان دژی دەستگیرکردنو پرۆتستۆکردنی سیاسەتەکانی تورکیا.

کاتێك خەڵکەکە خرۆشان, کوردێك کەدیاربوو کارگەر بووە. ئاگای لە سیاسەت نەبووە هاتە ناو خۆپیشاندانەکان و هاواری دەکرد.

(بژی ئۆچ ئالان) بمرێ (ئاپۆ)، بژی (ئۆچ ئالان) بمرێ (ئاپۆ).

وتی: بانگم کردە دەرەوەو وتم کوڕە هەی گێل ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ حەیات بردین.

کابرای کارگەر بەحسابی خۆی ئاپۆی دانابوو کە دوژمنە. دەستی لە گرتنی ئۆچ ئالاندا هەبووە.

دوایی کابرای کارگەر وتبوی.کوڕە(بەخوا سیاسەت قووڵە...!)

جارێك لەم کوردستانە گەورەیەی خۆشمان, برادەرێکی پێشمەرگە حیکایەتی شەڕی ناوخۆی بۆ برادەرێکی باسکردبوو وتبووی فلانە مەسئول (.....) زۆر ئازابوو لەوێ وامانکردو وامانکوشت و فلانە شوێنمان گرت.

کەچی برادەرەکەی وتبووی کاك (.......) یەکێتییە یان پارتییە...!

## ((ژن بۆ پۆلیس))

## (٢٨)

*برادەرێـك نیـازی ژنهێنـانی هـەبوو، بـەڵام زوو تێگەیشت ژنهێنـان ئەوەنییـە، بۆیـە نـەی دەزانـی چـۆن خۆی لێ بدزێتەوە، خوا كردی كچەكە سەهویەكی كردو تەلەفۆنی بۆ كوڕەكە كرد وتی؛

-چاوەكەم تاسبەی دەرفەتت هەیە، گەر نەیەتە داوام كوڕێكی دەوڵەمەند دێتە داوام و شووی پێ دەكەم.

-كوڕەكە وتی؛ لەمەباشتر نابێ دەرفەت.

-وتی؛ یەك دەقیقە مەوەستە..! شووی پێ بكە..!

-كچەی فـەقیر؛ درۆكـەی سـەری نـەگرت و لەهـەردوو دین بوو.

*كوڕێكی ساختەچیش، هەر كەپارەی پێ نەدەبوو، یان داوای ژنی دەكرد، یان دەیگوت دەڕۆم بۆ خاریج.

-باوكیشـی بەناچـاری پارەكـەی دەدایـە بۆئـەوەی وازبێنێ.

-ئەمجارە كوڕەكە گەڕا بۆ فێڵێكی تر.

-لەشەڕەكاندا، ڕۆژنامەیـەكی (وڵات)ی(PKK)ی هێنـاو لەبەرچاوی باوكی دەستیكرد بەخوێندنـەوەی و بـەباوكی وت؛ دەبم بە (PKK).

-بـاوكی وتـی؛ كاكـەگیان دانیشـە، وتـی؛ باشـە نـابم بە(PKK)، بەڵام سەیارەیەكم بۆ بكڕە.

-باوكی وتی بەسەرچاو..ئەوش فێڵی ژنهێنان.

-جاران یەكێك ژنیان بۆنەهێنایە، ڕایدەكرد بـۆ شـاخو دەبوو بەپێشمەرگە بەشێك لەوانەش كە ئێستا كوردایەتی





بەخـەڵك دەفرۆشـن‌و هـەموو شـتێكیان بـۆ خۆیـان حەڵاڵكردوەو دەڵێی حووتن بـەهۆی ژنهێنانـەوە چوونە شاخو ئەو (فەرهاد)ەی ئەمڕۆیان لێ دەرچوو.

-چەند ساڵی پێشووش، ژن زۆر بەگرانی دەستدەكەوت، ڕۆژێـك لەلادێیـەكی شـاربازێر كوڕێـك دەچـێتە داوای كچێك، كوڕەكە زنجیرێكی لەمل كردبوو. یەك قوتو جێڵی لەقژی دابوو، كابۆیەكی تەسكو...

-باوكی كچەكە، وتبووی؛ پێشكەشی بێت، دوایش لە كوڕەكـەی پرسـیبوو؛ كاكـەگیان لـەكوێ دادەنیشـی...؟

كوڕەكە وتبووی لە(قالاوا)...!

-باوكەكە وتبووی؛ بۆ تۆ لەخاریج نەهاتویتەوە، وەڵڵا من كچی خۆم دەدەم بەخاریجی.

-كوڕەكە وتبووی وەڵڵا من پۆلیسم...كابرا وتبووی؛ ببورە كاكەگیان من كچی خۆم نادەم بەپۆلیس.

-لەوەش خۆشتر، دوو هەفتە لەمەوبەر هاوڕێكەم وتی؛ لە(حاجی ئاوا) چووینە داوای كچێك بـۆ هاوڕێكـەم كـە لەئەڵمانیاوە هاتبووەوە.

-پاش قسەكردن، باوكی كچەكە وتبووی؛ كاكە ئێشت چییە؟ لەكوێ دادەنیشی؟

-كوڕەكە وتبووی قوربان لـەمطعم لەئەڵمانیا، كابرا وتبووی؛ كوڕە بابە من كچی خۆم چۆن دەدەم بەخاریجی.

-مـن كچـەكەم دەدەم بـەپۆلیس، پـۆلیس، مـانگی (٥٠٠٠٠٠) هەزاری هەیە.





## ((پۆخڵەواتی دەسەڵات))

## (٢٩)

ڕۆژنامـە وەكـو دەسـەڵاتی چـوارەم، یەكێكـە لەپایـە سـەرەكیەكانی دەزگـاو دامـەزراوە مـەدەنی ولیـبرال ودیموكراسیەكانی جیهانی پێشكەوتوو، بەڵام هێشتا لێرە وەزعی زۆر خراپە وگەر كار وابڕوات دوورنییە پاشەكشە نەكات.

-لەئـەوروپا كاتێـك ڕۆژنامەیـەكی ئـەڵمانی لەسـەر یـەكێك لـەوەزیرەكانی نوسـیبوو كـەدزی كـردوە ناچـار جەنابی وەزیـر دەسـتی لەكاركێشاوە، كەچـی لێـرە، گـەر لەسـەر مودیرعـامێكی دائیـرەی كارەبـا بنووسـی وبڵێـی كارەبـای شـارێكی پـێ دابینناكرێـت ودەفـەرموو؛ وەرە خواروەو كۆڵبدە لەكارەبا وخەڵك، حكومەت لـەداخی ئـەو ڕۆژنامەیە دەیكات بەوەزیر ودەڵێ؛ یا ڕۆژنامەنوس هەر بۆخۆی بڵێ؛ ئەمە كوڕی حزبە..!

-گەر ڕۆژنامەیەك، پەنجە بخاتە سەر مسئولێك وبڵێت ئەمە خەریكی ئافرەتی سۆزانیە وشەوانە بەهۆی دانس و دیسكۆو مشروب خواردنەوە گەڕەكی هەراسانكردووە؛ بۆ ڕۆژی دوایی دەیهێننە سەر تەلەفزیۆن و وجاری وایە بۆ تەلەفزیۆنی فەزائیش وكاكی پێشكشكاری بەرنامە دەڵێ؛ (فلانـی كـوڕی فـلان) ئەنـدامی پایـە بـەرزی حـزب ولێپرسـراوی فلان دەزگا و شارەزاو پسپۆر لـە كاروباری ژنـان و كاروبـاری ئـەمنی قـەومی و سـەرۆكی لیژنـەی پاراستنی ئارامی سەرو سەرو ماڵی هاوڵاتیان.

-گەر ڕۆژنامەیەك ڕاپۆرتێك لەسـەر گەنـدەڵی مـدیرو وەزیرێك یان دائیرەیەك بنووسێت.

پاش یەك مانگ، کاکی مودیر، جیا لەوەی بەرنامەی راستەوخۆی بۆ سازدەدەن؛ بەیەك دەفتەر دۆلارەوە دەینێرنە ئوردن بۆ خولی راهێنانی گەندەڵی و کەهاتەوە بۆ کوردستانیش؛ جگە لەوەی چوارپێنج وەسڵی تەزویری هێناوەتەوە کەپارەکەی بدەنەوە، بۆتە پسپۆری دزی و گەندەڵی؛ دەیکەنە سەرۆکی لیژنەی بنەبڕکردنی گەندەڵی و چاکسازی ودەڵێن؛ جا رۆژنامە چییە؛ کێ گوێی لێدەگرێت...!

-گەر رۆژنامەیەك بڵێ؛ تکایە خانووەکانتان مەکەنە چوارقات وتەنهایەك خانوو یان دوان بەسە، خەڵکیش گوناهە.

پاش سێ مانگ، نەك بەدوان و سیان ناوەستێ؛ بەڵکو لەرێگای عەرەبەت یان شەقڵاوە شازی خانوو وباخ دەکرێ و لەرێگای بازیان وسۆران چوار دەواجین و دوو بەنزیخانە و دوومەعمەلی بلۆك دەکرێ و لەناو شاریش خانووەکەی دەکاتە بورجی عاج و بۆخانوی نوێشی؛ تەلەفون دەکات بۆ ئیتاڵیا؛ تۆخوا خەریتەیەکی جوان و سپۆرتم بۆ بنێرن لەسەر (CD) خانوی نوێی لەسەر دروستدەکەم؛ گرنگ نییە چەند دەفتەری تێدەچێت وبارۆژنامەنویش سیر بخوا و زورنا لێدا.

-لەهەمووی خۆشتر؛ پار ساڵ، رۆژنامەیەك لەسەر مەسئولێکی نوسیبوو. نیوەڕۆ تەلەفون بۆ کاکی مەسئول دەکەن؛ کەرۆژنامەیەك شتی لەسەر نووسیوی؛ بانگی حیمایەکانی دەکات؛ بڕۆن سەرنووسەرەکەی پەتکەن بۆ ئێرە...

ئەو رۆژە سەرنووسەرەکەی نادۆزنەوە، وبرادەرێکی سەرنوسەرەکە دەڵێ؛ گەر چویتە لای و بانگی کردی؛ بڵێ





من ئەم هەواڵەم کەلەسەر تۆ نووسیوە لە کاك(٠٠٠٠) وەرگرتوە، دیارە کاك(٠٠٠٠) مەسئولی ئەم بەچکە مەسئولەیە، کاتێ سەرنوسەر دەچێتەلای؛ دەڵێ ئەم هەواڵەت بۆلەسەر من نووسیوەو کێ پێداوی.

سەرنووسەرەکە دەڵێ؛ کام هەواڵ...؟

بەچکە مەسئولەکە دەڵێ؛ نازانم، تەلەفونیان بۆ کردوم، کە رۆژنامەکەی تۆ لەسەرمنی نووسیوە.

-یەعنی تائێستا رۆژنامەکەت، نەبینیوە ونەتخوێندۆتەوە، چیت لەسەر نوسراوە؟

-نەخێر

-سەرنووسەرەکە دەڵێ؛ کاکە گیان ئەم هەواڵەم لەکاك (٠٠٠٠) وەرگرتوەو ئەمەش رۆژنامەکەیە بۆم هێناوی بیخوێنیتەوە. قور بەسەر خۆت و ئەو کەسەش تۆی کرد بەمەسئولی ئەم میللەتە قورِ بەسەرە...!





## ((ترۆپك وترۆ))

## (٣٠)

⋆ئەوەچییە بۆتۆ حەلاڵ و بۆمن مەحاڵە؟

کوڕی مسئول نیت و فیزەی نەمسا وەرناگریت..!

⋆ئەوەچییە بۆتۆ ئاسانە و بۆمن گرانە..؟

حزبی قائید تەسکیەت ناکات و نابیتە راوێژکاری وەزیرو مانگی (١٠٠٠.٠٠٠)ملیۆن ی کاش ببچڕێ...!

⋆ئەوە چییە بۆتۆ هایەکەو بۆ من گایەکە؟

کاکە ١٠ساڵ پێشمەرگە بووی و وەکو موستەشارەکان تا راپەڕین جاش نەبوی.!

⋆ئەوەچییە، بۆمن سەرئێشە و بۆتۆش سەفایە؟

-تۆ پێشمەرگەی بەسیتیت و کابرای جاشیش کراوە بەرائید لەلیستی تقاعیدی و مانگی (٤٥٠٠٠٠) کێش دەکات...!

⋆ئەوە چییە منیش هیلاکم و کەس پێی نازانی...؟

-خۆ لەرۆژنامەی رۆژانە نیت، تامەعاشی یەك مانگت بەقەدەر ستافی رۆژنامەیەکی هەفتانە بێت، چونکە حکومەت لەخۆمانەو حزبی قائید لەخۆمانە...!

# (( پۆخڵەواتی رۆژنامەنوس ))

## (٣١)

دەسەڵاتی چوارەم لەکوردستان فول پراکتیزەکراوەو هەرسێ دەسەڵاتەکەی تر(یاسادان, جێبەجێکردن و دادگا)ی بۆڕداوەو چەند ساڵی تری پێبچێت. فەرەنسا ویۆنان وئەسکندەناڤیا ناگەنە یەك لەسەرچواری ئێمە, بێگومان ئەمەش لەسایەی رۆژنامەنوسی کوردەوەیە.

ئەرکی رۆژنامە؛ چاوەدێری دەسەڵات وپەنجە دانانە لەسەر دیاردە دزێوو ناشیرینەکان و گواستنەوەی قسەی خەڵکی وشەقامە بۆسەر لاپەڕەکان و چارەسەرکردنیانە, بەڵام دیقەت لەم نموونانە بدەن؛

-رۆژنامەنوسێك کەلەرۆژنامەو لەحکومەت کاریدەکرد؛ تەعین بوونی رۆژنامەنوسێکی هاوپیشیەکەی خۆی راگرت؛ تەنها لەبەرئەوەی حکومەتی ناوبردبوو بە حکومەتی هەربێنە...!

-رۆژنامەنوسێك کەهەمیشە خەریکی ماستاوکردنە و هاوپیشەکەی کە وەزیریشە, دەستوختی هێندە ناخۆشە (فیل) بۆی ناخوێندرێتەوە, کەچی پێدەڵێ؛ بەخوا خەتی خۆشە.خۆزگە منیش دەستوخەتم وابوایە...!

-رۆژنامەنوسێك بۆکاری ریپۆژتارێك چووبوە لای سەرۆکی شارەوانی؛ بەڵام پێش ریپۆرتاژەکەی داوای پارچەیەك زەوی کردبوو بۆخۆی..!

-رۆژنامەنوسێك, کاری هەرئەوەیە, کەی مسئولێك کتێبێکی چاپکرد؛ خێرا دێت رانان و خوێندنەوەیەکی بۆدەکات ودەیکات بەکتێبی خەونەکەی فرۆیدو ئیرادەی نیچەو چاوەکانی عەلەوی)..!



-رۆژنامەنوسێك؛ کەفول چەپ ومارکسی بوو, پێواوبوو مارکس نەیانتوانیوە, وەکو خۆی خزمەت بەچینی کرێکارو کۆمۆنیزمی کارگەری بکات. کەچی دەرچوو, نەك چەپ ومارکسی نەبووە, بەڵکو چووە پاڵ کۆنەپەرسترین فیکرو لایەن.

-رۆژنامەنوسێك, کەزۆر خۆی بەمۆدێرن دەزانێ, لەجیاتی طرحی تازەوجوان دەڵێ؛ بۆچی بە(پەیامنێر)ی کچ نالێن (پەیام مێ) وخۆشی فول مێبازو سەر ژنانییە...!

-رۆژنامەنوسێك کەفول حزبییە و جاروبار تەقریروشتی وادەنوسیت, مقالەیەکی پڕ ماستاوی نوسیووە, لە بێ کەڵکیدا دانەبەزیبوو. کەچی بەکاکی سەرنووسەر دەڵێ؛ لەترسان ناوێرن بڵاوی بکەنەوە..چییە بابەخۆ باسی سیاسەتەم نەکردوە...!!

-رۆژنامەنوسێك دەڵێ؛ زۆرم رق لەماستاو و مەدح و موجامەلەو حزب و سیاسەت ودزو گەندەڵی ومونافقیە. کەچی بۆنوسین یەك ماستاوچییە؛ مەکینەی یابانی وەی بەحاڵی؛ بۆ مەدح ومجامەلە متنبی شاعیر نایگاتێ.

لەئۆرگانێکی حزبی کاری تەقریر نووسینە لەهاوپیشیەکانی, کەدەچێ بۆ کارێکی رۆژنامەنوسی, وەصڵی دووقات بەنرخی زیاتر دروستدەکات و بۆگەندەڵیش بەلای مزگەوتدا بڕوا بەرماڵێك دەبات, ئوسامە بن لادن و زەرقاوی بەروبعێکی ئەو موناقق نین.

-رۆژنامەنوسێکی تر؛ تەسجیلێکی کڕیووە, فول مواسفات (١٢٠) دۆلاری پێداوە, ئەوەندە حەساسە لەدووری (٤-٥)م دەنگ تەسجیل دەکات. بۆ ریپۆرتاژ زۆرمهیمە, بەڵام کاکی رۆژنامەنوس, تائێستا یەك ریپۆرتاژی پێ نەکردووە, بەڵکو تەنها خەریکی تەسجیلکردنی قسەی برادەرو هاوپیشەکانیەتی و



خواخوایەتی یەکێك بڵێت (حزب) یان کاك(...) گەر مەسئولی دەزگای تایبەت بڵێ وانییە, دەڵێ؛ قوربان فەرموو گوێ بگرە چۆن باسی حزب و جەنابت دەکرێت.

-رۆژنامەنوسێك؛ وادەزانێ کەس خوێندوارنییە و بە حساب بەس ئەوشت بڵاودەکاتەوە, کەچی دەچێ شتی رۆژنامەنوسەکانی تر وەردەگرێت و جاروبار عینوانی بابەتەکان دەگۆڕێ و؛ بەناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە..

-رۆژنامەنوسێك پاش ئەوەی سێ پارچە زەوی وەرگرت بەئاوارەیی خزمەتکرا, کاتێك زانیان بۆتە جاسوسی وڵاتێك تڕۆیانکرد, کەچی ئێستا دەڵێ؛ هەرچی ئازادی بێ لەم وڵاتەدا نییە.

-رۆژنامەنوسێك؛ کەهەرگیز بڕوای بەمەسەلەی ژنان نییەو بەقەدەر مەلا عومەری تاڵبیان و موقتەدا سەدر کۆنەپەرستە٠ هەفتەی سێ مقالەو دووکورتە گۆشەو دووستون لەسەرمافی ژنان دەنوسێت, لەسەرمێزی دانیشتن دەڵێ کوڕە بابە بەخوا ئافرەت تەنها بۆ (٠٠٠٠)کراوە.

-رۆژنامەنوسێك پێیوایە مارکس ونیچە بەئەسڵ کوردن وهەمیشە مناقشە دەکات, بەڵام دەڵێ؛ من هیچ رۆژنامەو گۆڤارێك ناخوێنمەوەو لەساڵی (١٩٩٢)ەوەش هیچ شتێکم بڵاونەکردۆتەوە بەمەرجێك موالیدی (١٩٧٩)یە وبەدەمی خۆیش دەڵێ؛ تەنها یەك جارشتم بڵاوکردەوە, وازم هێناوە, کەچی پێی عەیبە, بڵێ؛ هیچ شوێنێك شتم بۆبڵاو نەکاتەوە. هەمیشە کۆتایی مناقەشەکان بەوە دێنێ چاکترین حزب (٠٠٠٠) سەرۆکی (٠٠٠٠)!!

نموونەی تر زۆرن, بۆیە دەڵێم وەزعی رۆژنامەنوسی کورد زۆر باش نییە..!

## (( حەیابەرە ))

## (٣٢)

★کاتی خۆی دەگێڕنەوە لە گوندی (بێژوێ)ی ناوچەی ئالانی سەردەشت لە خۆرهەڵاتی کوردستان خەڵکەی ڕێککەوتن کەبۆ رایکردنی کارەکانیان و زانینی کات و سەعات، چارەیەك بدۆزنەوە، بۆیە بڕیاردەدەن بەهەموویان پارە کۆبکەنەوەو (سەعات)ێك بکڕن و دوایی رازیدەبن سەعاتەکە لای کەسێك دابنێن (٠٠٠٠) و هەرکەس ویستی پرسیار بکات.

سەعات دەکڕێ و کابرا هەراسان دەکرێ و هەر رۆژە دەیان کەس دەچنە سەر کابرا، سەعات چەندە...؟ چەندی ماوە بۆ نوێژ..؟ کەی بانگدەدا..؟کەی...؟

کابرا دواجار دەگاتە تینی و هەراسان دەکرێت، تا رۆژێك هەموو خەڵکی ئاوایی کۆدەکاتەوەو دەڵێ؛ منیش وەکو ئێوە پارەم داوەو هیلاك بووم، بەڵام شەرت بێ لەکۆڵتان بکەمەوە، بۆیە (سەعات)ەکە لەسەر بەردێك دادەنێ و دەیشکێنێ و دەڵێ خۆ حەیاتان بردم، خوا ریسواتان بکات...!

★لەچەند رۆژی رابردووشدا فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) ی بەهمەنی قوبادی بەشداری فیستیڤاڵی ئۆسکار کردو جگە لەوەی رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٩) لەنێوان (١٠٠) فیلمدا بۆ ئۆسکاری (٢٠٠٥) پاڵێورا، خەڵاتی (سەن سباستیەن)ی ئیسپانی و چەند خەڵاتی تری وەرگرت.

کەچی راگەیاندنی پارتی دەیان جار، رایگەیاند؛ فیلمی(کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن) کەلەسەر ئەرکی سەرۆکی حکومەت بەرهەم هاتوەو لەهەولێرو دهۆك





وێنەگیراوەو فیلمەکە ئێمە پارەمان، داوەتێ و فیلمەکە ئێمە هاوکاریمان کردو فیلمەکە.....

بۆیە هەستدەکەم (کیسەڵەکان خەریکە شەق بەرن لەخەفەتدا) ئێ باشە کاکە کەیارمتیتان دا، ماڵتان ئاوا بێ ئیتر بۆچی خەریکە حەیمان دەبەن و رۆژانە بەچاویدا دەدەنەوە ئێ خۆ دەزانین بەهمەن خۆی گەورەیەو کوردەو جگە لەوەی لەسەر هەموو کەس پێویستە یارمەتی بدات ئەویش ئەوەی لەبەرچاوە. گەر مەسەلەکە سیاسەت نەبێ.

بۆیە گەر کار وابڕوات، دورنییە بەهمەن فیلمەکە ناوبنێ (کیسەڵەکان سەرتان بخەنە ناو خۆتانەوەو برۆنەوە ناو ئاوەوو ئیتر مەفڕن، حەیایان بردین...!

★ئەمەش وەکو مەسەلەی ئەو خاڵ و خوشکەزایەی لێهات، خاڵێك رۆژێك پۆلیس دەیگرێت و دەیخەنە زیندانەوە، خوشکەزاکەی دەچێت واسیتەی بۆ دەکات و بەری دەدات و دەیهێنێتە دەرەوە. وخاڵەکەی دەڵێ؛ زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام پاش هەفتەیەك خوشکەزاکەی هەموو رۆژ چەند جار خاڵی دەبینێ و پێ دەڵێ، خاڵە چۆنم بەردای...خاڵە چۆنم بەردای لەسجن..!

خاڵە چۆنم بەردای...ئەم شتە رۆژانە دووبارە دەبێتەوە، تاخاڵە ناچار دەچێتەوە بۆ سجنەکەو بەپۆلیسەکان دەڵێ؛ کاکە دەرگای زیندانەکە بکەنەوە، پۆلیسەکان دەڵێین . کاکە شێت بووی..!

تۆ ئازاد بووی لەسجن، بۆچی هاتویتەوە..؟

کابرا دەڵێ؛ کاکە لەزینداندا بم باشترە، خۆ خوشکەزاکەم حەیای بردم. رۆژ نییە چوارجار پێم نەڵێتەوە حەیام چوو..!





## (( حزبی سەرۆك ))

## (٣٣)

★لەهەموو سیستمە سیاسیەکانی جیهاندا، حزب نوێنەرایەتی کۆمەڵێك خەڵك دەکات، جا لەرووی ئیدیۆلۆژی، مەزهەبی، سیاسی... چینایەتیەوە..بۆ نموونە لە ئەمریکا (کۆماری ودیموکرات) قەت بەناوی هەموو ئەمریکاوە قسە ناکەن، تا لە هەڵبژاردندا، یەکالا نەبێتەوە. کە کێ زۆرینەیە.

★لەبەریتانیا (پارێزگاران وکار) و لەئیسرائیل (حزبی کارولیکۆد) نوێنەرایەتی بەشێکی خەڵکی ئەو وڵاتە دەکەن.

★بەپێچەوانەوە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی جیهانی سێ. کە سیستمی دیکتاتۆری و میلیتاری تێدا باڵادەستە. حزب خۆی بەنوێنەری هەموو گەل دەزانێ. تەنانەت بەئەوانەشەوە کەلەشاخ یان لەدژی دەسەڵاتی حکومەتن و ئۆپۆزسیۆنن.

★کوردستانیش بەو پێیەی لەناو ئەم کایە سیاسیەی جیهانی سێ دایە. بێ کاریگەر نییە لەسەر سیناریۆی دووەم و ئەم کلتورە سەقەتەی بەبەردا براوە.

ئەم نموونەمان لەهەموو پارچەکان هەیە، لە(باشور یەکێتی و پارتی)، دەڵێن حزبی کوردایەتی و رێبەری بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و سەرکردەو سەرۆکی بزوتنەوەی گەلی کورد. لە(خۆرهەڵات، حزبی دیموکرات)، بەهەمانشێوە بەناوی رێبەری بزوتنەوەی گەلی کورد لەئێران و لەباکور(pkk) خۆی بەرێبەرو میراتگری هەموو کورد دەزانێ و زۆرجار بەناوی کوردەکانی بلوجستان و تاجیکستان و ئۆزباکستانیش قسەی دەکرد، سەرۆك، سەرۆکی تەواوی گەلی کورد بوو.

*واتا حزبی کوردی وەکو (حزبی قائد، پێشڕەو) دەیەوێت خۆی بناسێنێت و سەرۆك و سکرتێرەکانیشیان وەکو کارێزمای کوردی بناسرێن.

لەکاتێکدا لەهەموو پارچەکان، چەندین حزبی شۆڕشگێڕو چەپ و ناسیۆنالیست و مارکسیست..هەن کەنوێنەرایەتی بەشێکی زۆری کوردو خەڵکی ئەو پارچانە دەکەن و خاوەنی خەبات ونفوسی خۆیانن.

گەر وابێ، ئەم حزبانەی تر پیاز پاك دەکەن. لەکاتێکدا لەهیچ هەڵبژاردنێکدا. ئەمە روون نەکراوەتەوەو گەر هەڵبژاردنیش بکرێت، هیچ کام لەو حزبانەی کەخۆیان بەحزبی قائد ناو دەبەن ناتوانن لە(٥٠%)ی‌دەنگەکان بەدەست بێنن..! کەواتا بەچی رێبەری سەرجەم گەلی کوردن..جگە لەوەی ئەمە گۆترەیە...!

*بۆیە باشوایە ئەم حزبانە دەست لەم دروشم و سیاسەتانە هەڵگرن و خەڵك بەدروشم و قسەی زل تێناکەوێت و هەر حزبەش خۆی باش سەنگ و قورسایی خۆی دەزانێ و خۆگیف کردنەوەش باوی نەماوە.

*ئەگەرنا، رەنگە حزبی کوردی، وەکو ئەو ئاغایەی لێبێ کە دەڵێین.

لەیەکێك لەگوندەکانی کوردستان ئاغایەك هەبوو. ناوی هەمزە ئاغا بووە، رۆژێك پێی دەڵێین. وەڵلا، قوربان هەمزە ئاغایەکی تریش دروستبووە ئەو ناوەی تۆی لەخۆی ناوە.

ئاغا تورە دەبێ، بۆیە هەمزە ئاغای دووەم دەکوژێت، کەدەپرسن بۆ کوشتت؟

-دەڵێ کاکەگیان چۆن دەبێ دوو هەمزە ئاغا لەیەك ناوچەدا هەبێ...!





## (( فشەی دەنگدان ))

## (٣٤)

بریار ..بڕیار..بڕیار لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا!

-قیرەتاوکردنی هەموو شەقام و کوچەو کۆڵانەکانی شارو شارۆچکەکان ودانانی نیشانەی هاتووچۆ ودروستکردنی دیواربەند بۆ گشت رێگاو بانەکان و چاککردنەوەی گلۆپەکانی سەرشەقامەکان.

-چاککردنی کارەبا بەشێوەیەك کە (٢٤) سەعات نەبڕێ و ململانێی لەگەڵ ژاپۆن بکات. لەبەر بەرژەوەندی هاوڵاتیان بەشێوەیەك کەدەتوانن (٥٠) ئەمپێر بەکاربێنێت.

-باشکردنی ئاوی خواردنەوە. بەشێوەیەك کەهەر رۆژێك لانی کەم (١٢) سەعات ئاوی سەرەکی هەبێت. بەتایبەتی بۆ گەڕەکەکانی کارێزەوشك وگاوڕان و..کەجاری وا هەیە. سێ رۆژ ئاویان بۆ نەچووە.

-تەلەفون دەدرێتە هەموو ماڵێك ودەتوانن دوو خەت راکێشن.

-هەوڵدەدەین. نەخۆشخانەیەکی (١٠٠٠) قەرەوێڵەیی دروستبکەین بۆ خزمەتی جەماوەر، بەشێوەیەك نەشتەرگەری (دڵ و مێشکی ) تێدا بکرێت.

-تەرخانکردنی بیمەی بێکاری بۆ ئەوانەی کەکاریان نییە.

-دابینکردنی پارچە زەوی بۆئەوانەی زەویان وەرنەگرتوەو تەرخانکردنی شوقەو بالاخانەی تایبەت بۆتازە زاواکان.





-دابینکردنی پاسپۆرت و فیزە بۆهەموو هاوڵاتیان. تالە ماوەیەکی نزیکدا لەفرگەی هەولێر وبەکرەجۆوە بۆسەفەربچنە واشنتۆن وسوید و.......

-دانانی تەلەفزیۆنێکی فەزایی و رادیۆیەکی نێودەوڵەتی ئەهلی تا خەڵك قسەی خۆی بکات و رەخنە لەحزب وحکومەت بگرێت، چونکە حکومەت حکومەتی گەلەو ئێوەش رۆڵەی گەلن...

-دەرکردنی رۆژنامەیەکی، ئازادو ئەهلی وفول ئازادو لیبراڵ بۆ رەخنەگرتن، گەر وانەبێ حکومەت پێش ناکەوێ...!!

-ئاسایش دەبێ بکرێتە دەزگایەکی مەدەنی وەك خانمێکی زانکۆ دەڵێ (شوێنی شەق شەقێنە..!) خەڵك چی دی نابێ بترسێی.

بۆ ئاگاداریتان

-ئەمانە هەمووی فشەن و قسەی سەرکاغەزن و تەنها بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنن، نەکەن بەم دروشمانە تێکەون...! چونکە ئەم بەڵێنانە دوای دوو مانگی تر ئیکسپایەر دەبن-ئیکسپایەر

## (( درۆ بۆ حکومەت ))

## (٣٥)

مرۆڤ کاتێك دەچێتە تاران‌و شارەکانی ئێران, بەزەیی بەم خەڵك‌و حکومەتدا دێت؛ ئاخر کەس مولیدەی نییە بیست‌و چوار سەعات فرە فرێ بێ‌و حکومەتەکەشی نالێ کاکە خەتای خوایە ئاو نییە...!

ئاخر کەس تانکی سەربانی نییە, مشوری ئاو بخوات وەکو کوردستان, برادەرەکەم لە سلێمانی دوو تانکی هەیە, ژنەکەی سوێندی خواردوە, لەداخی شاروانی ماڵەکەی بۆجێدەهێڵێت گەر دوو تانکی تر نەکڕێ..چۆن, ئاخر کاکی میراو, ئارەزووی لێ نییە ئاوەکە بکاتەوە و هەفتەی جارێك دەیکاتەوە...!

غاز بەبۆری هاتۆتە ماڵەوە, لێرەش بەبوتڵ, بەڵام نیوەی بەتاڵە...!

نەوت زۆرو زەبەندە, لێرەش فت, کەچی کاتێك لەگەڵ هاوڕێ فارسە تەبەرێزیەکەم موناقەشەمان بوو. ناچار سەدو یەك درۆم کرد, هەر لەبەر ئەوەی نەڵێن دوژمنی کوردەو لەلای بێگانە کورد دەشکێنێ. ئەو پرسی وەزعی کوردستان چۆنە...؟

-زۆرباشە کارەبا بیست‌و چوار سەعات, ئاو هەر مەپرسە . گازو غازو نەوت زۆرباشە. گەندەڵی ئیداری نییە و مسئولەکانمان هەر لەخەمی ئیش‌وکاری خەڵکیدان, شەقامەکان تاسەی نییە...!

هاوڕێ فارسەکەم وتی؛ یان بەفشە وا دەڵێی..؟!

-بەراستی پرسیارێکی سەیربوو. ئاخرچی وەڵام بدەمەوە...!





دوایی چوومە دەرەوە, وتم؛ تۆ بڵێی لێپرسراوەکانی کوردستان نەهاتبنە تاران, ئێ خۆ نیوەی ژیانیان لەئەوروپا بەسەربردوە. ئەی بۆچی فێری ئەو کارە باشانە نابن‌و چاو لەئێران‌و وڵاتانی ئەوروپا ناکەن...؟!

ئاخر حکومەتی سەوزو زەرد وا تەمەنی بووە (١٤) ساڵ کەچی هەر دەڵێن ساوایە و ساوایە...!

گەر وا بڕوات چەمکی (ساوا) دەبێ بە (١٤) ساڵ‌و ئیتر کەس بە منالی شەش مانگو شەش ساڵ ناڵێ ساوایە...!

-دوای دوو رۆژ, برادەرە فارسەکەم زەنگی بۆ کردم, کە دێم بۆ کوردستان...

وتم بەسەرچاو, بەڵام جارێ نەیەت باشە, چونکە زۆر ساردە؛ ئاخر گەر بێتوو ئێستا بهاتایە قسەکانم هەمووی درۆ دەر دەچوون.

بۆیە وتم بەهار, وەرە لەخزمەتدام, ئێ وتم؛ کاکە بەڵکو تا ئەوکاتە حکومەت بەخۆیدا بچێتەوەو کارەباو ئاو نەوتو غاز...چاك بکات. جا لەبەر خاتری ئەو خەڵکە بێ یان لەبەر راستکردنەوەی درۆکەی من...!

ئێستا هەر دوعا دەکەم, خوایە درۆکەم کەشف نەبێ‌و برادەرە تەبەرێزیەکەم جارێ پەیدانەبێ...!

تاران–ئێران

مەی–٢٠٠٥





## (( ریزی پێشەوە ))

## (٣٦)

*لەسەردەمی شاخدا, پێشەوەو بەرەی پێشەوەی شەڕو ریزی پێشەوە زۆر خەتەر بوو. تەنها خەڵکانی ئازاو شۆڕشگێڕ دەچوونەوە پێشەوە.

پێشمەرگەیەك کەماوەیەکی کەم بوو, ببوو بە پێشمەرگە, لەشەڕێکیدا کەوتبووە پێشەوە. کاتێك زانیبووی شەڕەکە زۆر قورسە ترسابوو, وتبووی؛ ئای (فەرهاد سەنگاوی) چۆن منت تووشکرد*

*بەڵام هاوڕێیان ئێستا بەرەی پێشەوەو ریزی پێشەوە, ئەو ترسەی نەماوەو زۆرخۆشەو هیچ مەترسیەکی نەماوە وشەڕە لەسەری, ئێستا گەر لەریزی پێشەوە, دانەنیشی لەکۆڕو کۆبونەوە وفیستڤاڵەکاندا! یەعنی هیچ نیت.

-گەر لەپێشەوە دانەنیشی, کە قسەت کرد چەپڵەت بۆ لێنادرێ و فتی.

-گەر لەپێشەوە دانەنیشی, لەکامێرای تەلەفزیۆنەکان دەرناچی ومقابلەش ناکرێت وحسابت دەڕوا.

-گەر لەپێشەوە شوێن نەگری, نوقڵ وشرینی وساردی وئاوت بەرناکەوێ وبرۆبە خەسار..!

-گەر لەریزی پێشەوە دانەنیشی خەڵك نازانێ کەمەسئوولی وخەباتی هەموو ژیانت دەڕوات.

-گەر لەریزی پێشەوە دانەنیشی؛ یەعنی شمولی ئەوە ناکەیت خەڵات توزیع بکەیت.

-وەلحاسڵ گەر لەپێشەوە دانەنیشی فتی کوڕی فتی.

-خۆگەر بێتوو کەسێکی ئاسایی وسادەبیت و لێت تێکبچێت وبچێت لەریزی پێشەوە دانیشی. پشتی ملت دەگرن و دەڵێن فەرموو بچۆ دواوە دانیشەئەوە شوێنی بەرێزان عومەر فەتاح و نێچیرڤان بارزانی و وەزیری فلان وفلان بەڕێوەبەری فلان وفلانە.

گەر بێتوو مناقشە بکەیت حیمایەکانیان, خوا بزانێ چیت پێ دەکەن.

-تۆ بڵێ ئەم بەرێزانە, بۆچی وا حەز لەپێشەوە بکەن و هەمیشە پێشەوەیان بۆ حجز کراوە..!

لەبەرئەوەی کاتی خۆیشی لەشاخ لەشەڕەکاندا لەریزی پێشەوەبوون وئێستاش بەحەقی خۆیانی دەزانن..؟ یان لەبەرئەوەی خەڵك بزانێ کەمەسئوول و گەورەن...؟

گەر وتمان بۆ حاڵەتێیەکەم, با ئاسایی بێت کەنابێ ئاسایی بێ بەڵام ئەی ئەوانەی بەعسی بوون یان موستشار بوون. چۆن رویان بێت بچنە پێشەوە.

حەق وایە لەکورسیەکان بنوسرێت! بامەسئولەکان نەچنە پێشەوەو خەڵکی شاعیرو نووسەرو چیرۆکنوس دانیشن بۆ ئەوانەش کە کۆنە بەعسی و جاش و طواری وموستشارو ئەمن و ئیتلاعات ومیت, تکایە نەیەنە ژوورەوە...!

لەگەڵ رێزدا

***ئەمە بەسەرهاتێکی واقیعیە. کوڕێکی گەنجی سلێمانی ساڵانی هەشتا بەهۆی گوێگرتنی لەرادیۆو دەنگی فەرهاد سەنگاوی دەچێتە شاخ و حاڵەتی حماسی وایلێدەکات کاتێك تازە دەچێتە شەرێکی قورسەوە زۆر دەترسێ وادەڵێت.**



## ((زۆڵە کوردەکان...!))

## (٣٧)

نازانم لە هەستکردنمانەدایە بە ژێردەستەیی وبێ مافی؟ یان بۆ گەورەکردنو زیادکردنی ژمارەی خۆمانە؟ کەوایلێهاتووە لە رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆ کوردیەکان دەبینینو دەبیستین, کە یەهودی و عەرەب، تورك، فارس، سۆدانی، سۆمالی، سویدی، مۆزەمبیقیو میسری وا دەکەین بەکوردو باوك وباپیری دەکەین بە بنەماڵەی رەسەنی (سلێمانیو هەولێرو کۆیە) هەر عەجیب شێواوە.

-پێرار وتیان (ئیسحاق مورداخای) وەزیری بەرگری ئیسرائیل کوردەو باوکی خەڵکی کارێزە وشکە...خوا رەحمی کرد, عەرەبەکان ئەم هەواڵەیان نەزانی, ئەگەر نا دیانووت ئا, بابە ئێمە دەڵێین پەیوەندیان هەیە, ئەوەتا خزمیشن. دوایش فشە دەرچوو..!

-بە ئەحمەد شەوقی شاعیری عەرەبیان وت؛ کوردە کەچی یەك شیعری نەك بە کوردی نییە, بەڵکو لە کوولەکەی تەرپێشدا باسی کورد ناکات.

-بە ئیبراهیم تاتلیساس دەڵێن! شازی کوردە، کەچی تا دوێنێ خزمەتی میتی دەکردو دەرچوو زۆڵە کوردە؟

-بە سەلاحەدینی ئەیوبیان وت کوردە، کەچی هەرچی چاکە بێ بۆ کوردی نەی بووەو هەبوونو نەبوونی چ لەمەسەلەی کورد دەگۆڕێ..!

-ئەم ماوەیە ئیلهام مدفیعشیان کرد بەکورد وترا, کە باپیرەی بەئەسڵ کوردە.

-بەمەهدی کەروبی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران دەڵێن با کاکە ئەوە بەئەسڵ کوردە.



-بە(عەلی رەزا افتغاری)(کە من خۆشم دەوێت) گۆرانیبێژی فارسیش دەڵێن کوردە, بەڵام هەر خەریکی دزینی ئاوازی کوردیەو ناوی دەنێ ئاوازی فارسی.

-بە ئیدوار شیفەرنادزەی سەرۆکی گورجستانیان وت بەئەسڵ کوردە .

-بەتەها محێدین مەعروفیان وت کوردە, کەچی زۆڵە کورد دەرچوو.

-بەزەردەشت دەڵێن کوردە, بە ئیبراهیمی پێغەمبەر دەڵێن کوردە، بە مەهدی داهاتوش دەڵێن بەئەسڵ کوردە، کە نیازی وایە لەچوارقورنەوە دەرکەوێت.

-تەنانەت وایلێهاتووە بە (عومەر حەسەن بەشیر)ی سەرۆکی سودان و (دانیال ئەرامبۆی) سەرۆکی کینیاو (رۆنالدۆ و یاسر عەرەفات و حوسنی موبارکیش) بڵێن کوردە..

ئەم بەزمە وایلێهاتووە چۆن رۆژانە موستەشارەکان دەکەینە ئەندام پەرلەمانو کوری حزب و شۆڕشگێر و تاقمە مەفرەزە تەواریەکان دەکەینە فەرماندە. خەریکە بەتەواوی پەرە دەگرێتو ناخۆش دەبێو خەریکە دەبێتە نوکتە تاوایلێهاتووە هاوڕێ تورکە ئێرانیەکەم کە خەڵکی تەبەرێزە, زۆرجار دەڵێ (بازگر) بەخوا وابزانم منیش کوردمو باوکم خەڵکی چەمچەماڵەو دایکم خەڵکی شەقڵاوایە..

دواتر دەڵێ؛ گەر وابێ دەبێ شاروانی سلێمانی پارچەیەك زەمینم بدەنێ..! ئێ خۆ منیش کوردم...!

## (( شۆفێنیێتی عەرەب ))

## (٣٨)

عەرەبە شۆفێنیەکان هێشتا سادەترین و بچووکترین ماف بەکورد رەوا نابینن, هێشتا پێیانوایە, گەورەترین کێشەی عیراق کوردەو ئەمریکا کورد هێناویەتی, کۆتایی هەموو حیکایەتە یۆتۆپیەکەشیان ئەوەیە, کورد ئیسرائیلی دووهەمە...!

ئێمە بەدرێژایی مێژوو شاهیدەی ئەو داگیرکاری و چەوساندنەوەیەن کەبەتایبەتی لەلایەن عەرەبی عیراقی و سوریەوەخراوەتە سەرکورد.

پرۆسەی بەدناوی ئەنفال بەهاوکاری (KGB)ی روسیو ولاتانی میسرو ئوردن و یەمەن و فەلەستین و بەپارەی شێخ نیشەکانی خلیج ئەنجامدراو بەشێکی زۆری کچان و ژنانی کوردیش وەکو کەنیزە بەئەوان فرۆشران و سەرئەنجام هەموو شتێکیان دژی کورد حەلالکرد.

سێ رۆژ پاش کارەساتی هەڵەبجە لە(١٦/٣/١٩٨٨)دا, کۆنگرەی ولاتانی ئیسلامی ئەوکات لەکوێت بەستراو, بەلام هەرگیز نەئیسلامیانەو نە ئینسانیانە نەئەخلاقیانە خۆیان لەقەرەی ئەم باسە نەداو سەری خۆیان وەکو حوشتر خستە ناوخۆیان

ئێستاش ئەم شەرو ئاژاوەو کوشتارەی عیراق بە (مقاومە) ناو دەبەن.

لەسەفەرێکی مانگی ئازاری ئەمسالدا بۆ (ئیمارات) رۆژێك سەردانی (یانەی رۆژنامەنوسی دوبەی) مانکردو لەوێدا بریاردرا دانیشتنێکی دوو قۆلی لەنێوان رۆژنامەنوسانی عیراق و رۆژنامەنوسەکانی ئەو یانەیە پێکبێت.





یەکێك لەوانەی کەخەڵکی میسربوو, تۆمەتی ئەوەی خستەپاڵ کورد و (تالەبانی وبارزانی) کەدەیانەوێت عیراق پارچەپارچە بکەن و داوای کەرکوك دەکەن.

بەلام دواتر من پێمووت، تۆ دەزانی بەشێکی زۆری قەیرانەکانی عیراق لەئەستۆی راگەیاندنی عەرەبیدایە, چونکە هێشتا کوشتارگەی بەغداو حلە بەمقاومە ناو دەبەن, لێم پرسی تۆ پێت خۆشە من ئەو کوشتارگانەی ئیخوان موسلمین بەمقاومە ناوبەرم؟

تۆ رازیت پشتگیری لەتیرۆریستان بکرێت لەولاتەکەتاندا؟ تۆ رازیت دەست بخرێتە کاروباری میسرەوە؟ دواتریش پێمووت؛ کورد هەرچی داوا دەکات هەقی مشروعی خۆیەتیو هێشتا زۆریش خاتری گرتوونو وتم چەند رۆژی تر نابات لە کوردێك دەبێتە سەرۆك کۆماری عیراق و ئەمەش ئەمری واقیعە.

ودەبێ زمانی کوردی ببێتە دووەم زمانی رەسمی لەعیرقدا, بەلام هەموو قسەکانی من یەکەم بەرئەوەی بەکوردی بون و دووەم حەقیقەت بوون.

رۆژنامەنوسی شۆفێنی میسری, نەیتوانی قبوڵیان بکات و ویستی هۆڵی کۆبونەوەکە جێ بهێڵێت.

بۆیە شۆفێنیێتی عەرەب لەهەموو شوێن ئامادەگی هەیە

**دوبەی –ئیمارات مارسی- ٢٠٠٥**





## (( گەندەڵی و جاشی تۆپیوو ))

## (٣٩)

ماوەی چەند رۆژە بەگەرمی باس لەدیاردەی گەندەڵی وبیرۆکراسی دەکرێت لەکوردستاندا. بەبۆچوونی من دیاردەکە زیاد لەپێویست پەرەی سەندووەو حالەتی مەترسیداری لێکەوتۆتەوە.

جاشی تۆپیوو کراوە بەشەهیدی نەمر, پیاوی پیر بەخاتری ژنە جەحێڵە گەنج و جوانەکەی کراوە بەکەمئەندامی شاخ, کچۆڵەی جوان لەبەرچاوی سەوزی, باوکی بۆکراوە بەشەهید تا لەزانکۆ وەرگیرێتو پێدەچێت کۆنە سەرۆك جاشی بەعسی (موستەشار) کرابێتە خانەنشین. لێپرسراوی دەرجە یەکی دەزگا خۆی تەندەرەکانی پرکردۆتەوەو بەرپرسێکی کارەبا, چونکە خۆی خاوەنی مولیدەیە, دەیەوێت خەڵکی بگێرێتەوە بۆ سەردەمی ئەمپێر وتاریکی.

لەمبارەیەوە (هینتنگتۆن) دەڵێ: (گەندەڵی یەکێکە لەو پێوانانەی پێوەری دامەزراوەی سیاسی کارامەی پێ دەپێورێ و ئەنجامی لادانی خودی نەریت و بەهاکانە لەشێوازی رەفتارە دامەزراو وباوەکان..)

بەپێی ئامارەکان ولاتە دواکەوتوو عەرەبی و ئیسلامیەکانی وەك (بەنگلادش _میسر _کینیا..) لەپێشەوەی ریزبەندی ولاتە گەندەڵەکاندان و ولاتانی ئەورووپاش لەخوارەوەی لیستەکەدان.

-سەرۆکی هاییتی (جان کلۆد) کاتێك بەفرۆکە رایکرد (٤٥٠) ملیۆن دۆلاری دزی و پێشتر (٥٠٠)ملیۆن دۆلاری رەوانەی بانکەکان کردبوو.

-سەرۆکی پێشووتری فلیپین (مارکۆس) پێش راکردنی (٣) ملیار دۆلاری دزیبوو, کە دەیکردە نیوەی بودجەی گشتی ئەو وڵاتەو تێکڕای سامانە دزراوەکەشی (٣٠) ملیار دۆلارە.

-سەدام حسێن و عودەیی و قوسەی تەنها لەداهاتی (نەوت بەرامبەر خۆراك) نزیکەی (٢) ملیار دۆلاریان دزیووە.

-دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەهاوکاری نوێنەرانی ئەنجومەنی حوکم لەعیراق. لەپاش روخانی سەدام (٨) ملیار و (٨٠٠) ملیۆن دۆلاریان بێ سەروشوێن کردووە.

گەر سەیری ئامارە نێو دەوڵەتیەکانیش بکەین, تێدەگەین لەوڵاتانی دواکەوتودا, چونکە سەرۆکی دەوڵەت وپەرلەمان وحکومەت و وەزیرەکان هەموویان خەریکی دزین و کەسانی شیاو دانەنراون و شەفافیەت نییە لە کارکردندا. دەزانین بۆچی لەناو لیستی جیهاندا (١٥) وڵات لەناو ریزبەندی ئەو وڵاتانەدان کە زۆرترین قەرزیان لەئەستۆیەو لەریزی وڵاتە گەندەڵەکانن.

(ئەرژەنتین, پۆلیڤیا, بەرازیل, شیللی, کۆلۆمبیا, ئەکوادۆر, ساحل عاج, مەکسیك, مەغریب, نایجیریا, پیرۆ, فلیپین, ئۆرگوای, ڤەنزویلاو یۆگسلافیای کۆن) لەساڵی ١٩٨١ (٣٣٤) ملیار دۆلار قەرزداربوون وساڵی ١٩٨٨ وتائێستاش رێژەکە (٤٧٧) ملیار دۆلار رووەو هەڵکشان چووە. بەتەنها مەکسیك ساڵی ١٩٨٢ (٨٠) ملیار و بەرازیل (٨٧) ملیار دۆلار قەرزداربوون. لە کاتێکدا هەردوو وڵات رێژەی گەندەڵی (٨٠٪)یە ئەو وڵاتانە بۆچی قەرزدارن..؟ کەس نازانێ, جگە لەوەی هەموو داهاتی وڵات سەرۆك و





حکومەت و چەند کەس بەتالانی دەبەن و گەندەڵی بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی.

مەبەستم لەم ئامارو پێشەکییە ئەوەیە بێمە سەر بارودۆخی کوردستان, بەپێی نوێترین لێکۆڵینەوە چەند مەرجی سەرەکی هەیە بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی(شەفافیەت, کادری هۆشمەندو شارەزا, سزای توند, ئاڵوگۆڕی دەسەڵات, رۆڵی راگەیاندن...) بەڵام لەکوردستان مەسەلەکە زۆر لەم شتانە خراپتر شێواوە:_

-هەرچی شەفافیەت بێ لەهەردوو هەرێم نییە بۆ کونی دەرزیش؛ باشە کێ دەزانێ ئەو (٦) ملیار دۆلارەی پارتی و یەکێتی وەریانگرت, چی لێهات و چۆن سەرفکرا...؟

-کێ دەزانێ ئەو (١.١٠٠) ملیار دۆلارەی لەپاشماوەی داهاتی نەوت بەخۆراك وەریانگرتەوە چی لێهات..؟

-کێ دەزانێ وەزیر و سەرۆکی حکومەت وسەرۆك پەرلەمان, چەند وەردەگرن و چی دەکەن..؟

-مەسئولێکی حزبی دەرچووە بۆ لێپرسراویەتی ناوچەیەك خوێندەواری نییەو ئەوانەی شهادەی شەشی سەرەتاییان هەیەو خزمی حزب و مەسئولن چونتە بورجی عاج و نایەنە خوارەوە رەنگە لەناویاندا وەزیریشی تێدابێت. کۆنە بەعسیەکان نیوەی دەزگا حکومیەکانیان تەنیوەو هەموویان مدیرن و لەوەش خۆشتر دوو مانگ جارێك خەڵاتی رێزلێنان وەردەگرن و دەکرێنە راوێژکاری وەزیر..!! سزاش تەنها بۆ پیاوی فەقیرەو تائێستا بەچکە مەسئولێك زیندانی نەکراوەو مەسئولی وایە خۆشی لەماڵەوە زیندانی دروستکردوە زیندانی هەیە..؟ ئاڵووگۆڕی دەسەڵات هەیە, بەڵام





لەبەرزەوە بۆ ببەرزتر. یەعنی گەر مەسئولێك لەدەزگایەکی پەروەردە دزی بکات و شتی لەسەر بێت لایدەبەن, بەڵام دواتر دەیکەن بەوەزیر...!

راگەیاندنیش قوربەحاڵی, چونکە هیچ کام لەمەسئولەکان جەریدەو گۆڤارەکان ناخوێننەوە ئەوە باسی (یاپراخ و لەفەخواردنی کچان و موبایلەکانیان و زەم کردنی خەڵکی و...هەر ناکەم) من دڵنیام بارودۆخەکە زۆر مەترسیدارە, گەر هەردوو ئیدارەکە دەیانەوێت چارەسەری گەندەڵی بکەن, دەبێ لەخۆیانەوە دەستپێبکەن وئەو پارانە بێنەوە کەبردویانەو چیدی فێڵ لەخەڵکی نەکەن و مەسئولەکانی خۆیان محاسبە بکەن.

نووسەرێك دەڵێ: (هیچ رژێمێك ناتوانێت داوا لەکەس بکات, پێڕەوی یاسا بکات ئەگەر خۆی دەق و رۆحی یاسا نەپارێزێت...!)

بەکورتی مەسەلەکە زۆر روونە چی دەڵێم وچۆن چارەسەر دەکرێ...

## (( گوڵان بۆ کۆکرایەوە ))

## (٤٠)

دواین ژمارەی گۆڤاری (گوڵان) کە لە ناوەراستی نیسانی (٢٠٠٥)دا بلاوکرایەوەو بەپەلە لەلایەن ستافی گۆڤارەکەو پارتییەوە کۆکرایەوەو نەیانهێشت کەس بیبینێت...!

گوڵان کە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی گشتییە (پ.د.ك) دەریدەکات, جگە لەوەی باشترین بلاوکراوەی پارتییەو یەکێکە لەگۆڤارە زۆرباشەکانی کوردستانەو هەمیشەش وتوومە (الوسطى) کوردیە, دیارە گۆڤاری (الوسط) پاشکۆیەکی هەفتانەی رۆژنامەی حیاتی لەندەنییەو گۆڤارێکی زۆرباشە.

★هۆکاری کۆکردنەوەی گۆڤارەکە ئەوەیە, کە سەروتارو رێپورتاژەکانی تایبەت بووە بە وەرگرتنی پۆستی سەرەك کۆمار لەلایەن تاڵەبانییەوە...!

★گەر ئەمە حاڵی یەکێتیو پارتی بێت, قوربەسەری داهاتووی یەکگرتنەوەی دووئیدارەکەی کوردستانەو پۆستەکانی عیراقو بەدیهێنانی فیدراڵی و وەرگرتنەوەی کەرکوك و مافی خەڵکی کوردستان.

★بەپێی دوا هەواڵەکان کە دزەیانکردۆتە دەرەوە, پارتی قسەی خۆی هەیە لەسەر تاڵەبانی, بارزانی ئامادەنییە سەرۆکی هەرێم وەربگرێت و جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق کە پۆستی یەکێتی بووە, پارتی ئەویشی دەوێت و نێچیرڤان بارزانی دەبێتە سەرۆکی هەرێمو وەزارەتی پێشمەرگەو داراییو ناوخۆ, کێشەیەکی گەورەی یەکێتیو پارتیەو پەرلەمان وەزعی لەجاران خراپترەو هیچی پێ ناکرێت...؟



★ئایە بۆچی وا دەکەن؟ ئایا مەترسی لەسەر کورد لە بۆسەدا نییە؟

ئایا لەم رۆژانەدا چەندین کەس شەقی چاکیان خوارد لەلایەن ئاسایشی پارتی و یەکێتییەوە لەسەر شەرەپەرۆی زەردو سەوز؟

ئایا یەکێتی و پارتی بۆچی هیچ حساب بۆ جەماوەرو حزبە کوردستانیەکان ناکەن و هەموو شتەکان ژێر بەژێر بەرێدەکەنو کەس نازانێ خەریکی چین...؟

★بە کورتی هیچ ئومێدێکی روون نابینرێ بۆ داهاتووی باشتری کوردستان, لەسایەی ئەم سیناریۆ چاوەڕوانکراوانەدا کە نەدەبوو روویدات.

بۆیە ئەم هەواڵانەو کۆکردنەوەی گۆڤاری گوڵان و راگەیاندنەکان هەردوولا دیسان ئاماژەیەکە بۆئەوەی کەهەردوولا نیازیان باش نییەو یەکخستنەوەی ئیدارەکانیشی کەخەڵك ئومێدی زۆری پێی بوو. خەریکە دەبێتەوە یۆتۆپیا.

★ئایا ئەم هۆکارانە, فاکتەرەکانی دەرەکین و دوژمنانتان نەهێڵن کورد بەمافەکانی بگات؟ یان مەسەلەکە پۆستو حزب و دووبارەبونەوەی تراژیدیایەکانی پێشترە.

★بەهەرحاڵ کۆکردنەوەی گۆڤاری گوڵان ئەگەر چی یەکەم کاری لەو شێوەیە نییە, بەلام لەئێستادا مەترسیەکی گەورەیە کەداهاتویەکی باشی نابێتو خراپی نیەتی لەپشتەوەیە, کەرەنگە بەم شتە بچووکانە دەستپێبکات.



## (( علوجستان ))

## (٤١)

-علوجستان, لەسەر وەزنی (کوردستان, پاکستان, کازاخستان و تاجیکستان) وشتی وەهایە, بەلام ناوی ولات نییە, ناوی گەڕەك و کۆمپانیاو شەریکە..نییە ولەسەر نەخشەی جوگرافیا ناتوانی شوێنێکی بۆدیاری بکەیت, چونکە هەر ماوەیە لەجێگەو شوێنێکە, بەلام دەتوانین بڵێین, پێگەی جوگرافی, کوردستانی عیراق -ئیدارەی سلێمانییە.

-علوج, بەو ئۆتۆمبێلانە دەوترێ, کە پاش رووخانی بەعس کەوتە دەستی خەڵکی عیراقو کوردستان وبەتالانبران, علوج, یەعنی خاوەنی نییەو سەنەوی و رقمی نییە.

جۆری علوج زۆرە لەبابەتی (مۆنیکا, پڵنگی شاخ) وخەڵکی سلێمانی دەیان ناوی تریان بۆ داناوە بەپێی بۆچوونی سیاسەتمەداران و دەزگای ئامار پێدەچێت (٧٠٪)ی علوج لە شاری سلێمانی و لەژێر خەڵکی سلێمانیدا بێت و کەم ماڵ هەیە یەکێکی نەبێ.

-لە رانیەو پشدەر هەر مەپرسە, لە هەولێر عەیبەیە. برادەرێکم هەیە دەڵێ, بەو خودایەی بێزو بە سیارەی علوجەوە دەکەم, وەلێ لەبەر لۆمەی خزمان ناوێرم بیکڕم..ئاخر کوو عەیبە...؟

-ئەم علوجانە, نەك تێکەڵی گەراجی قانونی نابن و زوو بۆخۆیان گەراجیان دروستکردو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندو چوونە لای گەڕەکی برایم ئەحمەد, بەلام حکومەت دەریکرد, چونکە شوێنەکەی شیاو نەبوو.

دواتر چوونە نزیك عەربەت, بەلام لەبەر مەغزەنەکانی (un) دەرکران و دواتر چوونە نزیك بازگەی عەرەبەت و لەبەرماڵی مەسئولێك دەرکران و

نەیانهێشت لەوێش بن، ئێستاش چوونەتە نزیك فرۆکەخانەی بەکرەجۆو گەر خوابکات لەوێش دەریان نەکەن.

-لەوەش خۆشتر هەر زوو گەراجی علوجەکان یەعنی( علوجستان) ئینشقاقی تێکەوت و بوونە دووبەش وجیابونەوەو خۆیان ناونا (علوجستانی باکور) کەزیاتر ئۆتۆمبێلی گەورەی لێدەفرۆشن (علوجستانی باشور) کە ئۆتۆمبێلی بچووکی لێ دەفرۆشن، بەلام هیچ لایەکیان ئیعتراف بەلایەکی تر ناکات و هەرکامیان ئیدارەو ئەنجومەن و جێگەو مانیفێستی تایبەت بەخۆی هەیە.

کەلێیان دەپرسن بۆچی دووکەرتبوون. نوێنەری باکورو باشور دەلێین؛ جا قەیدی چییە. ئەوەنییە ئیدارو حکومەتەکەشمان (١٠)ساڵە دووکەرتە هیچ زەرری نییە، بەلام هەردوولایان دەڵێین تائێستا (٣٥) جار دانیشتوین و گفتوگۆمان کردووە، بەلام نەگەیشوینەتە رێککەوتن.

-خاوەن علوجەکان دەلێن؛ ئەمە لەناوچاوانی سەدام حسێنەوەیە ئەگەر نا چۆن (ئەڤەلۆن)ێك بە(١٠٠) وەرقەیە.

-مەسئولەکانیش هەر زوو (لاندکرۆزو لەیلا عەلوی...)یەکانیان گۆری بۆ (مۆنیکاو ئەڤەلۆن) وئێستا گەر مەسئول بی و علوجت پێ نەبێ هەر عەیبە...

-لەهەمووشی خۆشتر. رۆژێك چەند حیمایەکی مەسئولێکی حزبی ئیسلامی بە مامۆستای ئیسلامی دەلێین؛ مامۆستا (مۆنیکا)مان بۆ هێناوی، سواری بی..!

-مامۆستاش تورە دەبێ و بەحیمایەکانی دەلێ! بمرن باشترە من چۆن سوار قەحبەی وادەبم وخۆم کافر دەکەم.
بۆمن بیل کلینتۆنی کافرم،حیمایەکانی دەلێن! کورە مامۆستا! مۆنیکا خۆی نییە سیارەی علوجە پێی دەلێن مۆنێکا، وەرە سوار بە...!





## (( دکتۆراو ماجێستر ))

## (٤٢)

-ئەو برادەرە لەبەر تەمەڵی وازی لەمەکتەب هێناو روویکردە شاخ، کەچی هەر زوو دوای راپەرین شازی شهادەی وەرگرت.

-ئەو خانمە بەسێ فەرە ئیمتیحانی شەشی سەرەتایی وسێ ناوەندی وشەشی ئامادەیی داو ئێستا نیازی ماجێستری هەیەو پشتی جەنابی وەزیری گرتووە.

-کاکم، یەك کتێبی پر لەماستاوی لەسەر حزب نووسی و بەیەك فەرە ماجێستری وەرگرتو دوایش یەکەم ناوبوو بۆ خوێندنی دکتۆرا قبوڵکرا.

-هەڤاڵێکی تر، نامەی دکتۆراکەی بەزەبری شەق بچرێو وهەرەشەی کردووە، کەدەبێ سەرۆکی زانکۆش جێ لەق کات.

-ئەو خانمە، بەهۆی ناسکیو ئەوەی کە باوکی مەسئوولە، ماجێسترەکەی لەزمانی عەرەبی وەرگرت وزمانی عەرەبیش نازانێ.

-یەك لیستیش رەفزیان بۆهاتەوە، چونکە نووسرابوو ئەمانە سۆسیالیست، زەحمەتکێش، یەکگرتوو، کۆمەڵ و کۆمۆنیست...ن.





## (( کلیپ ))

## (٤٣)

*برادەرەکەم، گەر شتێکی بەدڵ نەبێ و پەستی بکات، بەتایبەتی کە یەکێك شتێك بکات لێی نەیاتو شایەنی ئەو کارە نەبێت دەلێ: "کورە بابە بووە بەگاڵتەی منداڵە باساوەییان"

بۆنموونە دەلێ؛ موبایل، خاریج، سیارەو دڵداری، بووە بەگاڵتەی منداڵە باساوەییان.

* راست دەکات، منیش دەلێم وایە، بەتایبەتی بۆ گۆرانی وتنو کلیپ دەرکردن، بەراستی بوە بەگاڵتەی منداڵە با ساوەییان.

باوەرتان بێت جاری وایە کۆمەڵێك کلیپ و گۆرانی بەناوی (نوێ-تازە) لە کەناڵە کوردیەکان نیشاندەدرێت نەکلیپەو نەگۆرانی بێژن و نەکەس دەزانێ باسی چی دەکەنو نە نەغمەو ئاوازو شیعرو سرودە، بەکورتی شتی پروپوچو بێ مانایە.

بۆنموونە، لە سەر یەکێك لە گۆرانیەکان نووسراوە (گۆرانی و ئاوازو هۆنراوەو کلیپی (فلانە کەس) ئاخر خوا بتگرێ تۆ لەبەر تەمبەلی لە قوتابخانە دەرکرای و قوچاندت بۆ خاریج، ئێستا لە کوێ لێمان بووی بە (مۆزارات وبتهۆڤن) خۆت لێکردوین بەسوپەرمان.

ئاخر خوا بتگرێت، ئاوازەکەت لە قیرەی بۆق دەچێت، بەشەو هۆنراوەکەت! بۆ کچێکت نووسیووەو حەیای خۆت و هۆنراوەشت برد، دەنگیشت دەبێ لە ناچاریدا کەناڵەکە بگۆرێن و کلیپەکەشت هاتووی باسی وەرزی خەزان دەکەیت. کەچی تازە چواڵە چرۆی کردووە، باسی جودایی و لێکجودابوونەوە دەکەیت، کەچی کچێکی رەش پێستی

سودانيت هێناوه (٢٠٠) دۆلارت داوەتێ باوەشت پێدا كردووه.

له هەمووشی خۆشتر سیارەیەكی سپۆرت بەسور وەرگرتووه, خێرا خێرا دیمەنی شەمەندەفەرو تونێل و كۆترو حوشترمان نیشان دەدەی, یەعنی لەئەوروپام، كام بینای بەرزە رەسمت گرتووه، گواریەكت لەگوێ و زنجیركت لەملكردووەو دوو قوتو جێڵت لەقژت داوه و كابۆیەكی تەسك و تۆپەڵێك بنێشت, ئاخر خوا بتگرێت, كه خۆشت هیلاك دەكەیت منیش ئیزعاج دەكەیت و كاتی كەناڵێكی ئاسمانیش دەبەیت.بۆیه خالقیو رەزازی و غولامیو كاڵێ لەگزی خەریكه واز لەگۆرانی وتن دێنن.یاخوا خوا بتگرێت و پێغەمبەر ریسوات بكات...!!



## (( مزگەوت ومه یخانه ))

## (٤٤)

★لەهندستان بۆهەر (١٠٠٠٠) كەس یەك پزیشك هەیەو لەئەمریكا بۆ (١٠٠٠) كەس یەك پزیشك هەیه. له ئەندەنوسیا بۆ هەر (٦) كەس زورێك هەیه لەئەمریكا بۆ هەر (٢) كەس ژورێك هەیه, له ئەمریكا بۆ هەركەسێك (٢) خەتی تەلەفون هەیه, لەئێران بۆهەر (٢٠) كەس یەك تەلەفون هەیە ئەویش بەفلتەرو موراقبه و جاسوسییەوه.

★له كوردستان بۆهەر (١٠٠)كەس (١) مەسئولی دزهەیه.

بۆهەر (٥٠)كەس (١) خەتی مۆبایلی فشەكەر هەیه, بەلام بەم مەرجانه.

١-پەیوەندی تری لەگەڵدایه.

٢-الهاتف الذی طلبت مقفول او خارج نطاق الخدمة (فشەش).

٣-پەیوەندیەكەت جێبەجێ نابێ.

تەنانەت وایلێهاتوه خۆشەویستەكەم, دڵی لێ پیسكردووم و تورە دەبێ و دەڵێ ئەمشەو, سەعات(١٢) تەلەفونم بۆكردی, لەگەڵ چ كچێكی تر قسەت دەكرد..

هەرچەند سوێند دەخۆم و دەڵێم وەڵلا لەگەڵ كەس قسەم نەكردووه, بڕوا ناكات, بەكورتی جارجار لەسەر ئەم مەسەلەیە لێم عاجز دەبێ و تائاشتی دەكەمەوه یەك دونیا راوو رێوی دێنمەوه..!

★له كوردستان بۆ هەر (١٠٠٠٠)هەزار كەس ئاغایەك و بۆ هەر (٥٠٠٠) كەس بەچكه ئاغایەك

بۆهەر (١) گەرەكێك (١) موختاری حزبی, ماستاوچی, جاسەر بەیەكێتی یان پارتییه, له كوردستان بۆهەر (٢) خوێندكارێك (١) كتێبی كۆنەی ماڵداری هەیه و بەشێكی رەسمی كۆنی سەدام حسێنی پێوەماوه..!

★له كوردستان هەر (١) مەسئول و(١) وەزیر (٣) ژنی هێناوه, (١) هی سەردەمی شاخ و (١) هی دوای راپەڕین و (١) دوای پرۆسەی ئازادی عیراق و نیازیشانه دوای



وەرگرتنی فیدراڵی (١) دانەی تری بۆ زیادكەن وپاش دروستبوونی دەوڵەتی كوردستانیش (١)دانەی تر بێنێت واتا بیكەنە (٥) و بۆ هەر گەنجێك (١ ) ژن نییه, چونكه خانووی نییه و پارەی نییه.

★له كوردستان به (٧) مامۆستای شۆڕشگێر پارەی (١) كۆنە موستشار وەرناگرن كه تا دوێنێ و ئێستاش لەدڵی خۆیدا بەعسییه.

★له كوردستان به (٢٠) كەسی هەژار خانوویەكیان دەست ناكەوێت, بەلام فیرنەگولەی وا هەیه لەشەقامی سالم و جادەی عینكاوه (٢٠٠) شوقەو دوكان و خانووی هەیه..!

★له كوردستان بۆ هەر (١) نەفەر (٧) تاسەی بەردەكەوێت بۆ هەر (٢٣.٥٩) دەقیقه (١) سەعات كارەبای بەردەكەوێت, بەلام بەم مەرجانه.

١-سێ جار بڕان

٢-سوتانی گڵۆپێكت.

٣-وەسڵێیكی مانگانه بەبڕی (١٥٠٠٠)دینار.

٤- هێنانی یەك سەتڵ ئاو بۆدوكان و دەربەندیخان.

★لەكوردستان بۆ هەر (١) ناڕازیی بوون (٣٠) لیتر بەنزین وەردەگرن لەكوردستان بەهەر (٣) خوێندكار (١) كورسی دانیشتن بەهەر (٥٠) خوێندكار (١) ژوور بەهەر (١٠٠) خوێندكار (١) عەلادینی بەر دەكەوێت بەم مەرجانه.

١-نەوتی شیوا شۆك

٢-پلێتەی كۆن و بۆنی غاز

٣- گەر نەوت نەبوو ئیش ناكات.

★له كوردستان بۆ هەر (١) وەزارت (٥٠) رەسمی سەرۆك و سكرتێر.

له هەمووشی خۆشتر بۆ هەر (١٠) كەس مزگەوتێك بۆ هەر (١٠٠٠٠٠) كەس یەك مەیخانە ونادی و باڕ هەیه و ئەم رێژەیە بۆ هەولێرو دهۆك (زەربی )ی سێیەكه راسته..!

## ((موبايل وفرۆكەخانە))

## (٤٥)

تا ئەم ساتەش كە ئەمریكا هەرسێ وڵاتی (ئێران, كوباو كۆریای باشور)ی لەناو تەوەرەی شەڕو دوژمنی پلەیەكی خۆیدا داناوەو لەبەرنامەیدایە ئاڵووگۆڕ لەم سێ سیستمە سیاسیەدا بكات, بەڵام هەرگیز بوارو ڕەهەندە تەكنەلۆژییەكانی كە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەكات نەپچڕاندوەو هیچ كاتیش سانسۆرو فشاری لەسەر دروستنەكردون یان هەوڵی لەكارخستنیان بدات, بەڵكو ڕۆژ بەڕۆژ ئەم پەیوەندیانە لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە پەرەپێدەدات..!

گەر بزانین واشنتۆن دەتوانێ, زۆربەی هێڵی پەیوەندی تەلەفونو ئینتەرنێت ...بېڕێتو توانای هەیە زۆربەی ئەم سیستمانە ناكاریگەر بكات وپارازێتیان بۆ دابنێت.

*بەڵام لەكوردستان, ئەم بوارەش (تەكنەلۆژیای سەرەتایی) خەریكە بەدەردی سیاسەت دەچێت ودەبێتە قوربانی سیاسەتی هەردوو ئیدارەكە, دیقەت بدەن!

-(ئاسیا سێل)ی ئیدارەی سلێمانی, ئامادەنییە ونەبووە, پەیوەندییەكانی لەگەڵ سانا تێل, كۆڕەك تیلكۆم) ببەستێت...؟!

-(كۆڕەك تیلكۆم وئیدارەی هەولێر) گێچەڵ بۆ (ئاسیا سێل) دروستدەكەن وناهێڵن لەدهۆك وهەولێر كاربكات و خەڵكی بەهرەمەند بن...؟!

-(كوردتێل لەئیدارەی سلێمانی) پەیوەندییەكانی لەگەڵ (سانا تێل) دەپچڕێ و حساب بۆ بەشداربووانی ئەم كۆمپانیایە ناكات...!





*ئایە( ئاسیا سێل و كوردتێل) دوو كۆمپانیای ئەهلین؟ یان حكومین؟ یان وەكو خەڵكی دەڵێن, هی یەكێتی نیشتمانین...؟!

*ئایە( كۆڕەك تیلیكۆم و نۆرماڵی هەولێر) بەهەمان شكڵ و شێوەن, یان وەكو خەڵكی دەڵێت هی پارتی دیموكراتن...؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من بەڵگەی یاسایی و دروستم لانییە, بەڵام بەم بەزم ورەزمە بێ كەلەناو دووئیدارەكە بەڕێوە دەچێت وخۆیانی لێ ناكەن بەخاوەن, پێدەچێت ڕاست بێت, ئەگەرنا بۆچی ئیدارەی هەولێر, پاش چەند ڕۆژ ڕازەی بەشداربووانی ئاسیاسێل دەبڕێ و ناهێڵێت كار بكات...؟

بۆچی ئیدارەی سلێمانی ناهێڵێت( كۆڕەك تیلیكۆم وساناتێل) كار بكات...؟!

*پێدەچێت هەردوولا, داوای ئیمتاز (حەقەبەش بكەن) لەم سێ هێڵی موبایلە, واتا ئیدارەی سلێمانی لەكۆڕەك و ساناو هەولێر لەئاسیا سێل..! بۆیە هەموو هەوڵەكان بێ ئاكام بووە, گەر ئەم بۆچوونەش هەڵەبێت, كەواتە ئەوە ڕاستە كە هەركام لەم دووئیدارەیە, دەیانەوێت ئەو كۆمپانیایە لەناو سنوری ئیدارەكەی خۆیان كار بكاتو خەڵكی ئەوێ لێی بەهرەمەندبن و نابێ خەڵكی سلێمانی لە(كۆڕەك تیلیكۆم) و خەڵكی هەولێر (ئاسیا سێل) سود وەربگرن...!

*ئێستا باتێبگەین, كێ سەبەبكاری ئەم بارودۆخەیە, ئایا تەكنەلۆژیا ئاوا دەخرێتە خزمەت مرۆڤایەتییەوە...؟ ئایا عەولەمە ئاوا پەرەی گرتووەو جیهانێكی كردۆتە گوندێكی بچووك...؟

ئەوەچ عەولەمەیەكە, ناتوانی لەنێوان سلێمانی و هەولێر بە موبایل قسەبكەیت...؟





-بۆچی دەبێ بەقسە باس لەلیبرالیزم و بازاڕی ئازادو مافی شارۆمەند بوون بكەین, بەڵام ببینە نەگبەتی بۆ سادەترین مافی هاوڵاتی و شارستانی..؟!

-قسە ئەوەیە, دووئیدارەكە گەڵتەیان بەبازاڕی ئازاد دێت یان خاوەن كۆمپانیا بەناو ئەهلیەكان, خۆیان كردۆتە پاشكۆی ئەو دووئیدارەیە..؟! ولەپاڵ ئەوان وەك برابەش دەیخۆن و هیچ قسەیەكیان لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا نییە..؟!

*ئەم كۆمپانیایانە بەم شكڵەی ئێستا, متمانەی جەماوەر لەدەست دەدەن و گاڵتەش بە بەشداربووانیان دەكەن, گەر هەر بەردەوام لەپاشكۆیەتی دەسەڵاتدا بمێننەوە, یان قسە نەكەن, لەسەر ئەوەی فاكتەرەكانی ئەم قەیرانانە چییە..؟

*گەر هۆكارێك هەیەو دەستمان لەسەر دانا لەسەرەوە, باخەڵك بزانێ و بگەڕێت بەدوای ئەلتەرناتیڤێكدا, كەرەنگە زۆر ئاسان بێت, باكۆمپانیایەكی كۆری یان چینی, بێنە كوردستان و هێڵێك بڵاوبكاتەوەو كەهیچ كام لەئیدارەكان ڕێگری بۆ دروست نەكەن و بەشداربووان لەم كێشەیە ڕزگاربن و هەردوو ئیدارەش (٣٣٪)ی ئیمتاز لەو كۆمپانیا وەرگرن.

*بێگومان ئەم قەیرانەی موبایل, لەداهاتوی كوردستاندا, ڕەنگدانەوەی لەسەر هێڵی فرۆكەوانی نێوان سلێمانی وهەولێر دەبێت, ڕەنگدانەوەی لەسەر هێڵی شەمەندەفەرو..دەبێت و لەم تەكنەلۆژیا پێشكەوتوانەش بەهرەمەند نابین...!!

زۆر دوورنییە, گەر وا بڕوات, ئەو فرۆكەییەی لەنێوان فرۆكەخانەی بەكرەجۆو هەولێر دەست بەكاردەكات, خوا دەزانێ ڕۆژانە چەند بەزم بەفرۆكەوان و فرۆكەكەوە سەرنشینەنەكانی بكەن...!

## (( هەڵەی کۆمپیوتەر ))

## (٤٦)

خوا قبولّ ناکات، حکومەت زۆر مەشخولە، گەر وردە هەڵەش هەبێ لەکاروباردا. شایانی رەخنە نییە.

لـەم رۆژانـەدا. دووبـەزمی خـۆش لـەدوو دائـیرە روویداوەو یەکێکیان لەدائیرەی (... ):

کابرایە خاوەنی یەك خانووی شازو یەك پارچە زەوی دەبێ و...کەچی کاتێ چووە بۆ معاملە. پێیان وتووە تۆ فایلت نییە، چونکە هیچ شتێك بەناوتەوە نییە...

یەکێك لەکچەکانی دائیرەکە. وتوویەتی، چۆنە، هیچت بەناوەوە نییە. کابراش وتوویەتی: کچی باش پیاوی فەقیر , کەهیچی نەبێ فایلی بۆچییە؟

کچەکەش؛ وتبووی وەی بمرم بۆت.

رووداوی دووەم، بەپێچەوانەوە،لەدائیرەیەکی تـر، کابرایەك، پارچەیەك زەوی لەکونە کۆتر...بۆ دەرچووە، کاتێك چووە بۆ معاملە وفایلەکەیان بۆ دەرکردووە وتویانە؛ کاکە تۆ سێ خانوو و یەك مەعمەلی بلۆك و سێ پارچە زەوی و سێ سەیارەو یەك گەراجت بەناوەوەیە.

کابرا، وتویەتی؛ چییە، کچی باش رائەبوێری؟

کچەکە، وتویەتی؛ بۆکاکە دەتناسم. دەمناسی...؟

پاش گێرمەو کێشەیەکی زۆر کابرای فەقیر.

وتویەتی؛ ئێ دەباشە ئەوانەی بەناوی منەوەیە، بۆخۆتان تەنها من بکەن بە حەرەسی گەراجەکە....

کە چی ووتویانە هیچ نییە هەڵەی کۆمپیوتەرە...





## (( وەزیری ئێرە ..وەزیری ئەوێ ))

## (٤٧)

لەوڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، وەزیرو خەڵکی ئاسایی جیاوازی نێوانیان زۆرکەمە، وەزیر وەکو خەڵکی سادە دەژی، بەبێ حیمایە و مۆنیکاو قەسرو قەمەرەو پارەو...!

لەچەند رۆژی رابردوودا، دوو رووداوی سەرنج راکێش لەپاریس و دانیمارك روویدا؛ بەڵام سەد حەیف کە وەزیرەکانی دوو کابینە ئەم شتانە ناخوێننەوە؛

یەکەم؛ وەزیری خێزان لەدانیمارك(هنریتە کرژ) دەستی لەکارکێشایەوە، چونکە قەنەفەیەکی بەبڕی (٢٢٨٠٠) کرۆنی دانیمارکی کڕیوە، بەڵام پارەکەی نەبووە بیداتو دادگا بەتاوانبار لەقەڵەمی دا. ئەگەر چی مێردەکەی (کرژ) ویستی؛ قەنەفەو قەرزەکە بخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام خاتوو (کرژ) لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسییدا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە راگەیاند.

دووەم: لەم ماوەیەدا (هیرمینا گیمارا)ی وەزیری ئابوری و دارایی فەرەنسی ئەو شوقەیەی لەیەکێك لەگەڕەکەکانی پاریس بەکرێ گرتبوو، بەهۆی گرانی کرێکەیەوە چۆڵیکردو دواتر چووە خانوویەکی تروەوە، چونکە کرێکەی هەرزانترە ئەگەر چی باشیش نییە..!

هەرکەس ئەم دوو هەواڵەی سەرەوە بخوێنێتەوە وادەزانێ بۆ خۆشین و دورن لەراستییەوە، ئەگەر چی راستن، بەڵام ناحەقی نییە کە بڕواناکات، چونکە لە کوردستان، وەزیر عەیبە هەموو رۆژێك قات و کراسو بۆینباخی تازە نەکڕێت.

عەیبە زوو زوو سکرتێرەکەی نەگۆڕێ و کچی جوانی بۆ نەهێنێت، عەیبە دووسێ خانووی نەبێتو و دوو زەوی وەرنەگرێو دووسێ کۆمپانیای ژێر بەژێری نەبێو





لەگەڵ سێ‌چوار بەڵێندەر شەریك نەبێ و دوو مەعمەلی بلۆك و شەش کۆستەرو چوار گەلابەی نەبێت و دووسێ ژنی نەهێنابێت،

عەیبە پێنج و شەش مۆنیاکای نەبێت (علوج)و دە پانزە حیمایەی نەبێتو (BM)یەکی دوا مۆدیلیشی لەماڵەوە بۆ خێزانو کچەکەی لەگەراج رانەگرتبێت.

هەر عەیبە ژنو منداڵەکانی لێرەبن، یان پاسپۆرتی ئەوروپی پێ نەبێت، عەیبە گەر هەموو پارەکانی (دۆلار) تمەن، پاوەن، مارك، دراخما، لیرە) نەبێ.

هەر زۆر عەیبە چەند ملیۆن دۆلارێکی لەبانکێکی ئەوروپادا نەبێت و کورێکی یان کچێکی لەکۆلێژی ئێواران نەخوێنێت.

لێرە وەزیر، ئەوەندەی قەنەفە هەیە بەشی هەموو وەزیرەکانی فەرەنسا دەکات، خانوەکانی ئەوەندە زۆرە، گەر پاریسو کوردستان سنوریان هەبوایە، هەموو وەزیرو گزیرەکانی فەرەنسا کرێچی وەزیرێکی هەرێمی کوردستان دەبوون.

کێ دەڵێ؛ هەر ئێستا چەند وەزیرێکی فەرەنساو دانیماركو واشنتۆنو ئەڵمانیا کرێچی وەزیرێکی کورد نین..کەسیش نازانێ.

کاکە ئەم وەزیرانەی خۆمان هێندە کارڤایمن ناهێڵن کەس بەهیچ یان بزانێ، جا چ جای بۆ پارەو سەروەت و سامانیان لەهەمووشی خۆشتر، گەر وەزیر لێرە نەك قەرزداری قەنەفەو کرێ خانووبێ دەست لەکار ناکێشێتەوە، بەڵکو ئیفلاشیس بکات وازناهێنێ.

ئاخر کاکە خۆ ئێمە وەزیر نەبوین و نازانین چەند خۆشە وەزیری...

***تێبینی: ئەم باسە بۆهەموو وەزیرەکان وەك یەك نییەو پیاوی چاکیان تێدایە.**

## ((وەسڵ وئیمزا))

## (٤٨)

★ئەو دەزگا بەناو رۆشنبیرییە برپاریدا, وەفدێك بنێرێت بۆ هەولێرو (٢٠٠) هەزار دینار تەنها بۆ خەرجی رێگا سەرف بکرێت, تابچن کۆمەڵێك کتێبی (زۆرباش) بکڕن, بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو کتێبانە هەمووی لەسلێمانی هەیەو نرخەکانیشی دووقات حساب کراوە, لەهەمووشی خۆشتر ئەو کەسانەی کەچوون بۆ کتێب کڕین, دەڵێ؛ جا کاکە کێ بەکتێب خوێندنەوە بووە بەپیاو..! برادەرێکیش پرسیبووی ئەرێ کتێبەکانی یەشارکەمالتان کڕیووە..کاکی کتێب کڕ, وتبووی جا ئەو کۆنە بەعسیە چییە..؟

لەوەش خۆشتر, زیاتر لە(١٠) کتێبی سەدام حسێنی کڕیبوو بە(٥)دۆلار, گەر دەتەوێت کەسی رۆشنبیر بنێرێت بۆ پێشانگای کتێبی هەژدەهەمی تارانی نێو دەوڵەتی, گەر دەتەوێت گەندەڵی بنەبڕ بکەیت و بارودۆخی وڵات چاك بکەیت؛ فەرموو عینوانی ئەم بەرێزت بدەمێ وپلەیەکی تر بەرزی بکەنەوە..!

★تکایە دوو مێزی دائیرەم دەوێت, (١٥) کورسی و(٤) دۆلابم بۆ بارکە بۆ فەرمانگە؛

-ئەی حسابەکەی نەکەین....!

-حسابی ناوێت...

-چۆن..

-دووگەڵا زیاد بۆمن بنووسە وخۆشت سعرەکان دابنێ, بەڵام تکایە گەر ئێرانییە, بنووسە تورکییە؛ گەر دار





سپیدارە بنووسە گوێزە, گەر مۆدێلی (٢٠٠٠)ە بنووسە (٢٠٠٤)ە

ئەمە دیالۆگی بەرپرسی فەرمانگەیەکە لەگەڵ دووکانداریکدا..!

★گەر دەتەوێت سەرپەرشتی لیژنەیەك بکەیت بۆ شت کڕین فەرمانگەیەك و پارەیەکی چاك بخوێت.

دەبێ لەگەڵ شوێنێك ریکەوێت و پێی بڵێ؛ کاکە گیان سیعر موشکیلە نییە, بەڵام من خۆم (وەصڵ)ەکان پڕ دەکەمەوە.

-جا چۆن دەبێ..؟

-کاکەچوار جار ئیمزاکەی خۆتم بۆ بکەو خۆم رادەهێنم و مۆریکەو تەواو...!

-رێککەوتین..رێککەوتین..!

بەڵێ بەمشێوەیە, گەندەڵی چارەسەر دەکرێت...!

★دەبێ ئەوە بڵێم لەسەر ئەم گۆشەیە رووبەرووی گلەیی ئازیزو خۆشەویستم فەتاح زاخۆیی بوومەوە, کە ئەوکات وەزیری رۆشنبیری بوو.





## ((جاسوس و گەندەڵی دائیرەکان))

## (٤٩)

یەکێك لەو مەترسیانەی رووبەرووی دەوڵەت و دەزگا دامەزراوە حکومیەکان دەبێتەوە مەترسیەکی گەورە جێدەهێڵێت دیاردەی (گەندەڵی و بیرۆکراسیەتە)

ئەم دووخاڵە چەندە کێرڤی هەڵکشاو بەخۆیەوە دەبینێ، ئاکامی پاسیفی دەبێت و حکومەت و کۆمەڵگا بەرەو داوەشان دەبات. بێگومان پێچەوانەکەشی هەر راستە، تا ئەو رادەیەی حکومەت و کۆمەڵگایەکی شارستانی و مۆدرێن و یەکسان بەرهەم دەهێنێت.

★بە پێی نوێترین ئامار کە بڵاوکراوەتەوە، لەو لیستە نێو دەوڵەتیەی کەبە پلە بەندی وڵاتە گەندەڵەکان کراوە، وڵاتە ئیسلامی و عەرەبیەکانی (بەنگلادش، ئەندەنوسیا، نەیجیریا، میسر...) لەسەرەوەی لیستەکادان، بەڵام وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی (سوید، نەرویژ، دانیمارك، فینلەندە) لەخوار خواری لیستەکەدان.

★هەرکەس ئەم ریز بەندیە سەیربکات، بێ هیچ دوو دڵی و دارایەك پەسەندی دەکات، چونکە ئەو دوولیستە، جگە لەوەی خاوەنی دوو کلتوورو مۆراڵی جیاوازن، تاکی ئەسکەندەنافی خاوەنی کلتورێکی پێشکەوتوو پاکەو هەست بە لێپرساویەتی دەکات. بەپێچەوانەی تاکی کۆمەڵگای ئیسلامی و عەرەبی، کەتاسەر ئێسقان نوقمی گەندەڵی و بیرۆکراسی بووە تەنانەت پاپەندنیە بە رێساو ئاسمانی و مەزهەبیەکان . چ جای کلتوور مۆراڵ.

★بەنا خۆشحاڵیەوە، دەڵێم گەر وابڕوات، حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان دەچنە نێو ئەم

لیستەوە، تەنها بۆچونی من نیە، هەرکەس بڕوا ناکات دەتوانێ سەردانی چەندین فەرمانگەی هەردوو حکومەت بکات. جا دەزانێ چەندە گەندەڵی و بیرۆکراسیەت ناخی داکوتاوەو پەرەی سەندووە، بادوو نمونە بهێنمەوە:

-ئەو ڕۆژەش چوومە دائیرەیەك، خانمی کاربەدەست، ڕۆیشت نیو سەعاتی پێچوو تا هاتەوە، پاشان ژورەکەی پڕبوو لە مراجع پاشان موبایلەکەی هەڵگرت و یەك چارەك قسەی کرد. جارێکی تر چووە دەرەوە، پاش کەمێك وتی: کاکە بۆسبەینێ دەوام تەواو بوو..!

-ئەو برادەرەی ئیشەکەی بۆ نەدەکرا. ناچار ملی نا بڕواتەوە بۆ ماڵەوە. لەبەردەرگای دائیرەکە.

دەڵاڵەکەی بینی ، پاش سەعاتێك کارەکەی بۆ تەواو کردوو نەخت (٤٥٠٠) دیناری لێ سەند...

-هاورێکەمله هۆڵەندە هاتەوە. بۆ معاملاتی سیارەکەی چووە دائیرە، لێرە وتیان بڕۆ وەسڵە سورەکە بێنە، چووە ئیبراهیم خەلیل. لەوێ کچەکە وتبووی کاکە گیان لە سلێمانی پێیان ڕابواردووی. بۆیە سوێندی خوارد جارێکی تر نەیەتەوە بۆ کوردستان.

* ئەمانەی سەرەوە چیرۆکی تەتر ئامێز نین، خۆم دروستم کردبن، ئەمە کەمێکە پۆخڵەواتی دائیرەکانە، گەندەڵی ئیداری و بیرۆکراسیەت دایوەشاندوون.

*لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، دەرکەوت لێپرسراوێکی پایە بڵندی روسیا کاری بۆ (CIA)ی ئەمریکی کردووە، کاتێ پێیان وت بۆ جاسووسیت کردووە، وتی من جاسوسیەکەم ئەوەبوو تەنها کاری هاوڵاتیانم بە ئەنقەست دواخستووە کارەکانم بۆ نەکردوون. بەڵام دواتر هەر بە جاسوس زیندانی کرا.





*یەکێکە لەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتە خۆجێیەکەی یاسر عەرەفات بۆتەوە لەفەلستین گەندەڵی ئیداریەو خەریکە لەبەریەك هەڵدەوێشێت. یەکێك لەبەرپرسە فەلەستینیەکان، خەڵکی پرسیاری ئەوەی لێدەکەن چۆن بووە خاوەنی (٢٨) ملیۆن دۆلار.

*من دڵنیام لەکوردستان بەهەزاران خەڵکی دڵسۆزو دەستپاك هەیە، بەڵام مەخابن، کە هێشتا ئەوانە نەیانتوانیوە کۆنتڕۆڵی وەزعەکە بکەن بەسەدان لێپرسراوی حزبی و حکومی بونەتە خاوەنی(٢٨) ملیۆن دۆلارو کەسیش لێیان ناپرسێتەوە.

*گەندەڵی و بیرۆکراسیەتیەکی بەرفراون سەرجەم وڵاتی گرتۆتەوەو کار وابڕوات ئەوەی هەشمانە لەدەست دەچێت... بەڵام کێهەیە بەربەمکارانە بگرێ، دەسەڵات و حزب و حکومەت بەشداربن..!





## (( خاوەن فایلەکان خەڵات دەکرێن...! ))

## (٥٠)

ماوەی چەند مانگە کێشەی فایلەکان، بۆتە باس و خواسی گەرمی جەماوەری کوردستان و وردە وردە جاسوس و پیاوانی بەعس فایلەکانیان ئاشکرا دەکرێت.

ئەگەر چی واماندەزانی حزبی گەورەو دەسەڵاتدار . دەبێ پێشەنگی کوردایەتی و شۆڕشگێڕیش بێ، بەڵام بە پێچەوانەی لۆژێکی ئەخلاقیەوە خاوەنی زۆرترین جاسوسەو خۆفرۆش بوون، دڵنیاشم، هەرکام لە حزبەکان بەم مەسەلەیە نیگەرانن، چونکە لانی کەم، خەڵکانی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەریش هێشتا لەو حزبانەدا ماون، بەڵام لەوە دەچێ ئیتر ئەو حزبانە گومانی خەڵکی بن.

بەتایبەتی هێشتا حزبی خاوەن فایل ئامادەنیە هیچ ڕاگەیاندێك بەعەلەنی بلاوبکاتەوەو ئامادەنیە لەبەرچاوی جەماوەری کوردستان دادگایەکی عادیلانەیان بۆ بگرێ و سزای تاوانەکەنیان بگەیەنێ.

ئێ خۆ ئێوە لەشاخ ، چەندین پێشمەرگەرتان کوشت، لەشارچەندین هاوڵاتیتان خستە زیندان- لەسێدارەتان دان بە تۆمەتی جاسوسی...!

ئەی بۆچی ئێستا کەشتەکانی ژێر بەرە، خراوەتە ڕوو، ئەم شەهامەت و جورئەتەتان نەماوەو جاسوسەکان خۆتان ئیعدام ناکەن...؟

بۆچی نایدەنە دەست جەماوەر...؟ بۆچی...؟

بەخاتری ئەوەی خەبات و شۆڕشگێڕیەکەیان بۆ حساب دەکەن؟

بەخاتری باوك و شەهیدەكانیان، یان بۆ ئەوەی لایەنگرانتان كەم نەبنەوەو دوژمنەكانتان زیاد نەكات..؟ چونكە بە حسابی ئێوە سندوقی دەنگدان، جیاوازی جاسوس و نیشتمانپەوەر ناكات...!!

چونكە پێشتریش لەموستەشارەكان خۆش بوون و پاشان كردتانە فەرماندەو سەرلەشكر...!

دەبێ چەند شەرم بێت بۆ حزبێك كە هێشتا بەرگری لە جاسوس و خیانەتكارەكانی دەكات و خەڵاتیان دەكات..!

خەڵاتیان دەكات بەوەی بە شانازییەوە. پاسپۆرتیان بۆ دەكات و رەوانەی ئەوروپایان دەكات و دورنیە پارەی فیزەو بلیتی فرۆكەشی بۆ خەرج نەكردبن...!!

دیارە حزب مەبەستی لەم سیناریۆیە ئەوەیە بە بەردێك دووچۆلەكە بكوژێت. بەوەی خۆی لەگلەیی جەماوەر نەجات دەدات و جاسوسەكانیش وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچن لە ئەوروپاش هەر كوڕی حزبن و گەر داهاتوش لەباربوە وەكو خزمانی موستەشار. دەیانگێڕنەوە ناوحزب و دەیانكەنە فەرماندەو سەر لەشكر..!

بەم شكڵە كە حزب جاسوسەكانی بەناردنە دەرەوە بۆ خۆدزینەوە لە سزای جەماوەر نەجات دەدات.. دیسان گومان لەوەش دەكرێت كە خودی حزب و دەسەڵاتی حزبەكان ئاگاداریی ئەم مەسەلەیەن...!



## (( حكومەتی واناكرێت...! ))

## (٥١)

گەر حكومەتێك نەتوانێ لەماوەی (١٤) ساڵدا، كێشەی كارەبا چارەسەر بكات، گەر نەتوانێ بۆ تەنها وەرزی هاوینو گەرما (٢٤) سەعات كارەبا بۆ خەڵكی دوو پارێزگا دابینبكاتو هەموو گلەیەكانیش بخاتە ئەستۆی (خوا) كەبارانی نەباراندوەو بەربەستەكانی (دوكانو دەربەندیخان) ئاویان تێدانییە...!

گەر لەكاتی خەوتنی هاوڵاتیاندا لەقرچەی گەرمای نیوەڕۆدا كارەبا بكوژێتەوە و لەوەرزی زستانیشدا كەبەحسابی راگەیاندنی خۆتان دەڵێن فلانە گەڕەك ئاوبردی، نەتوانن لە(٦)سەعات زیاتر كارەبا بدەن بەخەڵكی...!

گەر گێچەڵ بەخەڵكی بكات، چونكە مولیدەی ئەهلی داناوەو كێبڵەكانیان خراپ راگواستوەو كێبڵەكانی كارەبای حكومی خۆشیان لەهی ئەهلیەكان باشتر نیەو كەچی ئێستا بێ هیچ عەیبەیەك پەشیمان بێتەوەو داوا لەخەڵكی بكات با خەڵك مولیدەی ئەهلی دابنێتەوە, چونكە ئەوان كارەبایان پێ دابین نابێت، چونكە (خوا) بارانی نەباراندوەو (خەڵك)یش هاوكاریان ناكات.

ئەمانە قسەی دووبەرپرسی كارەبای سلێمانی بوون رۆژی (٦/٢٨)...

(١٤) ساڵە بەخەڵكی دەڵێن، كارەبا چاك دەبێت.
مولیدەی وا دێنین مەپرسە
ویستگەی ( ٣٢kv)دێنین
تۆری كارەبا بە(با) دادەنێن



لەگەڵ كۆمپانیایەك (سویسری، فەرەنسی، سویدی) گرێبەستمان ئیمزا كردووە، كارەبا چاك دەبێت.

-تواخوا عەیب نییە ئەم هەموو (راوو رێویە) لەگەڵ خەڵكی كوردستان بكرێت...

-ئەی توخوا وەزارەتێك بەناوی (زل و بێ كارەبا) (وەزارەتی پیشەسازیو وزە) ئیشی چییە، ئەی بۆ وەزیرو بەڕێوەبەرو مەسئولەكانی دەست لەكار ناكێشنەوە.

و(وەزارەتی مولیدە ئەهلیەكان) دابنێتو تەواو...!

سەبارەت بە (ئاو)یش، بەزمەكە هەر وایە و جاری وایە یەك هەفتە ئاو ناچێتە تانكی ماڵانەوە.

وەزعی (بەنزین)یش لەئاووكارەبا باشتر نییە (نەوت)یش بەم هاوینە بەرمیلی (٤٥٠٠٠)دینارە خۆباسی (رێگاو جادە)كانیش ناكەین، ئەوەی هەڵكەندرا بەتەمامەبە چاكبكرێت.

ئێ باشە, توخوا حكومەت ئیشی چییە...

-كارەبای نییەو دەیخاتە ملی (خوا)

-ئاوی نییەو دەیخاتە ملی (بۆری شكاو)

-غازی نیەو دەیخاتە ملی (جەعفەری)

-نەوتی نییەو دەیخاتە ملی (سەدام حسێن)

-بایەعی نیەو دەیخاتە ملی (كوفی ئەنان)

-بەنزین نییەو دەیخاتە ملی (توركیا)

-بەس نییە نەبوونی (توور)و (كەرەوزیشی)ناخاتە ئەستۆی مۆزەمبیق..

بەخوا عەیبە ئەو هەموو درۆیە...!

بەخوا حكومەتیش وا ناكرێت...!

## ((ستراتیژیەتی کەرکوك))

## (٥٢)

ئەوکاتەی ئیسرائیل دروست کرا بریار درا واز لەفیکرەی ئۆگەندە بهێنرێتو جولەکەکان بگەرێنەوە بۆ ئورشەلیم، بەهەزاران جولەکە ولاتی روسیاو بەریتانیاو چەند شوێنێکی تریان جێهێشتو دەستیان لەهەموو ئیمتیازو دەستکەوتو داهات هەلگرتو روویانکردە ئیسرائیلو چوونە ژێر چادرو خێمەوە.

ئێستا کورد توشی کێشەیەکی سیاسی گەورە بۆتەوە لەکەرکوك بەوەی، چونکە بەعس لەپاش خۆی کێشەو قەیرانێکی زۆری لەم شارەدا جێهێشتووە، بەتایبەتی کێشەی تەعریبو تەرحیلکردنی خەڵکە کوردە رەسەنەکەیو بەپێچەوانەوە بەهەزاران خێزانی عەرەب هاوردەی لەو شارە نیشتەجێ کردووە، ئامارەکان دەڵێن لەساڵی(١٩٨١ ـ ٢٠٠٢)(٣٦٩١٢) خێزانی عەرەبی کە دەکاتە(٢٠٨٧٥٠)عەرەبی هێناوەتە کەرکوكو بەهەمان شێوە لەو کاتەوە(١٩٨٠ ـ ٢٠٠٢) (١١٥٩٧٢)کوردی لەو شارە راگواستووە.

قەیرانەکان تا دێت زیاد دەکات، بەوەی دەسەلاتی هاوپەیمانو حکومەتی کاتی عیراق، کێشەی کەرکوك بەهەڵبژاردن یەکلا دەکەنەوە، بەلام کوردە کەرکوکییە رەسەنەکان، تائێستا بەناچاری نەبێت ئامادەییان تێدا نەبووە بگەرێنەوە بۆ زێدی خۆیان لەکاتێکدا لەژێر فشاری هەردوو ئیدارەی سەوزو زەرددا، بریار وایە هەرچی خەڵکی کەرکوکە بگەرێتەوە شوێنی خۆی، بەلام مەخابن، ئیمتیازی شەخصی زاڵە بەسەر هەستی نەتەوەیی ـ نیشتمانیدا.





لەکاتێکدا رێگایان پێدراوە، خانوو موڵکی سلێمانیو هەولێر بفرۆشنو (٣٥٠٠)دۆلار وەر بگرنو هاوکاری بکرێن.

دیقەت بدە لەنێوان جولەکەیەكو کوردێك، ئەوی جولەکە وازی لەهەموو ئیمتیازێك هێناو گەرایەوە ولاتی خۆی، کەچی کوردەکانی کەرکوك، هەموو ئیمتیازێکی باشیان دراوەتێ ناگەرێنەوە..؟!

ئەوەش دیسان پەیوەستە بەهەستی نەوەیی نیشتمانییەوە ئەگەر چی هەموومان ئەو رستەیە دووپات دەکەینەوە کەرکوك شارێکی کوردستانییە، بەلام چۆن؟! کەهێشتا ئەم شارە لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە، گەر بزانینو ولاتانی دراوسێ بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن کەرکوك لەدەست کورد دەربهێننو مانگانە چەندین ملیۆن دۆلار لەم پێناوەدا خەرج دەکەن.

بەلام راستییەکی ئەوەیە، قسە شتێکەو واقیع شتێکە، بۆیە جگە لەهەست کردن بەمەسئولییەت، دەبێ یەکێتی و پارتی لانی کەم(٤٠٠ ـ ٥٠٠)ملیۆن دۆلار تەرخان بکەن بۆ گەرانەوەی کەرکوکییەکان، ئەگەرنا چۆن ئەرمینیا بەشێکی ناگۆرۆنۆ قەراباخ، هندستان بەشێکی کشمیری لەدەستدا، ئێمەش کەرکوك لەدەست دەدەین!

گەر ئەوەش بزانین لەعیراقدا سێ شار زۆر گرنگن(بەغدا ـ دڵی دەوڵەت کەرکوك شادەماری ئابووری عیراقو خاوەنی باشترین نەوتی یەدەگی جیهانی، بەسرە، رێگای ئاوی).

ئیتر دەبێ کورد لەگرنگی کەرکوك تێبگات..!!





## ((دوای هەڵبژاردن))

## (٥٣)

- بەزمی بەنزین دیسان بەرۆکی هاولاتیانی گرتەوە، ماوە ماوە قەیرانی سوتەمەنی سەرهەڵدەداتەوە.

+ئەی بەرزبوونەوەی نرخی کەلو پەلو خواردەمەنی نازانی چ بەلایەکە بۆ ئەو خەڵکە؟.

- با دەزانم بەس حوکمەتەکەمان ساوایەو دەرەقەتی ئەو هەموو قەیرانانە نایە.

+ راستە سەرقاڵی هەڵبژاردنە، بۆ ئەوەی کێشە هەڵواسراوەکان یەکلا بکاتەوەوە.

- جا باهەڵبژاردن؟!.

+ ئەی بۆ نا!

- قوربان جارێ دەبێ بارو گوزەرانی هاولاتیان باش بکات ئەو کات خەڵك...

+ خەڵکی چی؟ ئەمرۆ پرسی گرنگتر هەیە، ئەوەتا کەرکوك، مەسەلەی فیدراڵی(نەتەوەیی ـ جوگرافی)ئەوانە موهیم ترن!.

- دەی جا ئەگەر خەڵك دەنگ نەدا؟...

+ چۆن؟ دەبێ دەنگ بدەن، چونکە ئەرکێکی نیشتمانییە.

ـ ئەی دابینکردنی سوتەمەنیو کارەبا ئەرکی حکومەت نییە؟.

+ با........ با بەلام دوای هەڵبژاردن.

ـ دەترسم جەنابیشت فێڵمان لێبکەی دوای هەڵبژاردنیش، بڵێی بۆ دوای هەڵبژاردنێکی تر؟.

+ نا بەس دەنگ بدە بەدڵی تۆ دەبێ..

- زۆر گوێم لەو قسانە بووەو دەسخەرۆ کراوم هەر بۆ ورگو گیرفانی خۆتانە.

+ گوتم ئەوجارە بەڵێنەکەم راستە.

ـ باشە دەنگ دەدەم بەمەرجێك ئەو نوێنەرانەی دەستنیشانی دەکەن شایستەو رابردوو پاكو خزمەت بەخەڵكو نیشتمان بکەن... نەك..

+ نەك چی؟

ـ باشە با چارەی بارو گوزەرانو بەنزینو نەوتو دابینکردنی پێداویستی خەڵك بکەنەوە، ئەوکات زەروورە هەموو کەس دەنگ بدات.

## (( وەزعی رۆژنامەنوسی کورد باش نییە ))

## (٥٤)

رۆژنامەنوس کێیە...؟ رۆژنامەنوسی چییە؟ لەرووی تیۆری وپراکتیکیەوە بەوکەسە دەوترێت رۆژنامەنوس، کەکاری رۆژنامەنوسی کردۆتە پیشەو لەخزمەت کارەکەیدا رەنجی کێشاوە، شەونخونی کردووە ئەرك و پەیامێکی گەورەی بەجێگەیاندوە لەپێناو پیشەو وتنی راستیەکاندا.

رۆژنامەنوس، پیشەیەکی چەندە پیرۆزو گەورەیە، هێندەش قورس و گرانە، پیشەی رۆژنامەنوسی جگە لەئەرکی پیشەیی کارێکی نەتەوەیی و هیومانستی و مۆراڵیشە، چونکە ئەرکەکەی گەیاندنی پەیامی واقیعی و ئەخلاقیە.

رۆژنامەنوس، کەسێکە هەموو قۆناغەکانی رۆژنامەنوسی بڕیوە لە(هەڵەچنی، تایپیست، سەرپەرشتی کاری چاپخانە، بەرپرسی لاپەڕە، بەرپرسی بەش، سکرتێرو بەرێوەبەری نوسین، جێگرو سەرنوسەر) واتە هەموو کارو ئەرکەکانی رۆژنامەی کردووە.

بەڵام بەداخەوە، ئێستا وایلێهاتووە، رۆژنامەنوس و رۆژنامەنوسی، هیچ پێوەرێکی نەماوەو پیشەکە بوەتە جێگەی پرسیار ...!

لەپاش راپەڕین، تەنها رۆژنامەی حزبەکان هەبوون و رۆژنامەنوسی باش و رۆژنامەی باشیش کەم بوون. بەڵام دواتر وایلێهات هەردووسێ گەنج دەستیاندایە دەرکردنی رۆژنامەیەك بەبێ ئەوەی وەکو پیشە یان پەیامێکیان هەبێت یان دەرچووی ئەکادیمایەك بن.

یەکێك لەهاورێکانم (دوو) ژمارەی رۆژنامەیەکی دەرکردو خۆی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەریش بوو، کەلێم پرسی بۆچی واتکردو بۆ وازت هێنا؟

وتی: کاکە بۆ ئەوەیە دوارۆژ وەکو سەرنووسەر باسبکرێم...!

-دوو برادەری تر رۆژنامە دەردەکەن، بەڵام هەرکات پارەکەی کەوەریدەگرن لەخۆیان زیادبوو؟





-برادەرێکی تر پارە لەلایەنێك وەردەگرێت وقسە بەلایەنێکی تر دەڵێت و خۆشی بەرۆژنامەنوس دەزانێت.

بەکوردی وەزعەکە وایلێهاتووە، ناتوانی بە کەس بڵێی تۆ رۆژنامەنوس نیت، دەڵێ فەرموو ئەوە رۆژنامەکەم.

ئێستا کێشەکە وا گەورەبوە، سەندیکای رۆژنامەنوسانیش گیری خواردوە بەدەست ئەو هەموو رۆژنامەنوسە ناشارەزایەوە.

خۆم و هاوکارەکانم لەسەندیکا، رۆژانە دەیان داوای تازە دێتە لامان، تا بکرێنە ئەندام...

-رۆژنامەی وا هەیە پشتگیری بۆ (٣) کەس کردوە کە لای ئەو رۆژنامەنوسن لەلاپەرەی وەرزش بەمەرجێك لاپەرەی وەرزش لەرۆژنامەکەدا نییە .

-کەناڵی تەلەفزیۆنی واهەیە پشتگیری بۆ(١٠) کەس کردوەکە لای ئەوان کاردەکات . بەڵام نەك هەواڵسازنییەو عەرەبی نازانێت .بەڵکو ڕۆژی چوار وشە ناخوێنێتەوە.

-خانمی واپشتگیری بۆ کراوە ، رۆژنامە تەنها وەکو سفرە بەکاردەهێنێت.

-لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتەوە ، پشتگیری بۆ خەڵکانێك دەکرێت ، کە فەرمانبەرە، بەناوی بەشی راگەیاندن کە هەرنییە ...!

بە هەرحاڵ وەزعی رۆژنامەنوسی کورد جگە لەوەی باش نیە . گەر وابڕوات خراپتریش دەبێت ، چونکە ناتوانرێت رۆژنامەنوسی باش وماندوو لە خراپ و تازە جیابکرێتەوە، بۆیە ئەرکی پێشینەی سەندیکای رۆژنامەنوسان و وەزارەتی رۆشنبیری و خودی دەزگاکانی راگەیاندنیشە, کە پشتگیری لێ بکەن، کێ بە رۆژنامەنوس ناوەزەندبکەن .

برادەرێك گێرایەوە لە ولاتی یۆنان کە خاوەنی شارستانی جیهانە . بەقەدەر کوردستان رۆژنامەنوسی نییە ...





## سوپاس و پیزانین بۆ ئەم بەریزانە

***زیرەك کەمال و شەپۆل فەتحی کەریم، کەبوونە هۆکاری لەدایکبوونی ئەم گۆشەیە**

***نیان بەکر کەتایپی گۆشەکەی کرد**

***سەمیرە عەلی کەهەڵەچنی کرد**

***شاکار محمد کەدیزانی کرد**